# ژنان

خاکەلێوەی ١٤٠١

گۆڤاری "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان"ە

ئازادی بۆ ژن بەختیاری بۆ کۆمەڵ



مینا خانمی قازی
ژنێکی پێشەنگ
بۆ سەردەمی خۆی



زارا محەممەدی
کچەکوردێک
لەڕەگەزی هەتاو



باسێک لە
خۆراگرییەکانی
مۆژگان کاووسی



کێشەی سەرڕێگای
کچان و ژنانی ڕۆژهەڵاتی
لە باشووری کوردستان



مێژووی ئامێری
دەف» و فەلسەفەی»
«بازنەی «دەف

## ژنانی ڕۆژهەڵات پێشەنگی پاراستنی کولتووری نەتەوەیین

### پێگەی زنی کورد
### لە سیاسەتدا دوای ٧٦ ساڵ لە دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان


ژنان
گۆڤاری "یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان"ە
ئازادی بۆ ژن بەختیاری بۆ گەل
مینا خانمی قازی
ژنێکی پێشەنگ
بۆ سەردەمی خۆی
زارا محەممەدی
کچەکوردێک
لەڕەگەزی هەتاو
باسێک لە
خۆراگرییەکانی
مۆژگان کاووسی
کێشەی سەرڕێگای
کچان و ژنانی ڕۆژهەڵاتی
لە باشووری کوردستان
مێژووی ئامێری
دەف» و فەلسەفەی»
«بازنەی «دەف
ژنانی ڕۆژهەڵات پێشەنگی
پاراستنی کولتووری نەتەوەیین
پێگەی ژنی کورد
لە سیاسەتدا دوای ٧٦ ساڵ لە دامەزراندنی
یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان


ژنان
WOMEN
DEMOCRATIC WOMEN
UNION OF KURDISTAN
Mars 2022

# پێرستی بابەتەکان


| | |
|---|---|
| ل ٤ - | پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە |
| ل ٥ | پیرۆزبایی نەورۆز |
| ل ٩- | پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژن |
| ل ١٠- | پێگەی ژنی کورد لە سیاسەتدا دوای ٧٦ ساڵ لە دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان: |
| ل. ١٢- | مینا خانمی قازی ژنێکی پێشەنگ بۆ سەردەمی خۆی! |
| ل. ١٤- | دیدارێک لەگەڵ خاتوو عیسمەت نستانی یەکێک لە دامەزرێنەرانی گۆڤاری «ژنان» |
| ل. ١٤- | پێشێل کردنی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی دەسەڵاتداریدا |
| ل.٢٢- | زارا محەممەدی کچەکوردێک لەڕەگەزی هەتاو و لە بەندی تاریکپەرستاندا |
| ل. ٢٤- | خۆفی حکوومەتی ئێران لە چالاکوانانی مافی ژنان |
| ل.٢٦- | دانیشتنی کۆڕبەندی نێونەتەویی گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی IPCC |
| ل. ٢٧- | ڕۆڵی ژن لە شۆڕشی ڕزگارید |
| ل.٢٨- | کێشەی سەر ڕێگای کچان و ژنانی ڕۆژهەڵاتی لە باشووری کوردستان |
| ل. ٣٠ | ترنس بە کێ دەڵێن ؟ |
| ل. ٣٢- | باسێک لە خۆڕاگرییەکەنی موژگان کاووسی |
| ل.٣٤- | ژنێک لەوپەڕی ورە و باوەڕەوە |
| ل.٣٦- | باسێک لە ڕۆمانی گرەوەی بەختی هەڵاڵە |
| ل. ٣٨- | مێژووی ئامێری «دەف» و فەلسەفەی بازنەی «دەف» |
| ل.٤٠- | شیلان گیلانی: بۆ نووسینی کتێبی (ژنانی کورد) ڕۆژووی فەرهەنگیم گرت |
| ل. ٤٢- | کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبی شیلان گەیلانی و چەند هۆندراوەی |
| ل.٤٤- | عاشقانی وڵاتی خۆر |


## دەستەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان


ژمارە ٥٦ی گۆڤاری ژنان
ئۆرگانی یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان

بۆ پێوەندی کردن
بە یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان:
y.jnan.dk.@gmail.com

009647518770093

دیزاینی گۆڤار:
نەسرین یوسفزادە
بەرگ:
ئاگری باڵەکی

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە




دامەزرانی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان ٧٦ ساڵ بەر لە ئێستا بەرهەمی هەلومەرجێکی دێموکراتیک و سەرۆک کۆمارێکی لێهاتووە، کە لە قۆناغێک دا دەرکی بە پێویست بوونی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان کردووە. کە لەو کاتەدا کۆمەڵگەی کوردەواری تەواو فیۆدالی و سونەتی بووە و مافی ژنان تەنانەت لە وڵاتانی دەوروبەریش گرنگی پێ نەدەدرا. بەڵام لە حکومەتە تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکەی کۆماری کوردستان و بە دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوەیە بایەخدان بەو پرسە بە ڕوونی دەردەکەوێ. ئەوە لە حاڵێکدایە کە دەبینین لە سایەی حکومەتە دیکتاتۆرەکان چ لە سەردەمی پاشایەتی چ سەردەمی کۆماری ئیسلامی دا ئەو ڕێکخراوە لە مافی چالاکی خۆی بێبەش کراوە ولە زۆربەی قۆناغەکان تەنیا ئەو بەشە لە ژنان کە لە دەرەوەی ئێران بوون توانیویانە تێیدا چالاکی بکەن و کارو چالاکی یەکیەتیی ژنان لە چوارچێوەی جوگرافیایەکی بەرتەسکدا بووە.

بەخۆشییەوە لە ئێستادا بە هۆی بوونی ئیمکاناتی زیاتر و هەروەها هەست بە بەرپرسایەتی کردنی زیاتری ژنان لەو پێوەندییەدا ژنانێکی زۆر زیاتر تەنانەت لە نێوخۆی وڵاتیش توانیویانە لە دەوری ئەو ڕێکخراوە پێکەوە تێبکۆشن وڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خەتی کاری سیاسی ئەو یەکیەتییە دابڕێژن، ئەوەش گەرانەوە بۆ ئەو پاشخانەیە کە لە شوێنی لە دایک بوونی دا هەیەتی.

دوای ٧٦ساڵ لە دامەزرانی یەکیەتیی ژنان و هەوڵەکانی ژنان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان، ئێستاش بەشی کەمی مافەکانیان دەستەبەر بووە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و بوونی یاسایەکی دژە ژن. کۆماری ئیسلامی ئێران هەر لەگەڵ هاتنە سەرکاری قۆڵی لە ئەستاندنەوەی مافەکانی ژنان هەڵمالی و ژنانی ناچار بە پەیڕەوکردنی ئەویاسایانە کرد کە زۆر بەبێ بنەماو دژە ژن دایڕشتبوون.

هەر بەوەش نەوەستاو ئەو دەسکەوتانەی کە لەسەردەمی پاشایەتیش بەدەستیان هێنابوو لێیان بێبەش کران و ئەرکی ژنانیان لە چوارچێوەی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ پێناسە کرد. پاش چوار دەیە لە ستەم و چەوساندنەوەی ژنان، تا ئێستاش لەئێران ژنان لە نێوان شەڕی سوننەت و مۆدێرنیتە دەبنەقوربانی و دەسەڵاتی ئایینیی شەرعییەت بەو پێشێلکارییانە دەدا.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژنان وێڕای ئەوەی لە ژێر باری ستەمی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر دەناڵێنن، لە ژێر تەوژمی سێ لایەنەی ئایینی و نەتەوەیی پیاوسالاریدان. سەرەڕای ئەوەش ژنان هیچ کات لە تێکۆشان نەوەستاون ولە بەرابەر ئەو زوڵم و زۆرانە ڕاوەستاون و چۆنی بۆیان لوابێ ئەو خەباتەیان بەرەو پێش بردووە. مەیداندرای و تێکۆشانی ژنان لە بوارە جیاوازەکاندا بزوتنەوەی ژنانی بردۆتە قۆناغێکی دیکە و لە ئێران هەر بزوتنەوەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی لە ئارادابێ ناتوانێ ژنان نادیدە بگرێ و بەشدایارن نەکا چون هێزی ژنان ئێستا چارەنوس سازە.

دیاربوون و زیندوبوونی بزوتنەوەی ژنان ئەرکی زیاتر دەخاتە سەر ڕێکخراوەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێمان وایەپێویستە کە ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات زیاتر لە پێشوو هاوئاهەنگ و لەسەرخەت بێ بۆ بابەتەکانی پێوەندیدار بە پرسی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ٢٤ی ڕەشەمە جارێکی دیکە پەیمان لەگەڵ ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە بە تایبەت دوو سکرتێری ڕێکخراوە، شەهید سووهەیلا قادری و نەسرین حەداد تاگەیشتن بە ئامانجەکانیان نوێ دەکاتەوە.

دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان
٢٤ی ڕشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی



# نەورۆزنامە

بە بۆنەی هاتنی نەورۆزی ٢٧٢٢ی کوردی و،١٤٤١ی هەتاوی گەرمترین و ڕازاوەترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەشی هەموو ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان خەڵکی ئاازادیخوازی کوردستان, بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەمان و سەرجەم ژنان و پیاوانی یەکسانی خواز دەکەین.

نەورۆز لەگەڵ ئەوەی دەستپێکی ساڵی نوێ و نوێبوونەوەی سرووشت و کۆتایی وەرزی سەرما و سەخڵەتە، هاوکات بۆنەیەکی نەتەوەیی و لەمێژینەی گەلی کوردە کە وەک ناسنامە و سامانێکی نەتەوەیی بۆمان ماوەتەوە و هیچ یەک لە دوژمنانی نەتەوەکەمان نەیانتوانیوە ئەم ناسنامە نەتەوەییەمان لێ بسڕنەوە یاخود کەمڕەنگی بکەنەوە. نەورۆز بۆتە ڕەمزی گەشانەوە، ژیانێکی نوێ, تەبایی و یەکگرتن و سەرهەڵدان.
ژنان لە پاراستن و زیندوو مانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە و ئەمساڵیش لە بەڕێوەچوون و گرتنی جێژنی نەورۆز، ئەو بۆنە نەتەوەییەدا بەشداریان و نەخشیان دیار و بەرچاو بوو بە جۆرێک کە لە زۆربەی هەرە زۆری گوند و شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ژنان پێشەنگی هەڵگیرسانی مەشخەڵی ئاگری نەورۆز بوون.



**سڵاو لە ئازایەتی و بیروباوەڕی نەبڕانەوەی ژنان**

**نەورۆزتان پیرۆز و مەشخەڵی خەباتتان تا وەدیهاتنی ئامانجەکانمان هەر وەک مەشخەڵی نەورۆز گەشاوە بێ**

**یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان**

**خاکەلێوەی ٢٧٢٢ی کوردی**

**١٤٠١ی هەتاوی**

# پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان

٨ی مارس ڕۆژێک کە بوو بە ڕەمزی خەباتی ژنان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی. ڕێزگرتن لە ٨ مارس ڕێزگرتنە لە خەباتی ژنان بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەیەک کە بە هۆی سیستەمی پیاو سالارییەوە بە سەریاندا سەپاوە. خەباتی ژنان پەیوەست نییە بە ٨ی مارسەوە، بەڵکوو ٨ی مارس بووە بە ڕەمزی خەباتی ژنان دژ بە چەوسانەوە.

٨ی مارس لە ڕۆژ ژمێردا تەنها ڕۆژێکە ، بەڵام لە خۆیدا هەڵگری مانایەکی قووڵە. هەڵگری مێژوویەک خەباتە دژ بە چەوسانەوە .

ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان کە پێشووتر بە ناوی "ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنانی کرێکار" دەناسرا، ساڵوەگەڕی ڕۆژێکی مێژووییە بۆ ژنان لە سەرانسەری جیهاندا بە مەبەستی وەبیرهێنانەوەی خەبات و ماف و دەستکەوتەکانی ئەمڕۆی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، یاسایی، ئابووری و هتد. یەکەمین ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی ئەم بۆنەیەیش لە ٢٨-٢-١٩٠٩ لە شاری نیۆیۆرکی ئەمریکا بەڕێوە چوو. هۆکاری بەڕێوەچوونی ئەم بۆنەیەش، بۆ ڕووداوی مانگرتنی "یەکێتیی جیهانیی ژنانی کرێکاری پیشەسازیی جلوبەرگ"، لە ساڵی ١٩٠٨ بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین لە هەمبەر هەلومەرجی نالەباری کاری کرێکارانی ژن و نایەکسانی و کەمبوونی مووچە دەگەڕایەوە.

هەرچەندە خەباتی ژنان تەنیا لە بواری کار و ئابووریدا نەبووە، بەڵکوو لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا، بەتایبەتی وڵاتە پیشەسازییەکاندا، گۆڕانکارییەکان بوونە هۆی بەشداریی زیاتری ژنان لە بواری گشتیدا و، بەم پێیەش ژنان داوای جێگیرکردنی یەکسانی لە ماف و ئەرکەکانیاندا دەکرد. بۆیە سڕینەوەی چەوساندنەوە و جیاکاری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مافی بەشداریی سیاسی، بووە داواکاریی سەرەکیی ژنان.

مێژووی ئەم بۆنەیەش بۆ ڕۆژی ٨ی مارسی ساڵی ١٨٥٧ دەگەڕێتەوە کە ژنانی کرێکاری پیشەسازیی جلوبەرگ لە شاری نیۆیۆرک بە مەبەستی باشترکردنی باروودۆخی کار و زیاترکردنی مووچەکانیان خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.

هەرچەندە لە سەدەی بیستەم بە هۆی پێشکەوتنە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازی لە جیهانی هاوچەرخ، دەرفەت بۆ بەشداریی ژنان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی فەراهەم بوو، بەڵام لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا تاوەکوو ئێستا ئەم ڕۆژە بەپێی گۆڕانکارییەکان و، هەروەها پرس و بابەتە گرنگەکانی نێوخۆی دەوڵەتان و هەلومەرجی نیودەوڵەتی وەکوو شەڕ، جیاکاری، بێبەشبوون و سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری، بۆتە سەکۆیەکی یەکگرتوویی و سیمایەکی نارەزایەتی دەربڕینی ژنان لە هەمبەر ئەو ڕووداو و باروودۆخە نالەبارانە.

لە پاش شەڕی جیهانی و بە هۆی بەرفراوانبوونی بزووتنەوەکانی ژنان لە سەرتاسەری جیهان، بەتایبەتی لە دەیەی ٦٠ی زایینی سەدەی ڕابردوو، لە ساڵی ١٩٧٥دا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو ساڵەی بە ساڵی نێودەوڵەتیی ژنان ڕاگەیاند. پاشان لە ساڵی ١٩٧٧ ڕێکخراوی یۆنێسکۆ (UNESCO)ی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی ٨ی مارسی وەکوو "ڕۆژی جیهانیی ژن" ناساند.

ژنان بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان لە ڕابردوو و لە ئێستاشدا لە خەبات بەردەوامن. دەتوانین بڵێین مافی ژنان ئاماژەیەکە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ماف و ئازادییانەی کە بەیەکسانی لەگەڵ پیاوان لە کۆمەڵگەدا هەیانە، کە لەوانەیە بە هۆی بەستێن و باروودۆخی تایبەتی کۆمەڵگەکان بەپێی یاسا و ئایین و ئەخلاق و بەها و نۆرمە کەلتووری و مێژووییەکان پێشێل کراوە و دەکرێت.

هەرچەندە بەپێی جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و یاساکانی تایبەت بە نەهێشتنی جیاکاری و چەوساندنەوەی مرۆڤ و ژنان، هەموو مرۆڤەکان ئازاد و یەکسانن، بەڵام واقعی دەوڵەتان و کۆمەڵگەکان پێچەوانەی ئەوەمان پێ دەڵێن.

ئەو بەربەستانەش ئەگەر لە پێشووتردا زیاتر یاسایی بوون، لە ئێستادا زیاتر کەلتووری و کۆمەڵایەتین. بەم واتایە کە بێجگە لە نموونەی وڵاتانی ئایینی (بۆ نموونە ئێران ، ژنان لە ڕووی تیۆرییەوە دەرفەتی ئەوەیان هەیە کە ببنە خاوەن هەموو ماف و ئازادییەکانیان، بەڵام بەربەستەکان تەنیا یاسایی نین. بۆیە کەلتوور و ئایدیۆلۆژیی زاڵی هەر کۆمەڵگەیەک، دەستنیشانی سەرەکیترین مافەکانی ژنان کە خەباتی بۆ دەکەن، دەکات.

خاوەنداریتی و سەربەخۆیی لە ڕووی جەستەییەوە یەکێکە لەو مافە سەرەتایانەی کە ژنان ساڵانێکە خەباتی بۆدەکەن.

دەتوانین بڵێین ئەو مافە تاوەکوو ئێستا بە هۆی جیاوازیی نێوان کەلتوور و کۆمەڵگەکان سەرەڕای یاسای دەوڵەتان، بەتەواوی نەهاتۆتە دی. ئەمەش لە هەر کۆمەڵگەیەک گرێدراوی چەندین چەمک و بواری دیکەیە وەکوو ئەخلاق، بنەماڵە، ئایین، کەلتوور و هتد. هەرچەندە لە وڵاتانی پێشکەوتوو تا ڕادەیەکی زۆر ئەم مافە بۆ ژنان دەستەبەر کراوە، بەڵام تەنانەت لەم دەوڵەتانەشدا جەستەی ژنان وەکوو تابۆ و هێڵی سوور دەناسرێت و ئەخلاقی گشتی و کەلتوور و ئایین لەم ڕووەوە، بۆ سنووردارکردنی ژنان یارمەتیدەر بوون.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت کە لە لایەن بزووتنەوەکانی خودی ژنانیش ڕەخنە لە سیستەمی سەرمایەداری دەگیرێت کە جەستەی ژنان وەکوو کاڵایەک لە خزمەت بازاڕدا سوودی لێ وەردەگیرێت؛ بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە خودی ئەم سوودوەگرتنە و بەبازاڕکردنی جەستەی ژنانیش، بەرهەم و پاشماوەی ئەو کەلتوورەیە کە ژنان وەکوو کاڵایەکی تایبەتی پیاوان مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و پیاوان دەتوانن خاوەنداریتی بکەن. بەڵام دەستەبەرکردنی ئەم مافە بۆ ئاستی پێگەیشتوویی کۆمەڵایەتی و کەلتووری و تەنانەت پێشکەوتوویی ئابووری و سیاسیی دەوڵەتان و کۆمەڵگەکان دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە ئێستاش لە کوردستان و وڵاتانی دواکەوتوو جەستەی ژنان




و کچان، بە موڵکی تائیفە و خێڵ و ناموسی پیاوان و کەسە نزیکەکانیان هەژمار دەکرێت. بۆیە کوشتن لەسەر ناموس سەرەڕای ڕێگەپێنەدراوبوونی لە ڕووی یاساییەوە، هێشتا وەکوو دیاردەیەک دەبینرێت و بەردەوامە. بۆیەشە کە ئەو مافانەی ژنان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئاستی تێگەیشتوویی پیاوان و نۆرم و بەها ئەخلاقی و ئایینییەکانی کۆمەڵگەکەیانەوە هەیە.

دەنگدان و بەشداریی سیاسی یەکێکیترە لەو مافانەی کە ژنان تاوەکوو ئێستاش وەک پێویست نەیانتوانیوە ئامانجەکەیان بپێکن .

مافی دەنگدان بە واتای بەشداریی ژنان لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی هەر دەوڵەتێک دێت، کە دەتوانین ئەم مافە بە یەکێک لە گرنگترین مافەکانی ژنان بزانین کە بۆ دەستەبەرکردنی بزووتنەوەی ژنان خەباتیان بۆ کردووە. ئەم مافە بە سەرەتای یەکسانی سیاسی و بەشداریی سیاسی ژنان دادەندرێت. بۆیە هەم خەباتی ژنان بۆ ئەم مافە درێژخایەن بووە و، هەمیش گرنگیی تایبەتی هەبووە لە دەستەبەرکردنی مافەکانی دیکەی ژنان؛ بەو پێیەی ژنان بەشدار بوون لە کاروباری یاسایی و سیاسی دەوڵەتان و دەستەبەرکردنی مافەکانی دیکەیان یاخود گۆڕانکاری لە بوارەکانی دیکە دا. بۆیە زۆربەی بزووتنەوەکانی ژنان لەو باوەڕەدا بوون، کە سیاسەت لە لایەن پیاوانەوە قۆرخ کراوە و، هەربۆیە دەتوانن دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ژناندا بسەپێنن.

ژنان هەر لە سەرەتای هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیان بۆیان دەرکەوت، کە بەبێ دەستەبەرکردنی مافی پەروەردە و خوێندنی یەکسان لەگەڵ پیاوان، ناتوانن داوای یەکسانی لە بوارەکانی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایی بکەن. بێجگە لەوەش زۆربەی بیرمەندانی پێشڕەوی ژن لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە نەخوێندەواری، یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی دواکەوتوویی و چەوساندنەوەی ژنانە. بۆیە پێیان وایە کە پیاوان بەمەبەست ژنانیان بێبەش کردووە، کە لە دۆخێکی دواکەوتوواندا بمێننەوە. ئەزموونی

وڵاتانیش ڕاستی و دروستیی ئەو بڕوایەی ژنانی نیشاندا.
مافە مەدەنییەکان؛ مافی هاوسەرگیری، جیابوونەوە و بەخێوکردنی منداڵ، ئەو مافە یەکێک لەو بابەتانەیە کە پڕ لە کێشە و مشتومڕی کۆمەڵگە و دەوڵەتانە، کە بە هۆی جیاوازییان لە ڕووی کەلتووری و کۆمەڵایەتییەوە یاساکانی وڵاتان جیاوازییان هەیە. بزووتنەوەکانی ژنان لە زۆربەی کۆمەڵگەکان ڕووبەڕووی چەندین بەربەست بوونەتەوە. بۆیە ناتوانین بڵێین ئەو مافە بەتەواوی بۆژنان دەستەبەر بووە. بەڵام بەپێی پێشکەوتوویی و دیموکراتیک بوونی وڵاتان، ژنان توانیویانە وەکوو بەشێک لە مافەکانی خۆیان بیناسێنن. بەڵام لە وڵاتانی دواکەوتوو و خاوەن کەلتوور و بەهای ئایینیی جیاواز، ئەو مافانە بەتەواوی بۆ ژنان دەستەبەر نەکراون. بۆیە خەباتی ژنان بۆ گەیشتن بەو مافانە هەر بەردەوامە. ئەمڕۆکە سەرەڕای پێشکەوتنەکان، تەنانەت ژنان بە دوای سەرەتاییترینی ئەو مافە مەدەنییانەوەن؛ بۆ نموونە لە کۆماری ئیسلامی و سعوودیە وڵاتانی تری ئیسلامی.
خەبات و بزووتنەوەی ژنان بۆ ئازادی و یەکسانی، تووشی هەوراز و نشێوی زۆر بووە، بەڵام زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین بەشێکی زۆر لە پێشکەوتنە مرۆییەکانی ئەمڕۆی وڵاتانی پلە یەکی جیهان بەرهەمی ئەو قوربانیدان و خەباتەی ژنانە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان. ئەمڕۆ زۆرن ئەو وڵاتانەی کە،ژنان لە پۆستە باڵاکانیدان ، بەڵام ئەمەش بە واتای کۆتایی نایەکسانی و چەوسانەوەی ژنان نایەت و، تەنانەت لە خودی دەوڵەتانی مۆدێرنی جیهانیش، هێشتاکە خەباتەکە هەر بەردەوامە.
لە ڕاستیدا بەپێی شوێندانەریی هەر کەلتوور و ئایدیۆلۆژیایەک، بزووتنەوەکانی ژنان بەشێک لە ماف و ئازادییەکانیان دەستەبەر کردووە؛ بۆ نموونە لە چوارچێوەی ڕوانگەی چەپەکاندا پرسە ئابوورییەکان ئەولەوییەتی سەرەکی بووە و، لای لیبراڵەکان زیاتر ئەولەوییەت بە بواری ئازادی و مافە مەدەنی و سیاسی و یاساییەکان دراوە. ئەوەی کە سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە، تاوەکوو ئێستا ژنان نەیانتوانیوە خۆیان لە کاریگەریی تیۆری و ڕوانگە و چوارچێوەی هزریی پیاوان ڕزگار بکەن؛ هەرچەندە بزووتنەوە توندڕەوەکانی ژنان کۆی هزر و بەرهەمی ئێستای ڕۆژئاوا بە بەرهەمێکی پیاوسالارانە و پیاو-تەوەر دەزانن کە لە بەرژەوەندیی پیاواندا داڕێژراوە.
بەڵام ئەوەی کە زیاتر دەرکەوتووە و ڕوون بۆتەوە ئەوەیە کە، هەر کۆمەڵگەیەک بەپێی ئاستی دوواکەوتوویی و پێشکەوتنی لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا، کێشە و گرفتی تایبەتی خۆی هەیە کە لەوانەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە ئەولەوییەت نەبێت. بۆ نموونە ئێستا ژنان لە ڕۆژئاوا، کە بەشێکی زۆری مافەکانیان دەستەبەر کراوە، بە هۆی پرس و بابەتەکانی کۆمەڵگەکانی پاش-پیشەسازی ڕووبەڕووی چەندین گرفتی نوێ بوونەتەوە و تەنانەت داواکارییەکانیشیان لە ژنانی جیهانی سێیەم جیاوازە.
بۆیە دەکرێت بڵێین ٨ی مارس وەکوو هێما و وەبیرهێنەرەوەی مێژوویەک لە خەباتی ژنان، دەتوانێت ببێتە سەکۆیەک بۆ وردبوونەوە و تێرامان و قووڵبوونەوەی زیاتر لە پرس و بابەتەکانی پەیوەست بە ژنان؛ بەو مەرجەی هاوبەشییەکانی ژنان و جیاوازییەکانیشیان لە هەر کۆمەڵگەیەک لەبەرچاو بگیرێت. بەم واتایەی کە ژنبوون تاکە ناسنامەی ژنان نییە، بەڵکوو لەژێر کاریگەری و گوشاری چەندین بەها و نۆرم و ڕێسای بچووکی لۆکاڵی و جیهانیدان و، هەروەها هەر ژنێک خاوەن چەندین ناسنامەی دیکەیە کە بەشێکی زۆریان بەسەریدا سەپاوە.
ژنانی کوردیش باشترین نموونەی چەوساندنەوەن کە بێجگە لەوەی کە ژنبوونیان هۆکارێک بووە بۆ چەوسانەوە و بێبەشکردنیان، بەڵام لە هەمان کاتیشدا کێشە و پرسی کورد-بوون وەکوو ناسنامەیەکی نەتەوەیی و هەروەها لە ڕووی چینایەتییەوە دووبارە ڕووبەڕووی چەوسانەوە و توندوتیژی و بێبەشبوونی کردوون. ئەمە بێجگە لە کێشە و گرفتەکانی شەڕ و توندوتیژییە جۆراوجۆرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێیەم/باشوور، کە قوربانیانی سەرەکی، دیسانەوە هەر ژنن. چونکە ئەگەر پیاوان یەک جار ڕووبەڕووی جیاکاری و توندوتیژی ببنەوە، ئەوە ژنان لە چەند ڕەهەند و بواردا دەچەوسێندرێنەوە .
کەوابوو ڕزگاری ژنان لە چەوسانەوە و جیاکاری و توندوتیژی، تەنیا ئەرکی ژنان نییە، بەڵکوو ئەمە پێویستی بە خەبات و پلان و بزووتنەوەیەکی هەمەلایەنە هەیە کە لە هەموو بوار و ڕەهەندەکانەوە کاری لەسەر بکات. تەنانەت ئەم خەباتە هەر لە سەرەتای پرۆسەی فێرکردن و خوێندن و پەروەردەوە دەست پێ دەکات تاوەکوو پرۆسەی سیاسی و سیاسەت و یاسادانان.
یەکەم ویستەگەی خەباتی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو یەکەم شوێنیش کە تێیدا مافەکانی دەستەبەر کرد یاخود ئەو شوێنەی کە تێیدا داوای مافەکانی کرد ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو، لەدوای ڕوخانی کۆماری کوردستان خەباتی ژنان لە خەباتێکی مەدەنییەوە گۆڕا بۆ خەباتی چەکداری و چەندین هەوراز و نشێوی بەخۆوە بینوە تا گەیشتۆتە ئێستا.
خەباتی نەرم و مەدەنی ژنان لە ئێستا دا لە کوردستان دڵخۆشکەرە و دەرخەری ئەو ڕاستییە کە کۆماری ئیسلامی ژنی کوردی پێ مەترسییە بۆ دەسەڵاتەکەی ، چونکە ژنی کورد تەنها وەدوای پرسی ڕەگەزی خۆی ناکەوێ بەڵکوو وەدوای پرسی نەتەوەکەشی دەکەوێ. هەربۆیە ئێستا پۆلێک لە چالاکانی مافەکانی ژنان و چالاکانی مەدەنی لەچاڵە ڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی دان، بەڵام هاو خەباتەکانیان درێژەدەری ڕێگاکەیان چ لەنێو خۆی وڵات چ لە تاراوگە، یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان خۆی بەنوێنەری ڕاسەقینەی ئەو خەباتە دەزانێ و پشتگیری هەر چەشنە خەباتێک دەکات بۆ وەدیهێنانی مافەکانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

**سەرکەوێ خەباتی فرە ڕەهەندی ژنان بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان.**

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**٢٠٢٢/٣/٨**

# پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژن




بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن گەیشتن بە ئامانجەکانی هەموو ژنانی کوردستان، بەتایبەت ژنانی تێکۆشەر و مافخواز بە ئاوات دەخوازین و وەدیهێنانی ئامانج و تێکۆشانی ئەوان، کە هاوکات بەشێک لە بەرنامە و ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتیشە، هیوامانە. هەر لەم بۆنەیەدا سڵاوی تایبەت دەنێرین بۆ ئەو کچ و ژنە دەرووەست و تێکۆشەرانەی کورد، کە لەپێناو بیروباوەڕی یەکسانیخوازی و نەتەوایەتییەکانیاندا ئێستا لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەند کراون، بەڵام بە ورەی بەرزەوە لەسەر بیروبڕواکانیان قورس و قایم ڕاوەستاون.

ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر لە دەیان ساڵی ڕابردووی مێژووی هاوچەرخدا هەمیشە بەشێک لە هێزی خەبات و مافخوازی بەدژی ڕێژیمە مافزەوتکەرەکانی ناوەندگەرا لە ئێران بوون، بەڵام لە ئێستادا و لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات بۆ ئازادی و مافە سیاسی و مەدەنییەکاندا تەنانەت ڕۆڵی پێشەنگیش دەگێڕن. بەشداریی ژنان لە جووڵانەوە مەدەنی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتی، ژینگەپارێزی و هەروەها هاوبەشییان لە نارەزایەتییە مەدەنی و سینفییە جۆراوجۆرییەکان ئەگەر لەلایەک هیوابەخش و جێی سپاس و پێزانینە، هاوکات دەرخەری ئەم ڕاستییەشە کە ژنانی کورد چ لەنێوخۆی وڵات و چ لە ڕیزی پێشمەرگەکانی هێزە تێکۆشەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە شێلگیرییەوە خەبات بۆ مافە نەتەوایەتی و یەکسانیخوازانەکانی خۆیان دەکەن و لەدژی کۆماری ئیسلامی وەک لایەنی هەرە سەرەکیی پێشێلکردنی مافەکانیان ئازایانە و بوێرانە لە مەیداندا بوون.

بەبۆنەی هاتنەوەی ٨ی مارس پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەردی بناغەی دامەزرانییەوە نەک هەر باوەڕی قووڵی بە مافە مرۆیی و جیهانداگرەکانی ژنان هەبووە و ئەو مافانەی لە بەرنامەی خۆیدا گونجاندوە، بەڵکوو بەکردەوەش هەوڵی جێبەجێکردنیانی داوە. بۆیە لە ئێستا و لە داهاتووشدا هەتا وەدیهاتنی سەرجەم ماف و ئازادییەکانی ژنان، خۆی بە پشتیوانی هەمیشەیی خەباتی یەکسانیخوازانەی ئەوان دەزانێ.

وێڕای بەرزنرخاندنی خەبات و تێکۆشانی ژنان و ئەو تێچووە قورسەش کە لەو مەیدانەدا دەیدەن، پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە کە بەرەوپێشچوونی پرسی مافەکانی ژنان لە ئێران لەگرەوی گۆڕینی نۆرم و کەلتوور و ئەو قانوونە داسەپاوانە دایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران داژدارییان لێ دەکا و مانەوەیان بە مانەوەی ئەو ڕێژیمە مافزەوتکەرەوە گرێ دراوە. بۆیە خەبات دژی ئەم ڕێژیمە دەبێ هەروا بەشێک لە خەبات و تێکۆشانی سەرەکیی ژنان بێ و هاوکات پیاوانیش شانبەشانی ژنان بۆ وەدیهاتنی ئامانجە بەرزە ئینسانییەکانی خەباتی ژنان پاڵپشت و هاوخەباتیان بن.

بەم بۆنەوە لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە هەموو ژنانی تێکۆشەر و ئازادیخواز و بە تایبەت ژنانی کوردستان دەکەین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٧ی مارسی ٢٠٢٢**
**١٦ی ڕەشەمەی ١٤٠٠**

# پێگەی ژنی کورد لە سیاسەتدا دوای ٧٦ ساڵ لە دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



ڕۆژە عەزیزی

ئەمساڵ ٧٦ ساڵ بە سەر دامەزراندنی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا تێدەپەڕێ، ڕێکخراوەیەک کە تا بە ئێستاش لەگەڵ یادکردنەوەی کۆماری کوردستان، ناوی لەگەڵ ناوی ئەو کۆمارەدا دێت. گرینگی ئەم ڕێکخراوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ٧٦ ساڵ لەمەوبەر کۆمەڵگەی کوردستان لە زۆر بوارەوە نەگەیشتبووە ئەو قۆناغە کە باسی یەکسانی نێوان ژن و پیاو بە باسێکی گرینگی کۆمەڵگە بزانێت. بەڵام دامەزراندن و بنیادنانی ڕێکخراوەیەک بە مەبەستی خەبات بۆ یەکسانی نێوان ژن و پیاو لەو سەردەمەدا، بۆ هەمیشە لە مێژووی کورد و کۆماری کوردستاندا بە گرینگیەوە یادی دەکرێتەوە. بەڵام دوای ٧٦ ساڵ لە دامەزراندنی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان، گرینگە چەند پرسیارێک لە خۆمان بکەین، بۆ نموونە کە پێگەی ژنی کورد لە دنیای سیاستدا لە ئێستادا لە چ باروودۆخێکدایە؟ ژنی کورد توانیویەتی شانبەشانی پیاوان لە مەیدانی سیاسەت دا بەشدار بێ؟ ئەو هۆکار و کەم وکوورییانەی کە یەکیەتیی ژنانی بۆ دامەزرا، بە کوێ گەیشتووە؟

هەرچەندە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەشداری ژنان لە زۆر بواری دیکەشدا بە چاو بەشداری پیاوان جیاوازیەکی زۆری هەیە، بەڵام لێرەدا بە گرینگم زانی باس لە بواری سیاسی بکەم. بەشداری لە بواری سیاسیدا مافی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە لە هەر ڕەگەزێک بێت. هاوبەشی و بەشداری ژن و پیاو تا زیاتر بێ لە بواری سیاسی وڵات یان حیزبێکدا، سەلمێنەری ئاستی دیموکراسی ئەو حیزبە یان ڕێکخراوەیەیە.

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە و ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە، ژنی کورد بە گشتی و ژنانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی تا بە ئێستاش نەیانتوانیوە ئەو بۆشاییە پڕ بکەنەوە لە مەیدانی سیاسەتدا شانبەشانی پیاوان، هەرچەندە بە گشتی لەسەر ئاستی جیهانی ئەم بۆشاییە جێگەی سەرنجە. بەپێی یەکێک لە ئامارەکان کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ساڵی ٢٠١٩ بڵاوکرایەوە سەبارەت بە بەشداری ژنان لە کاروباری سیاسیدا، دەریدەخات کە لە کۆی ١٩١ وڵاتی جیهان، ڕێژەی بەشداری ژنان لە کاروباری سیاسیدا تەنیا ٢٣٪. هەرچەندە لە هەندێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و پێشکەوتوو، ژنان بە بەراورد لەگەڵ رابردوو زیاتر لە پۆستە سیاسیەکان و پلە بەرزەکانی بەڕێوەبەری وڵاتان بەشدارن. بەڵام لە وڵاتانی بۆ نموونە وەک ئێران و عێراق و چەندین وڵاتی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تا بە ئێستاش ژنان نەیانتوانیوە بگەنە پۆستە بەرزەکانی وەک سەرۆک کۆماری یان سەرۆک وەزیری.

بەڵام ئەگەر ئاوڕێک لە بەشداری ژنی کورد لەو مەیدانەدا بدەینەوە، ئەوەی ڕوونە تا بە ئێستاش لە چوارچێوەی ڕێبەری حیزبە کوردیەکان ژنان بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر لە پیاوان، پۆستی ڕێبەری وەردەگرن. هەروەها لە بەڕێوەبردنی ئۆرگانەکانی سەر بەو حیزبانە، ژمارەی ژنان لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن.

لەم بابەتەدا بە گرینگی دەزانم سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو هۆکارانە ڕابکێشم کە تا بەئێستاش ڕێگرن لە بەشداری ژنان لە کاروباری سیاسیدا.

**–ئاستی ڕۆشنبیری:**

یەکێک لە هۆکارە هەرە گرینگەکان نەبوونی ڕۆشنبیرییە لە کۆمەڵگەدا بۆ گەیشتنی ژنان بە مەیدانی سیاسەت شانبەشانی پیاوان، پێویستە کە ئاستی ڕۆشنبیری ئەو کۆمەڵگەیە بەرز بێت. ئەمە وادەکات بەشداری ژن لە سیاسەت ببێتە باوەڕ لە نێوان هەردوو ڕەگەز بۆیە دەڵێم باوەڕ، چونکە تا ئەوکاتەی هەردوو ڕەگەز بە باوەڕی تەواو دان بەو ڕاستیەدا نەنێن کە بەشداری ژن لە سیاسەت بە ڕێژەی بەشداری پیاو لە سیاسەت کاریگەرە، هەر بەشدارییەک بکرێ تەنیا بە ڕواڵەتە. بە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگەی کوردەواری تا بە ئێستاش کۆمەڵگەیەکی پیاوسالارە، کەواتە ئاستی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە کە بە یەک ڕێژە بەشداری ژن و پیاو لە بواری سیاسەت بە ئاسایی بزانرێ.

**–بەشدار نەبوونی ژنان لە ناوەندەکانی بڕیاردان:**

بە پێی چەندین لێکۆڵینەوە لە وڵاتانی پێشکەوتوو کە ئێستا ڕێژەی ژنان لە مەیدانی سیاسیان باشترە لە ئێمە، دەرکەوتووە کە یەکێک لە هۆکارە گرینگەکان بۆ بردنەسەری ڕێژەی بەشداری ژنان، بەشداری پێکردنی خودی ژنان لەو ئۆرگانانەیە کە بڕیاری لێ دەدرێ. دیسان لێرە دەگەڕێمەوە بۆ خاڵی پێشتر و باوەڕهێنان بە بەشداری ژنان لە کاروباری سیاسیدا. ئەگەر بە باوەڕەوە هەوڵی بەشداری و بەهێزکردنی پێگەی ژن لە کارو باری سیاسی ڕێکخراوە یان حیزبە کوردیەکان بدرێ، ئەوکاتە ڕێگەش دەدرێ کە ژنان بگەنە ئەو پۆست و ئۆرگانە گرینگانەی کە بڕیاری لێ دەردەچێت. تا بەشداری ژن لەو ئۆرگانە زیاتر بێ، بە دڵنیاییەوە بڕیار و دەنگی پۆزەتیڤیش زیاترە بۆ بەشداری ژن. یەکێکی دیکە لە گرینگیەکانی بەشداری ژنان لە ناوەندی بڕیاردانادا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لێکۆڵینەوە سایکۆلۆژییانەی لە سەر شێوەی بڕیاردانی ژنان ئەنجامدراون. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانە، شێوازی بڕیاردانی ژنان لەسەر بنەمای وردبینی و بیرکردنەوەیەکی دەقیق دەدرێن.

**–ژن و ئەرکی بەڕێوەبەری خێزان:**



ئەرک و بەرپرسیاریەتیی بنەماڵە کە زۆربەی لەسەر شانی ژن دەمێنێتەوە، بەتایبەت لەو کاتانەی کە ئەرکی دایکایەتیشی لە ئەستۆیە. زۆرجار ئەو ژنانەی کە تا ڕادەیەکی باش توانیویانە قۆناغەکانی هاتنە نێو مەیدانی سیاسەت ببڕن ناچارن بە وازهێنان لەو هەوڵ و تێکۆشانانە. نەبوونی هاوئاهەنگی لەگەڵ هاوسەر یان ئەندامانی بنەماڵە، دەبێتە ڕێگر بۆ درێژە پێدانی بواری سیاسی لە ژندا. هەرچەندە ڕاستگۆیانە پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئەمە تەنیا گرفتێکی ژنانی کورد نییە، بەڵکو لە وڵاتانی دیکەش ئەم گرفتە بۆ ژنان دێتە پێش. بەڵام ئاستی ڕۆشنبیری و تێگەیشتنی نێوان هاوسەران یان ئەندامانی بنەماڵە، لە وڵاتانی پێشکەوتوو زۆر جار ئەم گرفتە دەکاتە گرفتێکی کورتخایەن. بۆیە ئەو ژینگەی کە ژن خەباتی تێدا دەکا، تایبەتمەندییەکی زۆری هەیە بۆ مانەوە و درێژەپێدانی هەوڵ و چالاکییەکانی لە کاروباری سیاسیدا. تا ژینگەیەکی لەبارتر و دەرفەتی گونجاوتر بڕەخسێ بۆ ئەم خەباتەی ژنان، ئاستی بەشداری ژنانیش لە مەیدانی سیاسی کورددا زیاتر دەبێ.

### –سەربەخۆ نەبوونی ژنان لە بواری ئابوورییەوە:

لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا ژنان تووشی بەربەست دەبنەوە بە هۆی نەبوونی دەرامەتێکی سەربەخۆ کە وادەکات ژن زۆربەی کات پشت بەو یارمەتیە داراییانە ببەستێ کە لە لایەن ڕەگەزی بەرانبەرەوە بۆی دابین دەکرێ، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژن نەتوانێ پشت بە خۆی ببەستێ. بە پێی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە ئەو ژنانەی خاوەن ئابوریەکی سەربەخۆن زیاتر پشت بە تواناکانی خۆیان دەبەستن و کە دەبێتە هۆکاری بەرزکردنەوەی هەستی بڕوابەخۆبوون لەلای ژنان. کە ئەمەش دەبێتە هاندەرێک بۆ بەشداری لە کاروباری سیاسی و زیاتر گرنگیدان بە گەیشتنی دەنگی خودی ژنان بە بوارەکانی تری کۆمەڵگە.

### –نەبوونی یەکگرتوویی لە ناو خودی ژناندا:

ئەوەی جێگەی ئاماژەیە لێرەدا کە دەمەوێ سەرنجی خوێنەری بۆ ڕابکێشم، گرفتی نایەکگرتوویی لە نێو خودی ژناندایە. بەداخەوە نەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان ژنانی ئەندام لە حیزبە کوردیەکان، بۆتە ڕێگرێک بۆ زیادکردنی ژمارەی ژنان لە پۆستە باڵاکانی ڕێبەری. هۆکاری هەرە گرینگ و کاریگەر بۆ سەرکەوتن بە سەر ئەم بابەتەدا یەکگرتوویی و هاوکاری ژنان خۆیانە. بەڵام زۆربەی جار بەهۆی جیاوازی بیرکردنەوە یاخود نەبوونی متمانە بە یەکتری، ئەمەش وادەکا هەلەکان لەدەست بدرێن. سەرەتا زەربە لە پێگەی ژنان خۆیان دەدرێ و دواتر لە بزووتنەوەی یەکسانیخوازی کۆمەڵگە. کەواتە بە هاوئاهەنگی و متمانەکردن بە تواناییەکانی خودی ژنان، زۆربەی ئەو گرفتانە کە دروست دەبن و ڕێگریەکان کە دەخرێنە سەر ڕێگەی پێشکەوتنی ژنان دەتوانرێ لابدرێن.

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم کە یەکێک لە هەرە بنەما سەرەکیەکانی بەشداری ژنان لە کاروباری سیاسیدا، بوونی مافی دەنگدانە. کە بە خۆشیەوە مافی دەنگدان لە حیزبە کوردیەکان دراوە بە ژنان. بەڵام ئایا تەنیا بە پێدانی مافی هەڵبژاردن و دەنگدان یاخود ڕێژەیەکی دیاریکراو بۆ ژنان لە ئاستی ڕێبەری حیزب یان ڕێکخراوەکاندا، دەتوانێ کەلێنی نەبوونی ژنان لە مەیدانی سیاسیدا قەرەبوو بکرێتەوە؟ ڕاستیەکی سەلمێندراوە کە زۆربەی کات ژنان خەباتی یەکسانی ڕەگەزی وەلادەنێن بۆ خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی، بەڵام لە جیاتی هاوکاری و هەوڵدانی زیاتر بۆ بەشداری ژنان، بەربەست و گرفتەکان زیاتر دەکرێن بۆ پەراوێز خستنی بەشداری ژنان لەو بوارەدا. لە سەرەتای دەسپێکی کاروباری ڕێکخراوەیی یان ئۆرگانیدا، تا ڕادەیەکی باشتر بوار دەڕەخسێ بۆ بەشداری ژنان، بەڵام تا پلە و پۆستەکان بەرزتر و ئۆرگانەکان هەستیارتربن، بەشداری ژنانیش کەمتر دەبێتەوە، ئایا هۆکار نەبوونی متمانەیە بە تواناییەکانی ژنان؟ یاخود ترسە لە گواستنەوەی ئەو دەسەڵاتانەی کە سەدان ساڵە لە دەستی پیاواندایە بۆ ژێر دەستی ژنان؟

س

# مینا خانمی قازی ژنێکی پێشەنگ بۆ سەردەمی خۆی!



گەلاوێژ پەیرەوان

مینا خانمی ئەسکەندەری ناسراو بە (مینا خانمی قازی) لە ساڵی ١٩٠٨ی زایینی و لە شاری مەهاباد چاوی بۆ ژیان کردۆتەوە. باوکی ناوی ئەحمەد و لە بنەماڵەی حەسەن خانیی و دایکی بە ناوی گوڵەندام خانم لە بنەماڵەی حاجی حەسەن خانی حاجی بەگ بوون، کە هەردووک بنەماڵە لە بنەماڵە ناودارەکانی شاری مەهاباد بوون.

مینا خانم لە ساڵی ١٩٢٧و ١٩٢٨ و لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا، لەگەڵ پێشەوا قازی محەممەد یەکتر دەناسن و پاشان ژیانی هاوبەش پێک دێنن. بەرهەمی ژیانیان ٧ کچ و کوڕێک بووە. مینا خانم هاوسەر و پشتیوان و هاوکارێکی باش بۆ پێشەوا و دایکێکی دڵسۆز و خەمخۆر بۆ منداڵەکانی بوو.

لە هەمان کاتیشدا ژنێکی تێکۆشەر و نیشتمان خۆشەویست بوو، هەردەم بیری لای ئازادی و سەربەستی گەل و وڵاتی خۆی بوو.

بە دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لە شاری مەهاباد و ئەو ئاڵوگۆڕەی لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی و ...هتد، هاتە ئاراوە و ژیانی خەڵکی بە تەواوی گۆڕی، مینا خانمیش وەک ژنێکی نیشتمان پەروەر و ئازادیخواز هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بۆ خزمەت بە گەل و وڵاتی دەستپێکرد و لە ماوەیەکی کەمدا، وەک ژنێکی کارا لەنێو کۆمەڵگەدا دەرکەوت.

خاتوو مینا بە دەسپێشخەری و پشتیوانی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان، ڕێکخراوی ژنانی دامەزراند و هەر خۆیشی بوو بە بەرپرسی و هەوڵی دا لەو ڕێگەیەوە هەم ژنان بە مافەکانیان ئاشنا بکا و هەم هانیان بدا بۆ هاتنەدەر لە ماڵ و تێکەڵ بوونیان بە کۆمەڵگە. ئەو بە ڕێنموودی و پشتیوانی سەرۆککۆماری کوردستان هەوڵی زۆریدا بۆ ئەوەی ژنان چیدیکە توانا و لێهاتووییەکانیان لە چوارچێوەی ماڵدا قەتیس نەکەن، بەڵکوو بێن و شان بە شانی پیاوان ئەرک و بەر پرسیارەتی لە بوارە جۆر بە جۆرەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هیدی، وەئەستۆ بگرن.

لەبارەی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنان مینا خانم لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ لە بەڕێز (کاکشار) ئاوا دەڵێ: (کاتێک کۆماری کوردستان دامەزرا، ڕەحمەتی قازی، گەلێک شاد بوو. بە خۆشییەوە دەیگوت: «سوپاس بۆ تۆ خودای گەورە، پاش هەزاران ساڵ گەیشتینە خۆزگە و مافەکانمان». دواتر سەیری کردم و گوتی: «براڵە، ئیتر ڕۆژی دانیشتن نییە. دەمەوێت تۆیش کارێک بکەی.» بە پێکەنینەوە پێم گوت: «ئەمن نەخوێندەوارم و ناتوانم هیچ بکەم. چیم لە دەست دێت» سەیری کردم و بە پێکەنینەوە پێی گوتم: «ژنانی جیهان زۆر پێشکەوتوون، بیر و ڕایان گۆڕاوە. پێویستە ژنی کوردیش بیر و ڕای خۆی بگۆڕێت.

دەمەوێ لە مەهاباد تۆ دەست پێ بکەی و یەکیەتییەک دابمەزرێنیت. ئەگەر تۆ کە وەک خێزانی سەرۆک کۆماری کوردستان دەناسرێیت ئەو کارە بکەی، بۆ ژنانی دیکە دەبێتە هاندەر تا ڕوو لە گۆڕەپانی خەبات بکەن. تۆ زێڕ و زیوەرت بۆ چییە؟ هەمووی بخەرە خزمەت وڵات و دەوڵەت. بۆ ئەوەی نەخوێندەواری لەنێو ژناندا کۆتایی پێ بێت، پێویستە بچی لە قوتابخانەدا ئامادە بیت و دەرس بخوێنیت، تا ژن و کچی کوردیش چاوت لێبکەن و بێن دەرس بخوێنن». منیش بە قسەم کرد و دەستم بە کار کرد. هەم یەکەتیی ئافرەتانی کوردستان دامەزرا و هەمیش هەڵمەتێکمان لە دژی نەخوێندەواری دەست پێکرد. هەرگیز ئەو ڕۆژانە لەبیر ناکەم ، هەموو خۆشییەکان هی ئەو کاتەبوون.

یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤ی هەتاوی لە شاری مەهاباد و بە پێشنیار و پشتیوانی پێشەوا قازی محەممەد دامەزا، ئەم ڕێکخراوە لە پێشدا بە ناوی (حیزبی ژنان)دامەزرا و دوایە بوو بە ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان، کە ناوەکەی(یەکیەتی یایان)بوو، دوایەش گۆڕاو بوو بە (یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کورستان).

دامەزراندنی ڕێکخراوەیەک بۆ ژنان لەو سەردەمەدا و بە تایبەتیش لە کۆمەڵگەیەکدا، کە ٩٠٪ خەڵکەکەی نەخوێندەوار بێت و وڵاتیش لەوپەڕی دواکەوتوویی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دابێت کارێکی سادە و ئاسان نەبوو، بە تایبەتیش لە حاڵێکدا کە ڕێکخراوی لەو چەشنە نەک هەر لە ئێران و کوردستان بوونی نەبوو، بەڵکوو لە ناوچەکەشدا دەگمەن بوو، بەڵام پێشەوای نەمر بە بیرتیژی و جیهان بینی خۆی دەیزانی کە تاکوو ژن تێکەڵ بە کار و ئەرکی نێو کۆمەڵگە نەکرێ و ئەرک و بەرپرسیارەتی پێ نەسپێردرێ، ئەوە ئەو کۆمەڵگایە لە دواکەوتوییدا دەمێنێتەوە.

هەر بۆیەش هەوڵیدا کچ و خێزانی خۆی بکاتە سەرمەشق بۆ خەڵکانی دیکە.

مینا خانم کە پشتی بە پێشەوا و حکومەتەکەی قایم بوو، زۆر ئازایانە و بە بیر و باوەڕێکی قایمەوە دەستی بە خەبات و تێکۆشان کرد.

ئەو هەوڵی زۆری دا تاکوو باوەڕ و قەناعەت لەلای ژنان دروو-ست بکا، بۆ ئەوەی لەماڵ بێنەدەر و بەشداری کار و ئەرکی سیاسی، ڕێکخراوەیی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بکەن و جێ پەنجەیان لە کۆمەڵگەدا دیار بێت.

بۆ ئەو مەبەستەش خۆی بوو بە بەرپرسی ڕێکخراوەکە و بە پشتیوانی حکومەتی کوردستان و بە هاوکاری و هەماهەنگی بەشێک لە ژنانی ڕووناک بیر و مامۆستا، هەڵمەتی نەخوێندەواریان ڕاگەیاند و قوتابخانەیان بە زمانی کوردی



بۆ ژنانی نەخوێندەوار دامەزاند، خۆشی وەک قوتابی لەو قوتابخانەیەدا لە ڕیزی پێشەوەی قوتابییەکاندا دانیشت و دەستی کرد بە وانە خوێندن. ئەو بوو بە پێشەنگ بۆ ژنانی دیکە تاکوو بێن و بخوێنن و یان لە ماڵەوە ئیزنی خوێندنیان پێ بدرێ.

مینا خانم وەک هاوسەری سەرۆک کۆماری کوردستان بەرپرسیارەتی زۆری وەئەستۆ گرتبوو، ئەوەش وای کردبوو کە خەم لەگشت بوارەکانی ژیانی خەڵ بەگشتی و بێ مافی و نەخوێندەواری ژنان و منداڵان بە تایبەتی بخوات و هەموو کات لە هەوڵ و خەباتدا بێ.

مینا خانم هەر بە وەندەوە نەوەستا و وەک دەست پێش خەرییەکی دیکە بۆ ژنان، هەستا بە فرۆشتنی زێڕ و زیو و شتوومەکی بە نرخی خۆی و پوڵ و پارەکەی پێشکەش بە حکومەتی کوردستان و بە تایبەتیش سوپای کوردستان و خاشە برکردنی نەخوێندەواری کرد.

لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان میناخانم تووشی زۆر نارەحەتی و مەینەتی ژیان دەبێت و ڕۆژەکانی ژیانی زۆر بە ناخۆشی بەڕێ دەکا، ئەو دەبوو لەلایەک خەمی لەدەست دانی هاوسەرەکەی و لەلایەکی دیکەوە خەمی پەروەردە و گەورەکردنی منداڵەکانی بخوات، لەلایەکی کەشەوە خەمەگەورەکەی واتە جوانە مەرگکرانی کۆمارە ساواکەی کورد تەنگی پێهەڵچنیبوو.

بەڵام ئەو وەک هەمیشە و بوێرانە بەرەنگاری ئەو دۆخە دەبێتەوە و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیان نەک هەر چۆکی پێ دانادەن، بەڵکو قایمتر و باوەڕ مەندتری دەکەن لە سەر ویست و داخوازییەکانی و کۆڵ نادات.

ئەو بۆ منداڵەکانی نەک هەر دایک، بەڵکو جێی باوکیشیان بۆ پڕدەکاتەوە و زۆر بە باشی پەروەر دەیان دەکا و خوێندنیان پێ تەواو دەکات.

هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکردوە، مینا خانم دوای لە داردانی پێشەوا و ڕووخانی کۆماری کوردستان، تووشی گەلێک ناخۆشی و نارەحەتی هاتوە و لە لایەن ڕێژیمەکانی داگیرکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە چەندین جار تووشی زیندان و دەس بە سەرکران بووە و ئازار و ئەشکەنجە دراوە.

ئەم ژنە خۆڕاگرە لە ساڵی ١٩٨٤ لە لایان ڕێژیمی ئاخوندی ئێرانەوە بۆ ماوەی ١١ مانگ زیندانی کرا و کەوتە ژێر ئەشکەنجە و توندوتیژییەوە. مینا خانم لەو کاتەی کە لە زیندان بوو بە هۆی ئەشکەنجە و ئازارەوە تووشی نەخۆشی دەبێ، کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەوەی مینا خانم بنێرێتە نەخۆشخانەی ئاسایی داوا دەکا کە یەکێک لە کچەکانی بە جێگای ئەو زیندانی بکرێ. بۆیە خاتوو فەوزییەی کچی دەچێتە زیندان و مینا خانم بۆ نەخۆشخانەیەکی تاران بەڕێ دەکرێ.

بەڵام بەو حاڵەش دەستی لە خەبات هەڵ نەگرتوە و تا دوا هەناسەی ژیانی وەفادار بە ڕێگا و ڕێبازی پێشەوا و حکومەتەکەی مایەوە.

دڵسۆزی و نیشتمان پەروەرییەکەی بۆگەل و نیشتمانی، ئەویان کردبوو ژنێکی خۆشەویست و جێگای ڕێزی خەڵکی کوردستان بە گشتی و شاری مەهاباد بە تایبەتی، خەڵک بە چاوی حورمەت و ڕێزەوە لێیان دەڕوانی و هیوا و ورەیان لێ وەردەگرت.

میناخانم لە ساڵی ١٩٩١ ڕوو دەکاتە وڵاتی ئاڵمان و پاش ماوەیەکی کەم دەگەڕێتەوە مەهاباد. لە ساڵەکانی ١٩٩٥ و ١٩٩٦ بە مەبەستی چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەی ڕوو دەکاتەوە هەندەران و پاش ئەوەی کە لە چاکبوونەوەی نائومێد دەبێ، دەگەڕێتەوە بۆ مەهاباد.

سەرەنجام لە١٩٩٨/٢/١٧ی زاینی چاوە پڕ لە حەسرەتەکانی لەسەریەک دانا و بۆ هەمیشە ماڵئاوای لە ژیان کرد و ئاوات و ئارەزووەکانی کە ڕزگاری و سەربەخۆیی گەل و نیشتمانەکەی بوو بردە ژێر گڵ. تەرمەکەی لە شاری مەهاباد ئەسپەردەی خاکی نیشتمان کرا.



# دیدارێک لەگەڵ خاتوو عیسمەت نستانی یەکێک لە دامەزرێنەرانی گۆڤاری «ژنان»

دیمانە: شەهلا حاجیڕەحیمی

دیارە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان هەر لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و چالاکبوونەوەی کاری ئەو ڕێکخراوەیە لە هەوڵی دەرکردنی بڵاوکراوەیەک وەک زمانحاڵی ئەو ڕێکخراوەیە بووە، بۆ نموونە لەسەرەتای شۆڕشی ٥٧ی گەلانی ئێران زیندووبوونەوەی چالاکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بڵاوکراوەیەک بەناوی دەنگی ژنان دەستی پێکرد کە بەداخەوە بەهۆی هەلومەرجی ئەوکات و شەری داسەپاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر کوردستان و بەرتەسک بوونەوەی چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوەیەش تەنیا دوو ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.
ئەو گۆڤارەی کە هەر ئێستا ٥٦ەمین ژمارەی لەبەر دەستی خوێنەران دایە ئاکامی زەحمەتی دەیان کەسی لەخۆبوردوو زەحمەتکێشە کە یەک لەوان خاتوو عیسمەت نستانی سکرتێری پێشوو و یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەم گۆڤارەیە کە ئێمە دیمانەیەکی کورتمان سەبارەت بە چونیەتی دامەزران و زەرووڕەتی ئەوکاتی و ئێستای ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنان بە گۆڤار یان بڵاوکراوەیەکی لەم چەشنە لەگەڵ کردوون. بەو هیوایەی جێی سەرنجی خوێەرانی گۆڤار بێ

**پ/ ئێوە یەکێک لە دامەزرێنەران و بەرپرسانی گۆڤاری ژنان بوون بۆیە لە سەرەتادا پێمان بڵێن کە فکریەتی دامەزراندنی گۆڤارەکە لە لایان چ کەس یان کەسانێک هاتە ئاراوە؟**

بیرۆکەی بڵاوکردنەوەی گۆڤار بەردەوام لەلایەن ئەندامان، لایەنگران و بەڕێوبەرانی یەکیەتیی ژنان خراوەتە ڕوو، بەڵام لە کۆنفڕانسەکانی یەکیەتیی ژنان زیاتر تەئکیدی لەسەر کراوەتەوە. بەتایبەتی دوای گرتنی کۆنفرانسی سێیەم کە من وەک بەرپرسی یەکیەتیی ژنان هەڵبژێردرام، ویست و ئیرادەی دەرکردنی گۆڤارێکی تایبەت بە ژنان ئاشکراتر دەرکەوت.
هەنگاوی سەرەتای ئەو بیرۆکەیە بە هەوڵی ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنان و بەڕێوبەرانی ئەو ڕێکخراوە و هەروەها هاوکاری و ڕێنوێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتایبەتی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵگیرا. دوای چەندین کۆبوونەوە دەستەیەکی بەڕێوبەری بۆ گۆڤار دیاریکراو سەرەتا بەڕێزان قادر وریا، خەدیجە مەعزورو کوێستان فتووحی وەک دەستەی بەڕێوبەریی گۆڤار دەستنیشان کران و دواتر چەندین کەسی دیکەش لە بەڕێوبەریی یەکیەتیی ژنان و ژنان و پیاوانی لایەنگری یەکیەتیی ژنان بوونە ئەندامی دەستەی بەڕێوبەریی گۆڤارەکە و منیش یەکێک لەو کەسانە بووم کە هەم وەک ئەندامی دەستەی نوسەران و هەم وەک بەرپرسی یەکیەتیی ژنان هاوکارو پشتیوانی گۆڤار بووم کە گۆڤارێکی وەرزی بوو..

**پ/ چی بوو بەوەی کە بە زەروورەتی بزانن گۆڤارێک بەناوی گۆڤاری "ژنان" دەربکەن؟**

دەرچوونی گۆڤارێکی تایبەت کە کێشە و پرسە پەیوەندیدارەکانی ژنان بخاتەڕوو، زەرورەتێک بوو لەو قۆناغی ژیانی ڕێکخراوەیی یەکیەتیی ژنان و بە گشتی خەباتی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو گۆڤارە دەبووە تریبونێک کەم لە لایەک چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوەی تێدا بڵاو دەکرایەوە، کە بەتایبەت لەو کاتدا دەست وێڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر کەم بوو، لە لایەکی دیکەشەوە تیشکی دەخستە سەر کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت سیاسییەکانی ژنان. لەڕاستیدا گۆڤار خوێنەری زۆر بوو. گۆڤارەکەمان کە ناوی گۆڤاری ژنان بوو، بەڵام قەڵەمی پیاوانیشی تێدا بوو.

**پ/ وەک دیارە هەموو کارێک بەدواداچوونی زۆر پێویستە بۆ پەسەند کردن و بڵاو کردنەوەی گۆڤارکە لەلای کێوە دەبوو بکرێ و ئەو پڕوسەیە چەندەی خایاند؟**

هەروەک لە پرسیاری پێشوو ئیشارەم پێدا، دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر بابەتمان بۆ یەکەم ژمارەی گۆڤارەکە ئامادە کرد و بڵاوکرایەوە و لە ماوەیەکی کەم دا کەوتە دەست خوێنەران. بە پێی ئەوەی یەکیەتیی ژنان لەڕووی سیاسی و فکرییەوە گرێدراوی حیزبی دیمۆکڕاتی کوردستان بوو، دارشتنی گۆڤارێکی تایبەت بە ڕێکخراوەکە لە ڕووی ناوەڕۆک و ئاراستەی سیاسی و فکرییەوە کارێکی قورس نەبوو. هەر بۆیە زۆر زوو گۆڤارەکە سەرپێ کەوت و زۆر قەڵەمی باشیشی پەروەردە کردن.

**پ/ دیارە بەپێ ئەوەی کە ئەوکات سوشیاڵمیدیا نەبوو و میدیاکانی وەک تلڤزیون و ماهوارە و ڕادیۆ و چاپەمەنییەکان**



**تا ئەو ڕادەیەی ئێستا دیار و بەرچاو نەبوون و دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاری پێویست بۆ گۆڤار دەبێ کەمێک ئەستەم و دژوار بووبێ، دەکرێ بۆمان باس بکەن کە خۆراکی گۆڤار جا لە هەواڵ و زانیاری تا وتارەکانتان چۆن کۆ دەکردەوە؟**

وەک لە پرسیارەکەتان ئیشارەتان کردووە، تەکنەلۆژیا وەک پێویست نەبوو، تا بتوانرێ سوودی لێوەربگیرێت، بەڵام خەباتی ژنان ئەزموونێکی چەند دەساڵەی هەبوو چ لە چوارچێوەی حیزبی دیمۆکراتدا و چ بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەش وایکردبوو چالاکانی بواری ژنان لە نێوخۆی ڕێکخراو و دەوروبەرەوە ئەزموونەکانیان بخەنە سەر کاغەز و بۆ ئێمەی بنێرن. ئەگەر ئاوڕێک لە ژمارەکانی سەرەتای گۆڤاری ژنان بدەینەوە دەبینین وتار و بابەتی بەناوەڕۆک و نوێی تێدا بڵاو کراوەتەوە.

**پ/ بە دڵنیایەوە هەر میدیا و چاپەمەنی و ڕاگەیاندنێک پێویستی بە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ هەیە کە لە بوارە جۆراوجۆرەکان بتوانێ کار بکا و ئەوە بۆ چاپەمەنییەکی گرینگ وەک گۆڤاری "ژنان" کە ئەوکات ساوا و تازەکار بووە دەبێ زۆر پێویست بووبێ، ئەو کەسانەی کە هاوکار بوون لە گۆڤارەکە چ کەسانێک بوون؟ و چ ئەرک و کارێکیان لەسەر شان بوو؟ و زیاتر لە چ بوارێکدا شارەزاییان هەبوو؟ ئەو کەسانە تەنیا ژن بوون یان لە نێو پیاوانیشدا کەسانی شارەزا هاوکاری گۆڤار بوون؟**

ئێمە چاوەڕوانییەکانمان لەو گۆڤارە بە پێی توانا و پێویستیی خۆمان ڕێکخستبوو. نەماندەویست و لەوانەیە دەرفەت و توانای ئەوەشمان نەبووبێ گۆڤاری ژنان بکەینە گۆڤارێکی زانستی و تیۆری.ئێمە لە دەوروبەری خۆمان دەڕوانی، بەدوای ئەو قەڵەمانەدا دەگەڕاین کە دەمانتوانی پەیوەندییان پێوە بگرین. هەر بۆیە بەڕێوبەرانی گۆڤاری ژنان، لەو ژن و پیاوانە پێک هاتبوو کە لەنێو کەمپەکانی حیزب و دەرەوەی حیزب و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون کە زیاتریان لە بواری داکۆکی لە مافەکانی ژنان کاریان دەکرد یان لە چاپەمەنییەکانی حیزبدا کاریان دەکرد کە کارێکی پڕ زەحمەت بوو.

**پ/ لە بەردەمی هەر کار و پرۆسەیەکی گرینگ چەندین کێشە و بەربەست هەیە، دەکرێ باس لەو بەربەستانە بکەن کە لەسەر ڕێگاتان بوو لە کاتی بڵاوکردنەوەی گۆڤارەکەدا؟**

هەموو کارێک لە سەرەتادا کارێکی وەها ئاسان نیە و زۆر ئاستەنگی لەبەردەم دایە، گۆڤاری ژنانیش ئاستەنگی زۆر دەهاتە بەردەم بەتایبەتی لەباری تەکنیکییەوە. دیارە جێگای خۆیەتی سوپاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەتایبەت هاوڕێیانی چاپەمەنی بکەین بە شێوەی ماددی و مەعنەوی بۆ دەرچوونی گۆڤاری ژنان کەمتەرخەمییان نەکردووە هەمیشە هاوکارو پشتیوانمان بوون.

**پ/ گۆڤاری ئێستا چۆن دەبینن و پێتان وایە زەروورەتەکانی بەحس کردنی ئەو بابەتانەی کە لە نێو گۆڤاردا هەن بۆ ئەوڕۆ چین؟**

گۆڤاری ژنان لەگەڵ بیست ساڵ پێش ئێستا پێویستە زۆر جیاوازترو پڕ نێوەرۆکتر بێت، لەبەر ئەوەی لە ئێستادا سەرچاوەی دەستکەوتنی زانیارییەکان لە زۆر ڕووەوە بەردەستترن و لەگەڵ ئەوەشدا بێگومان لایەنی ڕۆشنبیری خەڵکیش بە بەراورد بە بیست ساڵی پێشوو، گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتوە. چالاکانی ژنان هەم لەڕووی چەندایەتی و هەم لەڕووی چۆنایەتییەوە لە دۆخێکی باشتر دان. ژمارەیەکی زۆر ژنی ئازای خاوەن بیر و قەڵەم دەرکەوتوون کە ئاشنان بە چەمک و بەها مرۆییەکانی سەردەم و بەگشتی بە تێگەیشتنی قووڵتر، لە کێشەکانی ژنان دەڕوانن. بۆیە جێگای خۆیەتی ئەو گۆڕانکارییانە لە بابەتەکانی گۆڤاری ژنان‌دا ڕەنگ بدەنەوە.

# پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی دەسەڵاتداریدا



زانیار حوسێنی

سەرەتا پێویستە بۆ تێگەیشتنی باشتر لە مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، پێناسەی «ماف» بەباشی بزانین و لە زەرووڕەتی بوونی ماف و پاراستنیان بە باشی تێبگەین.

لەڕاستیدا "ماف" لە مانای وشەییدا بە مانای ڕاستییە، بە مانای دروستییە. لە چەمکدا ماف بە هەر شتێک دەگووترێ کە کەسێک یان شتێک شایانییەتی. ئەو مەسەلەیە دەتوانێ پاداش بێ، دەتوانێ سزا بێ، دەتوانێ کۆمەڵێک شتی زاتی و سروشتی بێ کە بە پێی بارودۆخ و ژیان لەو سەردەمەدا پێکهاتووە. بە پێی پێشکەوتنی کۆمەڵگە، بە پێی پێکهاتە نوێیەکان، پێشکەتوویی تێکنۆلۆژی، پێشکەوتنی کەلتوور و زانست و قووڵتر بوونەوەی مانا و چەمکی بابەتە کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و ژینگەییەکان و کۆمەڵێک شتی دیکەی لەو چەشنە، شایانی خەڵک و ژیانی ئەو سەردەمە بێ. «هەڵبەت ژیان بە مانای گشتی کە هەموو بوارەکانی پێویست بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەخۆ دەگرێ».

کاتێک چاو لە پێناسەکانی ماف و حقوق بکەین، بە پێی مەکتەبە حقوقییەکان پێناسە و بۆچوونی جیاواز هەیە، کە بە ڕای من باشترین پێناسە و جوانترین بۆچوون لە فەرهەنگی فەلسەفەی "ئێستنفۆرد"دایە کە دەڵێ: ماف لە پێکهاتەی دەوڵەتەکان، میحوەری ئەخلاقییەکان و بنچینەی کەلتوور و داب و نەریتمان هەر ئەو جۆرە بۆ ساز دەکا و پێکدەهێنێ کە بۆمان دەرک و ڕوون دەبێتەوە. کەوایە ماف لە بواری پتەوی عەدالەت و یەکسانی، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی ئێمە، داب و نەریتەکانمان، جۆری بیر کردنەوە و ڕادەی خواست و ئیرادەی ئێمە و کۆمەڵگە هەیە.

ماف لە سەرەتای بوونی مرۆڤ، هەر لەو کاتەی ڕا کە مرۆڤ لە دەوری یەک کۆبوونەوە و عەشیرە و هۆز و قەبیلەیان دامەزراند، بەدوای ئەودا دێهات و شار و شارۆچکە و ناوچە و دواتر وڵاتیان پێکهێنا، گرینگ و سەرنجڕاکێش و جێی تێفکرین و بیر کردنەوە بووە. ئەوەی کە قەرارە من چۆن بژیم؟ چ مافێکم لەبەرامبەر خۆمدا هەیە؟ چ مافگەلێکم لە بەرامبەر بنەماڵە، کۆمەڵگە و ژیاندا هەیە؟ ئەو مافانە ئابووری، حقوقی، کەلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسین و هەموو کات و ساتێک، ڕۆژانە لەگەڵیان دەژیم و بەکاریان دەهێنم و ئەو مافانەش بە هەمان شێوە لەسەر من و ژیان و ئەو وەزعییەتانە کاریگەری دەدانێ. وڵاتان لە کۆنەوە بۆ ئەوەی هەم مافەکان ڕەنگی فەرمی بەخۆیانەوە بگرن و هەم بە جۆرێک مافەکان و حقوق لە کۆمەڵگەدا ڕێک بخەن کە تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ دادپەروەری بە شێوەیەکی باشتر بەڕێوە بچێ و لە بەرامبەریشدا وڵاتێک و ژینگەیەک پێکبهێنن بۆ ژیانی باش و ئاسایش و نەزمی گشتی، ئەو مافگەلانەیان پێناسە کرد و بە یاسا داڕێژرانەوە و بۆ ئەو یاسایانەش گەرەنتی ئیجراییان دانا. مافەکان لە بیر و بۆچوونی گەورە پیاوانی ئەو وڵاتە، داب و نەریتی کۆمەڵگە و جۆری تێڕوانینی حاکمەکان بە چۆنیەتیی دەسەڵاتداری لەسەر ئەو وڵات و خەڵکە نووسراوە و ڕێک و پێک کرا.

سەردەمانێک یاساکان بۆ بەرگریکردن لە حکومەت و دەسەڵات و حاکمەکان بوو لە هەمبەر وڵاتانی دەرەکی و خەڵکی نێوخۆی وڵاتەکەیان بەڵام ئێستا بە هۆی ئاڵوگۆڕی زۆر و بیر و بۆچوونە جیاوازەکان، یاسا بۆتە هۆی سەقامگیری وڵاتان لە بواری سیاسی، ئابووری، کەلتووری و ئاسایشی گشتی بۆ پێکهێنانی بارودۆخێکی لەبار بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە، تا بتوانن بە کەڵک وەرگرتن لە ئیمکانات و زەرفییەتەکان ببنە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و یارمەتیدەربن بۆ پێکهێنانی وڵاتێکی ئارام و ئازاد و پیشەیی بە پرنسیپە ستانداردەکانی جیهانی و نێونەتەوەیی.

مافی مرۆڤ سەرەکیترین و سەرەتاییترین مافێکە کە هەر تاکێک بە شێوەی زاتی و سروشتی ئینسانی خۆی، بە هۆی ئەوەیکە مرۆڤە، لێی سوودمەند دەبێ.

بە پێی سروشتی مافی مرۆڤ و بە پێی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و بەڵگە نێونەتەوەییەکانی دیکە ئەو مافە هەندێک تایبەتمەندیان هەیە کە پێویستە ئاماژەیان پێبکرێ. وەکوو جیهانی بوونی بەو مانایە کە جیهان شمولە و هەموو مرۆڤێک لە هەر کوێی ئەو جیهانە بێ لێی بێبەش نییە و ناکرێ ئەو مافانە بە نیسبەت کەسێک ڕەچاو نەکرێ، یان کەسێک لەو مافانە بێبەری بکرێ؛ هەڵاواردن و جیاوازی لەو بابەتانەدا نییە. یەکسانی و بەرابەری لە هەمبەر مافی مرۆڤدا وەک مرۆڤ، نموونەی دیکەی ئەو تایبەتمەندییانەیە.

لە یەک جیا نەبوونەوەی مافەکان، بەو پێناسەیە کە هەمووی پێکەوەن و ناکرێ وەک ماف لە یەکتریان جیابکەینەوە بە نیسبەت تاکەکان و یەکسانیخوازی؛ تێکەڵاوی و پێوەندی ئەو مافانە لەوبابەتانەیە کە دەکرێ ئاماژەیان پێ بکەین. هەر بۆیەش تەواوی ئەو مرۆڤانەی کە لە هەر کوێی ئەو جیهانە و خەڵکی هەر وڵاتێکن بێبەری لەو مافانە نین و ناکرێ و نابێ هیچکەس لەو مافانە بێبەری بکردرێن. کەوایە هەموو ئینسانەکان جیا لەوە کە چ نژادێکن، چ ڕەگەزێکن، خەڵکی کوێن، چ ئایین و باوەڕێکیان هەیە، لەبواری سێکس و ڕەگەزی سێکسییەوە لەسەر چ عەقڵییەتێکن و ڕەنگ و زمانیان چییە و ...هتد، لە بەرامبەر هەبوونی ئەو مافانە بەنیسبەت یەکتر بەرابەر و یەکسانن و هیچ جیاوازییەک، هیچ لەسەرتر بوونێک، هیچ کەموکوڕییەک، کاریگەری لەسەر مافانە بۆ هەر تاکێک لەبەرانبەر یەکتر نییە و ئەو مافانە کەم و زۆر ناکرێن.




ئەو مافانە، مافە سروشتییەکان و مافە یاساییەکان کە لە یاسای وڵاتان و یاسای نێونەتەوەییدا هەیە دەگرێتەوە. شارەزایان و چالاکانی مافی مرۆڤ لە چالاکی و تێکۆشانە نێونەتەوەییەکانی خۆیان لە بواری مافی نێونەتەوەیی، نیهاد و ڕێکخراوە جیهانیی و ناوچەییەکان، سیاسەتی دەوڵەتی و چالاکییەکانی ڕێکخراوە سەربەخۆیەکان، بنەما و کۆڵەکەی سیاسەتی گشتی و شارەزایانە لە نێو جەرگ و هەناوی ئەو مەسەلەیە داڕێژراوە. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە ئەگەر کۆمەڵگەی جیهانی بیهەوێ لە ئاشتیدا و بە زمانێکی هاوبەش لەگەڵ یەکتر بدوێن، ئەو زمانە هاوبەشە ئەخلاقییە، «مافی مرۆڤە» و مافی مرۆڤ نێو دەنرێ. زۆربەی بیرۆکەکانی بنەڕەتی کە پاڵنەر بوون بۆ مەسەلەی مافی مرۆڤ، لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی و جینایەتەکانی «هۆلۆکاست» پەرەی پێدرا و گەشەی سەند و بە پەسندکردنی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ لە پاریس لەلایەن کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٨ی زایینی گەیشتە لوتکە و بە فەرمی ناسرا.

بناغەی ئازادی، ئاشتی و دادپەروەری لە جیهاندا بەفەرمیناسینی جێگە و پێگەی زاتی مرۆڤ و مافی یەکسانی هەموو ئەندامانی بنەماڵەی ئینسانییە.

هەر بۆیەش یەکەم مادده یان ئەسڵ یان خاڵی جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ دەڵێ:

سەرجەم مرۆڤەکان، ئازاد لە دایک دەبن و لە ڕووی جێگە و پێگە و ماف، لەگەڵ یەکتر بەرابەرن. لای ئەوان -مەبەست ئینسانەکان- عەقڵ و ویژدان دراوە یان بەخشراوە. هەر بۆیەش دەبێ بە نیسبەت یەکتر یان بەرامبەر بە یەکتر ڕوحیەی برایانەیان هەبێ. -برایانە بە مانای دەقی وشەیە نەک ڕەگەزی-.

کە وایە مافی مرۆڤ، مافێکی گشتگیرو جیهانییە کە هەموو مرۆڤەکان جیا لە بیر و بۆچوون و جۆری ژیان و تایبەتمەندی ڕەگەزی و هەموو جۆرە جیاوازییەک دەگرێتەوە.

مافی مرۆڤ لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەچەند جۆر دەستەبەندی دەکرێ کە حقوقی مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری جێکەوتووترین جۆری دەستەبەندییەکەیەتی. بە واتایەکی تر ئەولەوییەتبەندی بەپێی چەمکەکانی ئەسڵی و ئوسولی دەبێ بێ جیاوازی، یەکسانی و بەشداری کردن بێ.

ئێمە لە مافی مرۆڤدا ئەسڵی جیانەبوونەوە یا جیانەکرانەوە لە یەکترمان هەیە؛ بەو مانایە کە مافی مرۆڤ لێک جیانابنەوە و هەمووی ئەوە دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ و جێبەجێ بکردرێ، چون مافی مرۆڤ تەنیا لە حاڵەتێکدا سەرکەوتوو دەبێ کە هەموو بەشەکانی ڕەچاو بکرێ.

هەندێک بابەت هەیە کە هاوفکری جیهانی لەسەرە وەک یەکێک لەو بابەتانەی کە گرینگە و لە لایەن ١٤٧ وڵاتەوە قەدەغە و ئیمزا کراوە، «کۆنوانسیۆنی دژی ئەشکەنجەیە» بابەتەکەی دیکە «ئیعدام کردنە». دژی بەردەداریە، مافی محاکەمە کردن لە دادگایەکی دادپەروەرانەیە، ئازادی بیر و را دەربڕینە، لە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤدا تەنیا دوو مەرج بۆ ئازادی بیر و را دەبڕین دانراوە:

یەکەم ڕێزگرتن لە ماف و کەرامەتی خەڵک، دووهەم پاراستنی ئەمنییەت و ئاسایشی گشتی یان سلامەت یان ئەخلاقی گشتی، دەنا هەموو مرۆڤێک بەپێی ڕێزگرتن لەو دوو خاڵە بۆی هەیە کە بە هەرجۆرێک و لە هەر ڕێگەیەک بیر و ڕای خۆی سەبارەت بە هەموو شت بە تایبەتی بیروبۆچوون و عەقیدە و مەرامی دەربڕێ کە ڕەنگە بۆ هەر کەسێک جیاواز بێ.

بەپێی ئەوانەی لەسەرەوە باس کران، درێژەی بابەتەکە سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە کە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی بە جینایەتەکانی ئەو دەسەڵاتە ناسراوە، کۆی ڕەفتارەکانی ئەو دەسەڵاتە یان هێزەکانی سەر بە ئەوە کە لەلایەن خۆیەوە پشتیوانی لێدەکات بۆ پاراستن و بە هێزکردنی خۆی، تۆڵە کردنەوە لە دژبەرانی، یان یارمەتیدان بە هاوپەیمانەکانی کە لە سەرەتای شۆڕشی ٥٧وە دەستی پێکردووە و هەتاکوو ئێستا زەربەیەکی زۆری لە خەڵک و مافی مرۆڤ داوە.

ئەو تۆمەتانە جاری وایە لە جۆری ئایینیە و جاری واشە لە جۆری سیاسی و هەندێک جاریش هەیە کە هەردووک حاڵەتی تێدایە. بۆ نموونە کەسی وەک ئەحمەدی نژاد تەنیا تۆمەتبارە بە جینایەت کردن لە نێو شەڕدا. لە حاڵێکدا کۆمەڵێک لە مەسئولان و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بۆ زۆر تاوانی دیکە وەک تاوانی تێرۆریستی، لە ژێر چاوەدێری شوێنە دادییەکانی نێونەتەوەیی وەک پۆلیسی نێونەتەوەیی دان

بۆ دەستبەسەرکردن. لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنی سەرکاری کۆماری ئیسلامی، ئێمە لەگەڵ ئەو جۆرە سزایانە ڕووبەڕوو بووین و لەگەڵیان ئاشنا بووین. بۆ نموونە حوکمی وەک بڕینی قامکی دەست، بڕینی لاق و دەست، لێدانی مل، فڕێدان لە بڵیندی، بەردەباران کردن، تیرەباران کردن و ئێعدامی تاک و بە کۆمەڵی دژبەرانی بە پەتک، تێرۆری سیستەماتیک و بە بەرنامە و پلانی درێژخایەنی حکومەتی و غەیری حکومەتی، جێبەجێ کراوە.

دۆخی مافی مرۆڤ لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا زۆر نالەبارە و لەلایەن نەتەوەکانی نێو ئێران و چالاکانی بواری مەدەنی، نووسەران و ڕێکخراوەکانی سەربەخۆی نێونەتەوەیی لۆمە کراوە. لەو چل و سێ ساڵەی دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی و تیئۆری «خومەینیزم» جگە لە دوو ساڵ، هەموو ساڵەکان کۆڕی گشتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، پەسندکراوی لەسەر کۆماری ئیسلامی بە هۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ پەسند کردوە.

پێشینەی کردەوەی کۆماری ئیسلامی یان بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەگەڕێتەوە بۆ ئاور تێبەردانی سینەما «ڕێکسی ئابادان» لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی. کە ئەوە خاڵی وەرچەخانێک بوو لە سروشتی تێرۆریسمی ئایینیدا، کە یەکەم جار خەڵکی مەدەنی کەوتنە بەر هێرشی کەسە ئایینییەکان و نزیک چوارسەد کەس لەوێ دا سووتان، ئەو کارەساتە تەنیا بۆ تەحریک کردنی ڕووحیەی خەڵک بوو بۆ ئەوەی زیاتر بێنە شەقامەکان.

دەکرێ بڵێین کە کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک دژی مافی مرۆڤە و تەنانەت کەمتر حاڵەت هەیە کە لە یاسای ئەو وڵاتە دژایەتی مافی مرۆڤ و پێشێلکردنی ڕەچاو نەکرابێ.

بۆ نموونە لە حەریمی شەخسی تەنیا لە ساڵی ١٣٨٥ بۆ ١٣٨٦ نیروی ئینتزامی زیاتر لە ١٥٠ هەزار کەسی بە تاوانی حیجابی خەراپ گرتووە و ناچاریان کردوون بەڵێننامەیەک واژۆ بکەن کە ڕێز بگرن لە چۆنیەتی جل و بەرگ لەبەرکردن بە جۆرێک کە لە شێوەی ستانداردەکانی دەسەڵات دەچێ.

یان هەر لەو ساڵە زیاتر لە ١٧ هەزار کەس لە فرودگاکان بە هۆی پۆشینی جل و بەرگی جیاواز ڕاگیراون و لێ پرسینەوەیان لێکراوە و ٨٥٠ ژن دەستبەسەر کراون و مەجبور کراون بەڵێننامە واژۆ بکەن؛ ١٣٠ کەسی دیکەش قەراری گیرانیان بۆ دەرچووە.

پێشێلکردنی مافی سەندیکایەکان و ڕێکخراوەکان، کە بەهۆی سەربەخۆنەبوونیان و پشتگیری نەکردنیان لە یاسای کار و ڕێکخراوە پێوەندیدارەکانی دەوڵەتی، زۆربەی مافەکانی ئەو سەندیکایانە بەتایبەت سەندیکای کرێکارەکان ڕەچاو ناکرێ و پشت گوێ دەخرێ.

ڕەگەزپەرستی و توندوتیژی بە نیسبەت هێندێک ڕەگەز

هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی، لەلایەن کاربەدەستانی ئەو دەسەڵاتە نەفرەت و بێزاری ئایین و نیژادی جوولەکە پەرەی سەندووە. هەروەها سەیدسالاری و دانان و داهێنانی ڕێز و ئیحترامی تایبەت و جێگە و پێگە بۆ سادات -هەڵبەت ئەو ساداتەی بە پێی تاریفی خۆیانەوە ساداتن- بە پیرۆز کردنی هەندێک شت و دانانی هێڵی سوور بۆیان، پێدانی جێگەوپێگە بە هۆی سادات بوون و تەنانەت بە عورف کردنی ڕێبەرایەتی ئێران لە چینی سادات، کە ئەوە خۆی نموونەیەکی ڕەگەزپەرەستی مەزهەبی توندە بەبێ لەبەرچاوگرتنی مافی یەکسانی مرۆڤەکان.

پێشێلکردنی مافی کەمایەتییە ئایینییەکان و قەومی و زمانی و ڕەگەزییەکان، ئێعدامەکانی دوای ئینقلاب، گرتن، ئەشکەنجە کردن و زیندانی کردن، داگیرکردنی ماڵ و دارایی و سەروەتی ئەو کەسانەی کە بە تۆمەتی دژایەتی کۆماری ئیسلامی یان پێداگری لەسەر ماف و داخوازییە ڕەواکانیان دەسبەسەر کراون و نێردراونەتە زیندان یان تووشی حاڵەتی دیکە بوون.

کە نموونەی ئەوانە ئێعدامی عەلی دەشتی بە تاوانی بڵاو کردنەوەی کتێبی ٢٣ ساڵ و کۆمەڵێک کەسی دیکە بۆ هۆی گۆڕینی ئایینەوە.

دەرکردنی فەتوای کوشتن بەدژی تاک یان کۆمەڵێک کەس لەلایەن ڕێبەری و مەرجەعە تەقلیدەکانی ئەو دەسەڵاتە و پەرەپێدان بە توندوتیژی و ئیزنی کوشتنی خەڵک بە لایەنگرانیان، وەک دەرکردنی فتوای کوشتنی «سەلمان ڕوشدی» لە لایەن خومەینییەوە. ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە هەر تاکێک کە خۆی لە برانبەر ئایینەکەی بە بەرپرسیار دەزانێ، بە لێکدانەوە و عەقڵییەتی خۆی ئەو مافەی بۆخۆی بەڕەوا بزانێ کە لە پێناو پاراستنی ئایینەکەی مافی هەر جینایەتێکی هەیە و ئیستلاحی «مهدورالدم» یەک لەو نموونانەیە کە مافی کوشتن و ڕشتنی خوێنی تاکێک یان باوەڕمەندان بە ئایینێکی دیاری کراو دەدات.

ئەزیەت و ئازار و ئەشکەنجە و کوشتنی بەهائییەکان یان بێدینەکان، یارسانییەکان و دەروێشەکانی گوناباد و موڕەبیان و شاگردانی عیرفانی کەیهانی یان عیرفانی حەڵقە.

هەر مسوڵمانێک کە دینەکەی بگۆڕێ یان باس لە باوەڕمەند نەبوون بە نیسبەت ئەو دینە بکات، ئەگەر ئێعدامیش نەکرێ مافی هیچ حقوقێکی شارومەندی، یاسایی و ئینسانی نییە و بە توندی سەرکووت دەکرێ. یانی بە پێی یاسای سزادانی گشتی کۆماری ئیسلامی هەرکەس لە ئایینی ئیسلام بسوورێتەوە سزاکەی ئێعدامە.

پێشێلکردنی مافی هەوڕەگەزخوازەکان، دووڕەگەزخوازەکان و هتد..

بەپێی ڕاپۆرتی هەوالنێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە کۆماری ئیسلامی مافی (دگرباشان جنسی) بە توندوتیژی بە شێوەیەکی بەربڵاو و سازماندراو پێشێل دەکات و تەنانەت ئەو توندوتیژیانە بە یاسا کراون. ئەو پێشێل کاریانە لەلایەن بەشێک لە میدیاکانی سەر بەو دەسەڵاتە پشتیوانی لێ کراوە ئەو دەسەڵاتە بە قامچی، ئەشکەنجەدانی ڕوحی و ڕەوانی، بێبەریکردنیان لە کومەڵێک ماف بە هۆی جۆری ڕەگەزییان و تەنانەت ئێعدامیش وڵامی داونەتەوە کە بەپێی هێندێک ئامار ڕێژەی ئێعدام کردنی ئەو جۆرە کەسانە تاکوو ئێستا خۆ لە ٤ هەزار کەس دەدا.

پێشێلکردنی مافی نووسەران، لە ڕاگرتنی چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێب و نووسراوەکانیان، تا گرتن و ئەزییەت و ئازاریان و هەندێک جار کوشتن و بێ سەروشوێن کردنیان.

پێشێلکردنی مافی مامۆستایانی قووتابخانە و زانکۆکان بە دانانی هەندێک مەرج بۆ جۆری هەڵسووکەوت لەسەر کلاس یان گوتنی هەندێک بابەت کە ڕەزامەندی و باوەڕی خۆیان لەسەر ئەو شتانەی دەیڵێین هیچ بۆ دەسەڵاتداران و بەرپرسانی ئەو دەسەڵاتە گرینگ نییە.

شۆڕشی فەرهەنگی لە دوای شۆڕشی ساڵی ٥٧ کە بە یەکدەست کردنی زانکۆکان و بە ئیسلامی کردنی ئەو شوێنانە بە جۆری بۆچوونی تیئۆری ویلایەتی فەقیە ناوزەد کرا، کە بوو بەهۆی دەرکردن و هەڵپەساردن و تەنانەت گیرانی کۆمەڵێک مامۆستا و خویندکارەکان و لە دوای ئەویش تاکوو

سەرکووت کردنی خۆپێشاندانی خوێندکاران لەساڵی ٧٨ی هەتاوی، پێشێلکردنی مافی ئەو چینە بەردەوامە؛ زۆر جارانیش بەهۆی بیر و باوەڕی جیاواز یان ئایینێکی جیاواز ڕێگە نەدراوە بەو کەسانە کە بتوانن بچنە زانکۆکان. بە جۆرێک کە لە دوای خۆپێشاندانەکانی ساڵی ٨٨، لە دوای ئەو تا ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی لانیکەم زیاتر لە ٢ هەزار خوێندکار بانگکران، دەنگ دران و دەستبەسەر کران و هەندێکیش دەرکران. لەڕاستیدا ژینگەی زانکۆکان هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی حاڵەتی ئەمنییەتی و پادگانی بە خۆیەوە گرت و هەتاکوو ئێستاکەش وایە.

ئەو پێشێلکارییانە تەنیا تایبەت بەو چینانە نەبوون کە باس کران، بەڵکوو مافی کرێکاران، مافی ژنان، مافی منداڵانیش بەشێکی بەرچاو لە پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەرامبەر خەڵک و مافەکانیان دایە.

دژایەتی لەگەڵ بەڵگەنامەی ٢٠٣٠ یوونسکۆ کە ئیجرایی کردنی بە مانا و واتای ڕێزگرتن لە بەشی هەرە زۆری مافە سەرەتاییەکان و سەرەکییەکان بوو کە بە هۆی ڕاگرتنی ئەو بەڵگەنامەیە و دووپات کردنەوەی پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە بازنەی مافی مرۆڤدا، لەلایەن خامنەیی پووچەڵ و غەیری شەرعی ڕاگەیەندرا.

ئازادی گووتن، یان ئازادی بیروڕا دەربڕین، لە ئێران بەردەوام و ڕۆژانە پێشێل دەکرێ بۆ نموونە مادده و خاڵەکانی ٥١٣ و ٥١٤ی یاسای سزادانی گشتی بە ڕوونی باسی سەپاندنی سزا لە چوارچێوەی باس کردن و دەربڕینی ئازادانەی بیروڕا و بیرۆکەکان دەکەن. (لەو دوو یاسایەدا ڕەتکردنەوە یان قبوڵ نەکردنی ئەو بابەتانەی کە لەلایەن ئەو کەسانەی نێویان لەو دوو خاڵەدا هاتوە بە بێ ڕێزی وەردەگیرێ و بە دژی ئەو کەسانە بەکار دەهێنرێ)

یان خاڵەکانی ٦١٠،٦١٨ لە یاسای سزا دانی گشتی کۆماری ئیسلامی کە بەرتەسککردنەوەی مافی خۆپێشاندان و کۆبوونەوەکان و پێکهێنانی کۆڕە گشتیەکانە تەنانەت لە جۆێکی ئارام و ئاشتیخوازانەشدا. بە شێوەیەک کە لە چەشنی دارشتنی ئەو خاڵانە هەڕەشەیەکی توند و شاراوەی تێدایە و خۆپێشاندان و خڕ بوونەوەکان لە ڕوانگەی ئەمنییەتی و تێکدانی ئاسایش و نەزم دەبینێ؛ مەگەر ئەوەی پێچەوانەکەی لەلایەن خۆپێشاندەرانەوە بسەلمێندرێ. لە خۆپێشاندانەکانی دەیەی ڕابردوودا دیتراوە کە زۆربەی هەرە زۆری جارەکان ئەوە هێز و لایەنگرانی دەسەڵات بوون کە خۆپێشاندانەکەنیان ئاڵۆز کردوە و دواییش خەڵکی ئاسایی و خۆپێشاندەرانیان بە بیانووی تێکدانی ئاسایشی گشتی و هەڕەشە بۆسەر ئەمنییەتی وڵات دەستبەسەر و ئەشکەنجە و زیندانی کردوە؛ سەرکوتکردنی توندی خۆپێشاندانەکانی سەرشەقام کە مافێکی سەرەتایی و پێناسەکراوە لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتاندا، وەک سەرکوت کردنی خۆپێشاندانەکانی ٨٨،٩٦،٩٧،٩٨ کە سەرکوتی خۆپێشاندانی ٩٨ یەکێک بوو لە هەرە سەرکوتە توند و دڕندانەکەی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر داخوازییە ڕەواکانی نەتەوەکانی نێو ئێرانن.

پێشێلکاری مافی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان، ئازادی کەلتوورییەکان هەروەها پێشێلکردنی مافی کەسانێک کە قوربانی دەستی دەستدرێژی سێکسین بە پشتیوانی لە تۆمەتباران و تاوانبارانی ئەو دەستدرێژییانە، کە نمونەی ئاشکرای ئەو مەسەلەیە کەسێک بە نێوی عەباس غەفارییە کە وەک کووتراوە زیاتر لە ٢١٠ کەیسی دەست درێژی سێکسی بۆ سەر ژنانی بووە و بێدەنگی لێکراوە و تەنیا کاتێک باسکراوە کە بۆتە قوماری نێو شەڕە نێوخۆییەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی. نموونەی دیکە کەسی بەناوبانگ سەعید توووسییە کە بە دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان و مێرمنداڵان تۆمەتبار کرا و لەلایەن یەکێک لە نوێنەرانی مەجلیسی ئێران بەڵگەیەکی لێ بڵاو کرایەوە کە لەوێدا بۆخۆی بە ئاشکرا دان بەسەر ئەو کارە دادەنێ و ئێعتراف دەکا بەڵام بە هاوکاری بەرپرسی ئەو کاتی دەفتەری ڕێبەڕی ئێران و ڕەئیس دەزگای داد و دادستانی تاران قەراری مەنعی بەدواداچوون یان بڵێین بەستنی کەیسەکەی بۆ دەردەکەن، هەرچەند کە بنەماڵەی ئەو قوربانیانە ڕەزامەندی خۆیان بە نیسبەت ئەو کەسە دەرنەبڕی بەڵام چی تر وڵامیان نەدانەوە.

ئەوەش زۆر شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە هەر بە پێی دانپێدانانی کەسانی دەستبەسەر کراو، دەستدرێژی سێکسی و گێچەڵە سێکسییەکان لە تاریکخانەکانی کۆماری ئیسلامی یەکێکە لە ئەشکەنجەکانی دەستبەسەر کراوەکانە، کەوایە سیستەمێک کە ئەو دەستدرێژییانە بە شێوەیەکی سیستماتیک دەکا تاوەکوو چالاکان و خەڵکی ئەو وڵاتە لە هەمبەر زوڵم و زۆری و چەوسانەوە بێدەنگ بکا، زۆر چەتوونە لەگەڵ ئاشکرا بوونی ئەو تاوانانە بە پێی یاساوڕیسا لەگەڵ کەسانی نیزیک لەخۆی بجووڵێتەوە.

لێبووردوویی نێونەتەوەیی بارودۆخی زیندانەکانی ئێرانی بێڕوحامانە و دژەمرۆیی وەسف کردوە؛ وەک نەبوونی ئیمکاناتی بێهداشتی، کەمی پێڕاگەیشتن و گوێ نەدان بە سەرەتایترین ئیمکانات کە خۆی ناڕاستەوخۆ وەک ئەشکەنجە کردنی ڕووحی و دەروونی وایە و زیندانەکان لەجیات ئەوەی ببنە شوێنی پەروەردەکردنەوەی ئەو کەسانە یان تەحەموولی ماوەی دیاری کراو دەبێتە ئەشکەنجەخانەیەکی تر بۆ ئەو کەسانە.

لەلایەکی دیکەوە کۆماری ئیسلامی لە ئێعدام کردندا دەستێکی باڵای هەیە بەو جۆرە کە لە ساڵی ٢٠٢٠ی زایینیدا بە گەوێرەی ڕاپۆرتەکان یەک لەسەر سێی ئێعدامەکان لە ئێران کراون. ئەو ئێعدامانە لە سەرەتای دامەزرانی ئەو ڕێژیم و دەسەڵاتە بەهۆی جۆراوجۆر بۆ حەزف کردن و لەنێوبردنی دەنگە موخالیفەکان بە کار بردراوە کە بە پێی بیر و بۆچوونی ئیدئۆلۆژیکی بەرپرسانە ئەو دەسەڵاتە تەنانەت شێواز و جۆر و کاتی ئێعدام کردنەکانیش دژە ئینسانی بووە وەک ئێعدامی پێشمەرگەکان بێ دادگایی کردن، بەردەباران کردن، ڕەشبگیری و ئێعدامی بەکۆمەڵی لاوەکانی شارێک بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵک، ئێعدام بە هۆی ئەوە کە یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەی قوربانی دژی کۆماری ئیسلامی بووە. (بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو دەسەڵاتە زۆر کراوە.) بۆ نموونە ٥٩ لاوی مەهاباد بە بێ پرۆسەیەکی یاسایی لە دادگایەکی چەند خولەکیدا سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپا یان کەسێک بە ناوی «کیانی» لە ساڵی ٨٦ بە هۆی پێوەندی سێکسی بەردەباران کرا. ئێعدام بە هۆی عەقیدەی جیاواز و قبوڵی ڕەوشتێکی سیاسی جیاواز و بوون بە ئەندامی حیزبێک لە غەیری ئەو چەند حیزبەی بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە دایانمەزراندوە یان قبوڵیان بوە. ئێعدامی زیندانیانی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی بە دەستووری خومەینی، ئیعدامە بە کۆمەڵەکان، ئیعدامی وەرزیشکارەکان، ئێعدامە کەیفەرییەکان

-بەهـۆی قەتڵ و کوشـتن- ئیعدامـی منداڵـەکان، کـە بـۆ نموونـە کچێکـی شـانزدە سـاڵە بـە تاوانـی پێوەنـدی سێکسـی لـە شـاری نیـکای شـومال لەبەرچـاوی خەڵـک ئیعـدام کـرا. ئیعدامـی هاوڕەگەزخوازەکان و ڕەفاندن و تیرۆری موخالیفەکان. ئەوانە هـەر هەمـووی بەشـێکن لـە کووشـتن و سـتاندنی مافـی ژیـان لـە خەڵک و نەتەوەکانی ئێران، کە هەرچەند بەپێی سیاسەتەکانی ڕێژیمـی ئێـران بەروونـی دەرناکـەوەن بـەڵام بـە پێـی هەندێـک سـەرچاوە لـە سـاڵی ١٣٥٧ هەتاکوو ١٣٩٩ی هەتـاوی زیاتـر لـە ٤٤٦٠٠ ئینسـان بـە شـێوازی جۆراوجـۆر کـوژراون و ئـەو ئامارەش جیا لە ئاماری چەند هەزار کوژراو و بێ سەروشوێن کـراوی شـەڕی کوردسـتانە کـە بەدەسـت پیاوکوژانـی کۆمـاری ئیسـلامی و بەبـێ دادگاییکـردن مافـی ژیانیـان لێسـتێنراوە.

بـڵاو کردنـەوە و پـەرە پێـدان بـە مـادە هۆشـبەرەکان و زیـاد کردنـی ڕۆژ بـە ڕۆژی مۆعتـادەکان یـان کەسـانی ئالـودە بـەو مەوادانـە یەکێکـی تـر لـە دەسـکەوتەکانی کۆمـاری ئیسـلامییە لـە پێشـێلکردنی مافـی مـرۆڤ. بەپێـی هەندێـک سـەرچاوەی ئەوسـاڵەی کـە تێیدایـن لانیکـەم ١٢میلیـۆن کـەس ئالـوودە بـە مـاددە هۆشـبەرەکانن و نیزیکـەی ٥میلیـۆن کـەس لـەو چینـەن کـە بـەردەوام ئـەو مـەوادە بـەکار دەهێنن و بە کوردییەکی پەتی و خۆماڵییانە مۆعتادی سیفرن. ئێران بەبۆنـەی سـوپای پاسدارانەوە گەورەترین و گرینگترین ڕێگەیە بۆ قاچاغی مادە هۆشبەرەکان، لە ڕاپۆرتێکی مەحرەمانە و نەهێنـی ڕێکخـراوی نەتەوەیەکگرتوەکانـدا کـە دوایـی بـڵاو و ئاشـکرا بـووە، دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسـلامی بـە گەورەتریـن قاچاغچی مادە هۆشـبەرەکان لە ئاستی جیهانیدا نێو بردراوە. هـەر بۆیـەش یەکێـک لـە هـۆکارە سـەرەکییەکانی دژایەتـی پەیماننامـەی "ئێـف ئێـی تـی ئێـف" و قبـوڵ نەکردنـی حیسابرەسـی لـە بـارەی ڕۆڵـی سـوپای پاسـداران لـە زەمینـەی قاچاغـی مـادە هۆشـبەرەکان و پوڵشـوویی ئـەوە بـووە، کـە بەرپرسـانی بـاڵای کۆماری ئیسلامی وەک ڕوحانی ئیشارەیان بەو مەسەلەیە کردوە. دژایەتـی کـردن لەگـەڵ کرینـی ڤاکسـێنی کۆرۆنـا و کوشـتنی سیسـتەماتیکی خەڵـک بـە شـێوەیەکی نـوێ، نوێتریـن پێشـێلکاری کۆماری ئیسلامی بەنیسـبەت گەلانی نێو ئێرانە، کە تەنیا بە یەک وتـەی خامەنەیـی کـە دەسـەڵاتداری سـەرەکییە لـە ئێـران، کرینـی پێکووتـەی ئـەو پەتایـە قەدەغـە کـراوە و ئێسـتاش دۆخـی ئێـران بەنیسـبەت وڵاتانـی دیکـە لـە بەرامبـەر ئـەو نەخۆشـی و پەتایـە لـە ئاسـتێکی خـراپ دایـە. ئـەوە تەنیـا بەشـێک لـە جینایەتەکانی کۆمـاری ئیسـلامی لـە نێوخـۆی ئێرانـە ئەویـش بـە شـێوەیەکی سادە و ساکار و تەنیا وەک چاو پێخشاندنێک باسمان کردن. کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتیش بەردەوام بووە لە پێشل کردنی مافەکان.

وەک خـۆ تێگلانـدن لـە شـەڕی وڵاتانـی دیکـە یـان سـەرکووت کردنـی شۆڕشـی خەڵکـی ئـەو وڵاتانـە بـۆ وەدیهاتنـی مافەکانیـان، بۆ نموونە خۆ تێوەردان لە شـەڕی سـوورییە، کێشـەکانی لوبنان و شـەڕی یەمەن و کێشـەکانی ئیسـرائیل و فەلەسـتین، کە بەشـێکن لـە پشـتگیری تیرۆریسـمی نێونەتەوەیـی کۆمـاری ئیسـلامی یـان ئاشـکرابوونی بەڵگـە لـە پشـتگیری ئـەو دەسـەڵاتە لـە ڕاهێنـان و پشـتیوانی ئابـووری و نیزامـی و دابینکردنـی ئیمکاناتـی پێویسـت بـۆ گرووپـە تیرۆریسـتییەکان وەک داعـش، تالیبـان، ئەلقاعیـدە و ئەسـاعیبی ئەهلـی حەق یان سـاز کردنی زەینەبییوون و فاتمیوون بـۆ پەرەپێـدان بـە بیـر و بـاوەڕە دژە ئینسـانیانەی خـۆی و تێکدانـی ژینگـە و ئاسـایش و ئەمنییەتـی خەڵـک و کۆمەڵگـەی وڵاتانـی دیکـە.

بەڵام کردەوە جیهانییەکان و نێونەتەوەییەکان بە نیسبەت کۆماری ئیسلامی چ بووە؟

دونیا چۆن بەرەو ڕووی ئەو بابەتانە بووەتەوە؟

بەگشـتی و بەکورتـی ئەگـەر بمهـەوێ باسـی بکـەم، شـورای مافـی مرۆڤـی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان زۆر جـار و هەروەهـا دادگای نێونەتەوەیـی لاهـە و ڕێژەیەکـی بەرچـاو لـە وڵاتانـی جیهـان وەک ٤٧ وڵات لـە نامەیەکـدا و لـە دانیشـتنێکی دیکـە لـە خەزەڵـوەری سـاڵی ١٣٩٩، ٧٩ وڵات، هەروەهـا چەندیـن ڕێکخـراوی مافـی مـرۆڤ، پێشـێلکردنی مافـی مرۆڤیـان لەلایـەن کۆمـاری ئیسـلامییەوە بـە توونـدی مەحکـووم کـردوە. لـە دانیشـتنی ٢٨ی خەزەڵـوەری ١٣٩٩ی هەتـاوی ٦٧ەمیـن پەسـندکراوی مەحکومکردنـی کۆمـاری ئیسـلامی لـە کـۆڕی گشـتی ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان بـە هـۆی پێشـێلکردنی توونـد و بەرچـاو و ئاشـکرای مافـی مـرۆڤ پەسـند کـرا. هەروەهـا پارلەمانـی ئورووپـا لـە ٢٧ سـەرماوەزی سـاڵی ١٣٩٩ی هەتـاوی پەسـندکراوی پێشـێلکردنی مافـی مرۆڤـی لـە ئێران پەسند کردوو و داوای لە ئێران کرد بە زووترین کات دەسـت لـەو پێشـێل کارییانـە و بـە تایبـەت گرتـن و سـەرکووت و دان پێدانانـی بـە زۆرەملـی و ئیعـدام کـردن هەڵگـرێ. هەروەهـا لـە ٢٣ی ڕێبەندانـی ١٣٩٩ی هەتـاوی نوێنەرانـی پارلەمانـی ئەمریـکا بـە هـەردووک باڵـی دێموکـرات و کۆماریخـواز، پەسـند کراوێکیـان پەسـند کـرد کـە پشـتیوانی لـە ئێرانێکـی سـێکۆلار و دێموکـرات و ئـازاد دەکـەن و کۆمـاری ئیسـلامییش بـە هـۆی دووژمنەیاتـی لەگـەڵ خەڵکـی و کـردەوە تێرۆریسـتیەکان مەحکـوم دەکـەن. لـە ٣٠ی گەلاوێـژی سـاڵی ١٤٠٠ هەتـاوی واتـە ئەوسـاڵ لـە نوێتریـن ڕاپـۆرت بـۆ ڕێکخـراوی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە بـواری مافـی مرۆڤـدا، جاویـد ڕەحمـان نیگەرانـی خـۆی لـە خراپتـر بوونـی دۆخـی مافـی مـرۆڤ و پێشـێل کردنـی ئاشـکرا و توونـدی کۆمـاری ئیسـلامی دەربـڕی. لـە حاڵێکـدا هەمـوو ئـەو کێشـە و مەسـەلانەی کـە دەسـەڵات بـۆ گەلانـی ئێرانـی سـاز کـردوە و بـە ئاسمیلاسـیۆنی هـزری و کەلتـووری هـەوڵی لـە نێوبردنـی ویسـت و خواسـتە ئینسـانی و زاتییـەکان دەدات، دۆخەکـە بـۆ کـورد و لـە نێـو کوردیـش دا بـۆ ژن چەنـد قـات دژوارتـر و سـەختتر بـووە. لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بـە کەمکردنـەوەی بوودجـەی چاکسـازی و دابیـن نەکردنـی زەروورییاتـی ژیانـی کۆمەڵایەتـی و ژینگەیـی خەڵکانـی نیشـتەجێی ئـەو قەوارەیـە، هەروەهـا بـە ئەمنییەتـی کردنـی هەمـوو پـرس و بابەتێـک لـە هـەر ڕەهەنـد و بوارێکدا کەبێ، دەزگای سـەرکووت و سانسـۆر لە ئاستێکی زۆر بەرچـاودا ڕۆڵ دەگێـڕێ؛ ئەوانـەش لـە حاڵێـک دایـە کـە دۆخـی کار و چالاکی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی سـەرانسـەری ڕۆژهـەڵات ڕۆژ بـە ڕۆژ لەلایـەن دەسـەڵاتی مەلایانـەوە چەتووتـر دەبـێ. بەتایبـەت کـە ژنانـی کـورد زۆر چالاکانـە و وشـیارانە ئەرکـە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان بە شێوەی سەربەخۆ یان ڕێکخراوەیی دەبەنـە پێـش و ڕۆژانـەش کەسـانی زیاتـر دێنـە نێـو بازنـەی ئـەو جـۆرە هەڵسـووکەوت و تێکۆشـانانەدا. بەداخـەوە نەبوونـی ناوەند و ڕێکخراوی هەواڵنێری سـەربەخۆ و هەروەها کپکردنی دەنگـی چالاکوانانـی ڕۆژهـەڵات و لـە گەمـارۆ هاویشـتنی ئـەو تێکۆشـەرانە بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ، هەروەهـا نەبوونـی هاودەنگـی و هەودڵـی چالاکوانانـی گەلانـی دیکـەی ئێران لەگـەڵ تێکۆشـەرانی کـورد (بەپێچەوانـەی چالاکوانانـی کـورد کـە

بۆ دۆخی گەلانی دیکەی ئێران زۆربەی کاتەکان لەسەر خەتن) بۆتە هۆی سازبوونی کەند و کۆسپێکی زیاتر بە نیسبەت بەشەکانی دیکەی ئێران. هاوکات بەو داب و نەریتەی کە کۆماری ئیسلامی ئێران لە سەرەتای هاتنە سەرکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردوویەتە باو وەک بەکار هێنانی توندوتیژی، سەرکوت و تۆقاندن و ڕەشبگیری و وڵامدەر نەبوون لە هەمبەر ئەو کارانە بە بیانووگەلێک وەک مونافق، موحارب و تەجزییە تەڵەب و تێرۆریست، ڕۆژانە بە شێوەیەکی بەردەوام ڕووبەڕووی چالاکوانانی کورد دەبێتەوە. لە نێوان چالاکوانانی کوردیشدا دۆخی تێکۆشەرانی ژن بەنیسبەت پیاوان زیاتر دژوارە و بەهۆی زیاتر ئاوەڵەبوونی دەستی ناوەندە ئەمنییەکان، (بە هۆی یاساکانی کۆماری ئیسلامی و بیروبۆچوونی ویلایەتی فەقیە) دەبینێ کە شێوازی هەڵسووکەوتی ئەو نەهادە ئەمنیی و نیزامییانە لەگەڵ ژنان جگە لە خەستنە مەترسی بۆ سەر گیان، ماڵ و کار و پیشەیان، زۆر جاران چووەتە خانەی هەڕەشە کردن بە دەستدرێژی سێکسی یان هەڕەشە بە ئەسید و ڕفاندن بە مەبەستی لەنێوبردنی ئابڕوو و لێدانی ئەو بەرچەسپانەی کە لەنێو کۆمەڵگەدا تا ڕادەیەکی کەم و زۆر ڕەنگ و بۆنیان هەر ماوە. زۆر جارانیش ئەو نەهاد و دەزگایانە بەپێی دەستورات و پلانەکان کە لە ناوەندەوە دادەڕێژرێ و پێیان دەگوترێ، لە ڕێگەی ئەو یاساگەلەی کە دژ بە ژنانە ڕێخۆشکەر دەبن بۆ ڕەفتارە کۆمەڵایەتییە ناباشەکان و لە بەرانبەریشدا پێش بەو ڕێکخراو و چالاکوانانە دەگرن کە هەوڵی چاکسازیان هەیە بە نیسبەت ئەو کێشانە. هەر بۆیە بۆ نموونە دەبینین کە لە یەک ساڵی ڕابردوودا تەنیا لە کێشە و مەسەلەی ژنکوژیدا، ٤١ ژن بە بیانووی جۆراوجۆر وەک کێشەی خێزانی، شەرەف، خوازبێنی و حاڵەتی نادیار کوژراون کە نەبوونی یاسای پێویست و هەروەها ڕەوتی کردەوەیی دادگاکان و نەبوونی پشتگیری دەوڵەتی بووە بە هۆی زیاتر بوونی ئەو مەسەلەیە. لە لایەکی دیکەوە لانیکەم ٩٤ حاڵەتی خۆکوژی ژنان لەبەر دۆخی ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، کەلتووری و ئابووری و ...هتد لەو یەکساڵەدا تۆمار کراوە؛ خۆی ئەو ئامار و داتایانە دەرخەری ئەوەیە کە نە تەنیا دەسەڵات و لایەنە پێوەندیدارەکانی دەسەڵات هیچ هەوڵێکیان بۆ چاکسازی و باشتر کردنی دۆخەکە نەداوە، لە هەمان کاتدا بە کەند و کۆسپ ساز کردن لەسەر ڕێی ڕێکخراوە پێوەندیدارەکان هەلومەرجێکی باشتریان ڕەخساندوە بۆ زیاتر بوونی ئەو جۆرە ڕووداوانە؛ هەڵسەنگاندنی ئاماری ساڵەکانی پێشوو و زیادبوونی بەرچاوی ئەو ڕێژەیە خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە.

بەڵام بەشی دیکەی ڕەفتاری کۆماری ئیسلامییە لەگەڵ چالاکوانانی ژن؛ بە گرتن و هەڕشە لە خۆی و بنەماڵەی تاکوو گوشار هێنان بۆ هاوکاری کردن و دەست کشاندنەوە لەو هەوڵ و تێکۆشانە ئینسانی و مەدەنییانەیە. بە جۆرێک کە هەڕەشەی دەستدرێژی سێکسی لەنێو بەندینخانە کاتییەکان و لێکۆڵینەوەکان لەنێو دامودەزگای حکوومەتدا بۆتە بابەتێکی سیستماتیک و ڕۆژانە و زۆر جارانیش ئەو هەڕشانە چوونەتە خانەی جێبەجێ کردنەوە، کە بەداخەوە بە هۆی دۆخی نالەباری کەلتووری و نەبوونی میدیای بەهێز و سانسۆری بەردەوامی هەواڵ و ...هتد، زۆربەی هەرەزۆری ئەو کەسانە بێدەنگی هەڵدەبژێرن و لەو بوارەوە ڕاپۆرت و دەیتایەک بەردەست نییە.

دۆخی ژنان لە چالاکی سیاسی و مەدەنیدا نەتەنیا باشتر لە بوارەکانی دیکە و چالاکوانانی ڕەهەندەکانی دیکەی خەباتی مەدەنی نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەیە؛ هەر وەک ڕاگرتنی ژنی دووگیان لە بەندیخانە، پێشگرتن لە مافە دیاریکراوەکان بە نیسبەت ژنانی دەستبەسەرکراو، ڕاگرتن و لێپرسینەوە بەبێ بەڵگە و ...هتد. هەمووی ئەوانە جیا لەو هەڕەشەی ڕۆژانە و جۆراجۆری دەزگا ئەمنیی و نیزامییەکانە بۆسەر ژنانی کورد.

لەڕاستیدا هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری مەلاکان و بەدەست گرتنی دەسەڵات لەلایەن ئەوانەوە، کوردستان بوو بە مەکۆی خۆڕاگری و بەرخۆدان بە نیسبەت گەمارۆ و هەڕەشە و کردەوەی دەسەڵات بە نیسبەت کوردستان و تەمی نادیاری گەمارۆکان لەسەر ڕۆژهەڵات و جیاکردنەوەی جۆری هەڵسووکەوت و ڕەفتار (هەڵبژاردنی توندترین ڕەفتارە دژە ئینسانی و مرۆیی) بە نیسبەت بەشەکانی دیکەی ئێران بۆتە هۆی زیاتر قوربانی دانی گەلی کورد بە نیسبەت گەلانی دیکەی ئەو وڵاتە.

ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆژبەڕۆژ زیاتر ڕووی ڕاستی خۆی دەردەخا و نیشان دەدا کە نەتەنیا گوێی لە هەڵوێست و مەحکوم کردنەکان و تەنانەت تا ڕادەیەکیش لە تەحریمەکان نییە؛ لە بەرامبەردا بە کردەوە و ڕەفتاریش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکا کە داوای ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و داخوازییەکانی خەڵک دەکەن لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە، چەند شت بۆ ئێمە ڕوون و ئاشکرا دەکا کە یەکەم گوشاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی دیکەیە کە یان بە پێی پێویست نەبووە، یان پێویستی بە نوێ کردنەوە و زیاتر کردنەوە و هەڵسووکەوتێکی جیددی و توندتر هەیە. دووهەم لەلایەکی تریشەوە خەڵکی ئێران و نەتەوەکانی نێو ئێران کەمتر هەوڵی سەبت و باس کردنی ئەو پێشێلکارییانە دەدەن، یانی کەسانێک کە ئەو پێشێلکارییانە دەدرکێنن و باسی ئەو جینایەتانە دەکەن بە نیسبەت کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی زۆر زۆر کەمترە، ڕەنگە تەواوی ئەو شتانەی کە باسمان کردن یان لەبیرمان چوو کە باسیان بکەین بە نیسبەت بەدواداچوونی قوربانییەکان و بنەماڵەکانیان زۆر زیاتر و لە ڕادە بەدەرتر بێ. سێهەم لاواز بوونی یەکدەنگییەکی دروست و بە بنەما و یاسایی و سازمانی لەلایەن ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی ڕوو بە ڕێکخراو و وڵاتانی دیکە و مەرجەعە فەرمییەکانی نێونەتەوەیی بەنیسبەت ئەو جینایەتانە و پێشێلکارییانە. چوارەم ململانێی وڵاتانی زلهێز لەگەڵ یەکدی بواری ئابوورییەوە و کەڵک وەرگرتنی کۆماری ئیسلامی ئێران لەو بابەتە، کە بۆتە هۆی قوربانی بوونی مافی خەڵک و گەلانی ئێران.

لە کۆتا قسەدا بەباشی دەزانم ئاماژە بەوە بکەم کە دەسەڵاتێک کە لە زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریدا لە هەموو بوارێکەوە ڕۆژبەڕۆژ بەرەو لاوازی گەندەڵی و جینایەت بڕوا و کۆمەڵگەی بەرەو هەڵدێری لێک هەڵوەشان و نائومێدی و تاریکی بەرێ، چاکسازی یان ئومێد بە چاکسازیی لەو دەسەڵاتە و سیستەمە وەک لە ئارەزووی گەڕانەوەی تەمەنی لاوی بۆ پیرێک یان هاتنی ڕۆژ لە نیوەشەوێکی تاریک دایە.

# زارا محەممەدی کچەکوردێک لەڕەگەزی هەتاو و لە بەندی تاریکپەرستاندا



هەیبەت محەممەدی



زارا محەممەدی کچە کوردی سی و یەک ساڵە لە ناوچەی لەیلاخ سەربە پارێزگای سنە لەدایک بووە و لە بنەماڵەیەکی دەستکووسرت گەورە بووە.

زارا بە درێژایی تەمەنی لەنێو کۆمەڵگەیەکی چەوساوە نەک هەر تەنیا لە بواری ئابوورییەوە بەڵکوو لە بواری زانست و بەتایبەت سیستمی پەروردەیی پڕ لە کێشە دابووە. زارا بە هەستپێکردن بە ڕەنج و ئازار و کێشەکانی ئەو کۆمەڵگەیە کە تێیدا گەورە بووە، خۆی بە بەرپرس زانیوە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەگەلێکی کە گیرۆدەی خەڵک بووە هەوڵدان و تێکۆشانی کردووە.

زارا لەسەر ئەو بنەما بیرییە کە پەروەردەیەکی دروست و بنەڕەتی دەتوانێ کاراکتێر لەنێو کۆمەڵگەدا دروست بکات، ڕێبەر لەنێو کۆمەڵگەدا دروست بکات، تاکی کۆمەڵگە بەرپرسیار بار بێنێ. لە پێناو چارەنووسی نەتەوە و خاک و نیشتمانەکەی. تەنانەت پەروەردەیە کە تاکی کۆمەڵگە باردێنێ بۆ پاراستنی خاک و نیشتمانەکەی ئەگەر پێویست بوو قوربانی بدات. هەروەها نەبوونی پەروەردەیەکی شیاو تا چ ڕادەیەک سەرلێشێواوی، دەستکوورتی و ژێردەست بوون و فەقیری و نەهامەتی لە کۆمەڵگە دەخولقێنێ.

زارا هەستی بەو پێویستییە کرد کە دەبێ لە کۆمەڵگەی ئێمە پەروەردەیەکی دروست هەبێ، بەداخەوە بە هۆی ئەو چارەنووسەی کە ئێمەی کورد تووشی بووین تەنیا پەروەردەیەک کە لەبەردەستی منداڵەکانی ئێمەدا هەیە، لە خزمەت داگیرکەر دایە و تەنیا شتێکە کە فێری تاکی کۆمەڵگەی ئێمە دەکرێ کەلتوور و زمانی داگیرکەرە و تاکی کۆمەڵگەی ئێمە لە شوناس و کەلتووری خۆی دوور دەبێتەوەو تووشی نەبوونی خۆباوەڕی دەبێ، بۆیە زارا هەر لە تەمەنی هەژدە ساڵییەوە خۆبەخشانە و بەبێ هیچ چەشنە پاڵپشتێک تەنیا بە پشتبەستن بە سەرچاوی مرۆیی خۆی و هاوڕێیەکانی یازدە ساڵی ڕەبەق، یازدە ساڵ لە باشترین ساڵەکانی تەمەنی خستووەتە خزمەتی نەتەوەکەی و خەڵکەکەی لە گوند بە گوند و شارۆچکە بە شارۆچکە و هەموو شارەکانی پارێزگای سنە. هەروەها لە پارێزگای کرماشان و ئیلامیش کار و چالاکی بۆ پەروەردە بە زمانی دایکییان کردووە و لە سەخترین بارودۆخدا پەرەی پێداوە و منداڵ و گەنج و لاوی کوردیان فێری زمانی دایکی و شوناسی نەتەوەیی کردوە.

هاوکات لەگەڵ پەروەردە بە زمانی دایکی ڕۆڵێکی زۆر زۆر بەرچاویان گێڕاوە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێمە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، بۆ نموونە: کێشەی مافی ژنان کێشەی مافی منداڵان، منداڵانی کار، کێشەی بێکاری، کێشەی مادده هۆشبەرەکان و کێشەی ئەو ناخۆشی و ئاڵۆزاوی

و ئاژاوەی نێو بنەماڵە و ئەو توندوتیژییانەی بەتایبەت ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە، توانیویانە ڕۆڵێکی زۆر بەرچاو بگێڕن لە ئاگادار کردنەوەی خەڵک کە بتوانن چارەسەرێکی باشتر بۆ کێشەکان بدۆزنەوە. لە ڕووداوە سروشتییەکان وکوو بوومەلەرزەی کرماشان و لافاوی لورستان، بەڕاستی توانیویانە زۆر شێلگیرانە و بەرچاو بەشداری بکەن و یارمەتی کۆبکەنەوە و بیگەیێنن بەدەستی خەڵکی لێقەوماو، بۆ نموونە لە لافاوی لۆڕستاندا بوو بە هۆی ئەوەی کە سەدان هەزار خەڵک ماڵ و حاڵیان لەدەست بدەن. زارا و هاوڕێیەکانی توانیویانە سەرەتاییترین کەلوپەلی پێویستی ئینسانی کۆبکەنەوە و بیگەیێنن بەدەستی خەڵکی لێقەوماوی لۆڕستان و لە زۆر نموونەدا کە خۆی باسی دەکرد هەندێ گوند و شاروچکەی دوورکەوتوو کە بە هۆی لافاوەوە ڕێگاکانیان بەسترابوو و تەنانەت ڕێکخراوە خێرخوازییەکانیش نەیانەدەتوانی بەو ناوچەیە بگەن زارا و هاوڕێیەکانی ئەو یارمەتیگەلەی کۆیان کردبووەوە لەسەر شانیان داناوە و سەعاتها لە شاخ و دۆڵەوە بە پێ ڕۆیشتوون کە ئەو یارمەتیگەلە بگەیێنن بەدەستی ئەو خەڵکە لێقەوماوە لە چەند نموونەدا کە زارا باسی دەکرد کە هەندێ جێگا ئەوان ڕۆیشتبوون، تەنانەت هەفتەیەک دوای لافاوەکە زارا و هاوڕێکانی یەکەمین کەس بوون کە گەیشتبوونە فریای ئەو خەڵکە کە لە کێو لەنێو خێوەت دا دەخەوتن بێ سەرەتاییترین پێداویستی ژیان. بۆیە زارا بە هەست کردن بەو زوڵم و زۆرە و ئەو هەموو نادادپەروەرییە لە حەقی گەلەکەیدا کراوە زۆر شێلگیرانە و خۆبەخشانە و بە تەواو مانا و بە بڕواوە هەوڵی داوە و خزمەتی کردوە و بەردەوامیش دەبێ و قەت کۆڵ نادا و وەک خۆیی دەڵێ بەندیخانە باوەڕمەندتری دەکات لەسەر بڕواکانی و زارا ئێستا کە لە زیندانیشە شۆڕشی زارا لە قووڵایی دڵی ڕۆژهەڵات بەردەوامە و بەردەوامیش دەبێ.

زارا چەندین جار لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی پاش دەسبەسەرکردنی تاکوو بڕیاری کۆتایی دادگا و سەپاندنی حوکمەکەی چەندین جار ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعاتی سنەوە پێوەندی پێوە کرابوو و داوای لێکرابوو کە بڕواتە دەرەوەی وڵات یان ئەوەی کە واز لە کار و چالاکییەکانی بێنێ، و ئیتلاعاتیش دەست لەو حوکمە هەڵدەگرێ و زاراش پێیان دەڵێ کە هەر ئەمڕۆ لە سێدارەم دەن ئەمن حازر نیم خەڵکەکم و خاکەکم بەجێ بهێڵم، چونکە خەڵکی ئێمە لە زۆر بواردا کاتێک کە پاڵپشتی لە نوخبەکان و پاڵپشتی لە چالاکان دەکەن و ئەو چالاکانە بە کەمترین فشار یان وڵات بەجێ دەهێڵن یان واز لە چالاکی دێنن، خەڵکی ئێمەی بێهیوا کردوە و زارا دەیەوێ بیسەلمێنێ کە حازرە لەپێناو ئەو مافخوازییە نرخەکەی بدا، و لە وڵامی ئەوەش کە بەڵێنی بدا دەست لە چالاکی بکێشێ، زارا دەڵێ: نەک هەر تەنیا پێنج ساڵ، حوکمی هەتاهەتاییشم بدەنێ ئەمن دەست لە چالاکی هەڵناگرم. بۆیە زارا دەیهەوێ مێژوویەکی نوێ بخولقێنێ ، بڕوا بە خۆبوونێکی تازە بە کۆمەڵگەی ئێمە ببخشێ و تاکی کۆمەڵگەی ئێمە فێری ئەوە بکا کە ژیانی ئازاد نرخی دەوێ و ئێمە دەتوانین داوای مافەکانمان بکەین و پێویست بوو نرخەکەی بدین.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی کۆتاییی خولی فێرکردنی زمانی کوردی لە شاری شنۆ







کۆڕی ڕێزگرتن لە فێرخوازانی زمانی کوردی لەلایەن ناوەندی زانستپەروەری بۆ ژیان لە شاری شنۆ بەڕێوە چوو.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٢ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی، ناوەندی زانستپەروەری بۆ ژیان، وەک ناوەندێکی چالاک لە بواری "زمانەوانی و ڕۆشەنگەری" لە شاری شنۆ، ڕێوڕەسمێکی کۆتایی و ڕێزلێنانی بۆ ٦٠ قوتابی سەرکەوتوو کە بۆ ماوەی ٣مانگ چالاکانە دەورەی پەروەردەی نووسین بە زمانی کوردییان بینیبوو، پێکهێنا و بڕوانامەی بە بەشداربووان بەخشی.

شایانی باسە هەر لەو ڕێوڕەسمەدا هەر یەک لە بەڕێزان مامۆستا "عومەر محەممەدی" و "مامۆستا شەفیع ئاراستە" دوو بابەتیان لەسەر گرینگی "زمانی دایک" و "فەلسەفەی زمانی دایک" پێشکەش بە ئامادەبووان کرد و دواتر دوو شێعر لەلایەن ڕێزداران "شەیدا مەحموودی" و "شاهۆ بابەکری"، لەژێر ناوی "خۆشەویستی زمان" و "خۆشەویستی بۆ مامۆستا" پێشکەشی بەشداربووان کرا.

پاشان گرووپی مووسیقای "سەبا" بە سەرپەرەستیی مامۆستا "عوسمان قادرتاج" دوو بەرهەمیان پێشکەش کرد و هەروەها کۆڕی هونەریی ناوەندی زانستپەروەری بۆ ژیانیش سروودێکیان بە ناوی "خوایە وەتەن ئاوا کەی" پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا، بڕوانامە بە فێرخوازان بەخشرا و لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەریی ناوەندی "زانسپەروەری بۆ ژیان" سپاسنامە و خەڵات پێشکەش بە مامۆستایانی زمانی کوردی کرا.

# خۆفی حکوومەتی ئێران لە چالاکوانانی مافی ژنان



وەنەوشە کەریمزدە

دوای شۆڕشی ئیسلامی ئێران، ژنان لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ ڕێگری و سنووردارییەتی زۆر بەرەورووو بوونەوە، بە جۆرێک کە تا ماوەیەکی زۆر هیچ دەنگێک لە ژنان لەنێو کۆمەڵگەی ئێران نەدەبیسترا،
حکوومەت بە توندی سەر بە ئایدۆلۆژی و پێکهاتە بەجێماوەکانی دەورانی نەریتی و پیاوسالاری بووە هۆی ئەسڵی بێدەنگی ژنان لە دوو دەیەی یەکەمی حکوومەتی ئیسلامی ئێران بوو، بەڵام بە هاتنەسەرکاری دەوڵەتی چاکسازی بە سەرکۆماری خاتەمی، بەشداری مەدەنی ژنان لە کۆمەڵگە، ڕەنگ و بۆنێکی تازەی بەخۆی گرت، تا ڕادەیەک کە لە دوودەیەی دوایی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بە ئامادەبوونی ژنان دەنگدانەوەیەکی سیاسی بەربڵاوی هەبوو و هەر ئەو بابەتە بوو بە هۆی ئەوە کە حکوومەت هەستیارییەکی زۆرتر سەبارەت بە چالاکوانانی ژن نیشان بدا و بە شێوازی جۆراوجۆر سەرکوتیان بکا، ئەو سەرکوت کردنە بە بەندکردنی ژنانی چالاک و مەحکووم کردنیان لەگەڵ حەپسی درێژماوە بوو، بەڵام پرسیارێک کە دێتە پێش ئەوەیە کە حکوومەتی ئیسلامی ئێران بۆچی ئاوا خۆفی لە چالاکوانانی ژن هەیە و بە توندی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکا؟
دیار و سەلمێنراوە کە هەر جۆرە ئامادە بوونی ژنان سەر بە چالاکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە حکوومەتێکی سەر بە ئایدۆلۆژی وەکوو هەڕەشەیەک بۆ بنەماکانی ئەو ئایدۆلۆژیانە لەقەڵەم دەدرێ، بەم هۆیە ژنان دەتوانن بنەماکانی بڕوا و باوەڕی ئایدۆلۆژی بەرنە ژێر پرسیار، هەر ئەو بروایانەی کە ژنان تا ڕادەی ئامێرێک بۆ ویستی سێکسی پیاوان دادەبەزێنێ و بڕوامەند بە هیچ چەشنە مافێک بۆ ژنان لە کۆمەڵگا نابێ، حکوومەتێک کە بناغەکەی ئایینی ئیسلامیە و بە پێی بناغەی بڕوامەندی ئەو ئایینە، ژنان جێگە و پێگەیەکیان لە کۆمەڵگا نییە و تەنیا لە چوارچێوەی سانکای بنەماڵە مافێکی نایەکسانیان لەگەڵ پیاوان بۆ دیاری دەکا.
سروشتیە لە وەها سانکایەکی سیاسی و حکوومەتی، بە ئامادەبوونی ژنان لە چالاکی مەدەنی و سیاسییەکان نە تەنیا دژایەتی بەڵکوو بە توندیش سەرکوت دەکرێ، بەتایبەت لە ساڵانی ڕابردوو چەندین بزووتنەوە وەک چوارشەممەی سپی، کچانی شەقامی شۆڕش، ئازادییە نهێنییەکان دروست بوو کە ڕاستەوخۆ سەبارەت بە حیجابی زۆرەملی بەرهەڵستی دەوڵەت دەبوونەوە و ئەو بەرهەڵستیانە ڕاستەوخۆ بناغەی بڕوامەندی ئایینی ئیسلامی سەبارەت بە حیجاب نیشانە دەگرت، هەر بەم پێیە حکوومەت، دوو ژن بە ناوەکانی ویدا مووەحێد و سەحەر شەجەریزادە کە لە دامەزرێنەرانی پرۆسەی کچانی شەقامی شۆڕش بوون کە بە نیشانەی دژایەتی لەگەڵ حیجابی زۆرەملی لە جوولەیەکی هێمادار لەچکێک بە ڕەنگی سپیان بە سەری چیلکەدارێکەوە دەبەست و دەیان جوولاندەوە، دەستبەسەریان کردن و حەپس و ئەشکەنجە کران.
هەڵبەت تا ڕادەیەک ڕوونە کە ئەگەر هەر کەسێک کە هەڕەشە و یا بە جۆرێک بەرهەڵستی بکا سەبارەت بە سانکا و حکوومەتی دیکتاتۆری بە توندی سەرکوت دەکرێ، بەڵام دەبێ قەبووڵ بکرێ کە سەرکوت کردنی ژنان تەنیا چالاکوانانی ژنی دژ بە حیجابی زۆرەملی کە لەگەڵ باوەڕەکانی ئایینی ئیسلامی ناکۆکە ناگرێتەبەر و ئەو حکوومەتە دژە ژنە زۆرێک لە کارتێکەرانی کۆمەڵایەتی و مەدەنی ژنان کە مەیسەرە هیچ پێوەندیەکیان بە بنەماکانی بڕوایی ئیسلامیشەوە نەبێ سەرکووت کردوو، بۆ نموونە چالاکوانانی ژن سەبارەت بە چوونە ژوورەوەی ژنان بۆ نێو وەرزشگاکان، بەرهەڵستی بە پڕاندنی تیزاو بە ژنان، بەرگری کردن لە لێخوڕینی دووچەرخە و زۆر کردەوەی کە، کە لەلایەن حکوومەتەوە بۆ سەرکوتکردنی ژنان دەکرێ بەرهەڵستیان نیشان داوە، و حکوومەت بەردەوام لە ڕێگای جۆراوجۆر درێژە بەو کردەوە قیزەونانەی دەدا و ئەو بابەتە خۆی دەسەلمێنێ کە لە ڕوانگەی ئەوانەوە چالاکوانانی ژن ترسێکی گەورەن بۆ ئەو سانکایە و بناغەی ئایینی ئیسلام، و تەنیا بە سەرکوتکردن و حەپسی ئەو کۆمەڵە ژنە چالاکوان و بوێرە ڕازی نابێ، بەڵکوو لەگەڵ هەر چەشنە چالاکی مەدەنی ژنان نەیارە و هەر کۆنێشگەرێکی کە لە پێناوی دیمۆکراسیخوازی کۆمەڵگەی مەدەنی هەنگاو هەڵێنێتەوە لەگەڵ سەرکوتی حکوومەت ڕووبەڕوو دەبنەوە، بەڵام مەسەلە ئەوەیە کە حکوومەت سەبارەت بە چالاکی مەدەنی ژنان هەستیاری زۆرتری هەیە.
هەرچەند لە ئێران بەمانای ڕاستەقینەی واژە شتێک بەناوی بزووتنەوەی ژنان فورمی نەگرتوو و زۆرتر جوولانەوە تاکەکەسێکانی چالاکوانە مەدەنییەکان و چالاکوانانی مافی ژنان بووە کە هەرچەند وەخت جارێک حکوومەتی ئێران تاڵ دەکەن.
بەڵام دیسان جێگای سرسامیە کە بوونی ئەو چالاکوانە مەدەنییانە و بەبێ بوونی هیچ پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی ببێتە هۆی خۆفی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو دەسەڵاتدارە هەم بە توندی وەها جوولانەوەهایەک سەرکوت دەکا و هەم زۆربەی ئەو ژنانە دەستبەسەر و ڕەوانەی بەندیخانەکانیان دەکا و ئەشکەنجەی رووحی_ ڕەوانی و بگرە ئازاری_سێکسیان دەدا.
بە خاترجەمی یەکێک لە هۆیەکانی خۆفی ڕێژیم لە چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی کە بە شێوەی تاکی و کەم و کورت چالاکی دەکەن دەگەڕێتەوە سەر ترسی حکوومەت لە داگری ئەو جوولانانەوە دژایەتیانەی ژنانە بۆ چی لەبەر ئەوەیکە نیوەی زیاتر لە حەشیمەتی ئێران لە ژنان پێکهاتووە، ژنانێک کە چەندین دەیەیە زۆرترین هەڵاواردن و نادادپەروەری ئەزموون دەکەن، بێشک ئەو ڕێژەیە لە هەڵاواردن و دژ بە ئەو بارستە لە حەشیمەتە، وەکوو ئاوری بن خۆڵەمێشە کە مەیسەرە دەرەنگ یا زوو گڕەکەی داوێنی ئەو ستەمکارانە بگرێتەبەر و لەناوی بەرێ و هەر بەم هۆیەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران بەتوندی لەگەڵ چالاکوانانی ژن ڕەفتار دەکا و سزای زۆر قورسیان بەسەردا دەسەپێنێ، تا بەڵکوو بەم شێوازە پێش بە گۆڕانی ئەو چالاکیانە بە بزووتنەوە بگرێ، بەواتایەکی تر، حکوومەت دەیهەوێ بە ئەشکەنجە و بەندکردنی ژنانی چالاک، لە پەرەگرتنی ئەو چالاکییانە بەرگری بکا.
لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو زۆرترین ئاماری ژنان بە تاوانی سەر و ساختی دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی و بانگەشەکردن دژ بە سانکا دەستبەسەر و لە بەندیخانەکان سزای قورس و نابەحەقیان لە داداگا بێ




دادگاییەکانی ئیسلامی ئێران پێدراوە کە هەموو توێژەرەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە تەواوی نەتەوەکان دەگرێتەبەر کە لێرا ئاماژە بە هێندێکیان دەکەین هەرچەند کە ئامارێکی ئاشکرا لە بەندکراوانی سیاسی و مەدەنی ژن لەدەستدا نییە و کۆماری ئیسلامی ئێران هەوڵ دەدا کە ماسماڵی بکا و جێگەی ئاماژەیە کە زۆربەی ئەو بەندکراوانە لە بوونی مافی تەنانەت ڕۆژێک مەرەخەسی و بچووکترین پێداویستییەکانی نێو بەندیخانە و پزیشکی بەهرەمەند نین و بێبەری کراون:

بۆ نموونە زەینەب جەلالیان کە حەپسی هەتاهەتایی بەسەرداسەپاوە و لە خراپترین دۆخ بەسەردەبات و ماوەی ١٥ ساڵە لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی بەسەردەبا، مەهوەش شەهریاری و فەریبا کەماڵ ئابادی دووهاوڵاتی بەهایی و لە فێرکاران کە لە قەدیمیترین بەندکراوانی بەندیخانەی ئێڤینن، نەرگس محەممەدی چالاکوانی مافی مرۆڤ، نەسرین سوتووده پارێزەر، سەبا کوردئەفشاری و ڕاحیلە ئەحمەدی دایک و کچ بە تاوانی بەرهەڵستی بە حیجابی زۆرەملی، شەهلا جەهانبین، سوهەیلا حیجاب، فاتمە دادوەند، ژیلا کەرەمزادە، فەریبا عادلخاە، مۆژگان کەشاوەرز، سپیدە قولیان، مونیرە عەرەبشاهی و یاسەمەن ئاریانی و زۆر چالاکوانانی تر کە بە بیانووی جۆراوجۆر دژ بەو حکوومەتە بەرهەڵست بوون و بەبێ ئەوەیکە ئەشکەنجە، بەند و ماوەی حەپس بۆیان گرینگ بێ بەردەوام درێژەدەری ڕێگا و ئارمانی خۆیان بوون و ئێستاکە لە خراپترین دۆخ لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسەردەبەن.

ئاشکرایە کە خۆفی ڕێژیمی ئێران نە لەسەر ئەو بەندکراوانە، بەڵکوو لە ئاسەوارێکە کە ئەو بەندکراوانە دەتوانن لەسەر حەشیمەتێکی زۆر لە ژنانی تری دانێن و ببنە هۆی ئاگادارکردنەوەی ئەوان و ئەوە دەتوانێ ئەسڵیترین هۆی بەندکردن و سەرکوتکردنی ژنان بێ.

لەلایەکی ترەوە دۆخی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە یەک دەیەی ڕابردوو زۆر لاواز و ئاڵۆز بووە، بەتایبەت سەبارەت بە بابەتی پلانی هەستەیی و نەبوونی پێبەندی بە یاسای مافی مرۆڤ کە هەمیشە لەلایەن وڵاتانی ئورووپایی و ناوەندەکانی مافی مرۆڤی نێونەتەوەیی جێی گومان بووە و تاوانبار کراوە کە کاری بۆ سیاسەتوانانی حکوومەت زۆر دژوار کردوو و لە وەها بارودۆخێک هەرچەشنە بەرهەڵستی و سەرکێشی مەدەنی لەلایەن ژنانەوە بەڵگە و قەباڵەیەکە بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە و کۆماری ئیسلامی ئێران نەتەنیا پێبەند بە پرەنسیبەکانی دیمۆکراسی نییە بەڵکوو حکوومەتێکی سەرکوتکەر و دیکتاتۆرە کە بۆ سەرکوت =کردنی ژنان و ئەوەیکە دوور بکرێنەوە لە دونیای سیاسەت بەردەوام لە ماوەی چەندین ساڵ دەسەڵاتداری تەنیا خەریکی پلان ڕشتن دژ بە ژنانە و بۆ ئەوەیکە نەکەوێتە بەر گومانی زاڵێتی و دیکتاتۆری، ناچار بە سەرکوتکردنی چالاکوانانی مەدەنی بە تایبەت ژنان دەبێ، بە گومانی خۆی پێکهێنانی ترس و خۆف لە نێوان توێژی ژنان دەتوانێ بەرگری لە بزووتنەوەی ژنان لە ئێران بکا، و زۆر جار هەر بەو گومانە لەنێو بەندیخانەکان دەستدرێژی دەکرێتە سەر ژنان و زۆر ئەشکەنجەی تر و ئەوە بۆخۆی ئەوپەڕی خۆفی کۆماری دیکتاتۆری ئێرانە کە بە چالاکوانانی مەدەنی و سیاسی ژنانی دەگەیەنێ.

لەکۆتایی دا دەتوانین بڵێین کە سەرکوتکردنی چالاکوانانی ژن بە دەسەڵاتداری ئێرانی ئیسلامی و ئەو بابەتانە کە ئاماژەی پێکرا و لە سەردەمێک کە سەردەمی پێوەندییەکانە و سنووره جوغرافیاکان وەکوو ڕابردوو گرینگیان نییە، و دەسەڵاتدارانێک وەکوو حکوومەتی ئێران ناتوانن بە سەرکوتکردن و بەندکردنی چالاکوانانی مەدەنی بەتایبەت ژنان بڕیار و زاڵییەتی خۆیان بشارنەوە، لەوەها سەردەمێک زانیاری تێکنۆلۆژی، مووبایل، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پانتاییەکی دابین کردوو کە دەسەڵاتداره دیکتاتۆرەکان ناتوانن بە بەندکردن و توندوتیژی دژ بە ژنان بە ئامانجەکانی خۆیان بگەن، بە پێچەوانە هەر ئەو سەرکوت و بەندکردنانە نیشاندەری ناوەڕۆکی ئەو دەسەڵاتدارانەیە، ئەمڕۆ هەر بە هۆی ئەو سەرکوت کردنە نێوخۆییە، هێزی دەرەکی حکوومەت ورده ورده لەنێو چووە و بەردەوام لە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ ڕاپۆرتە دژە مرۆڤایەتییەکانی ئەو دەسەڵاتداره ئەستوورتر دەبێ و سەرەنجام ڕەنگبێ حکوومەت لە ماوەیەکی کورت بتوانێ بە سەرکوتسکردن و بەندکردن و ئەشکەنجەی ژنان بە ئامانجە دیکتاتۆرییەکانی خۆی بگا بەڵام لە داهاتوویەکی نەهێندە دوور، هەر ئەو سەرکوت کردنانە دەبێتە هۆی ئاگادار بوونەوەی زۆرێک لە حەشیمەتی ژنان و ناوەڕۆکی ئەو دیکتاتۆره زاڵمە بە تەواوی دونیا نیشان دەدا.

# دانیشتنی کۆڕبەندی نێونەتەویی گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی IPCC

نەمام




"بیرمەندان لە کۆڕبەندی نێونەتەویی گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی دانیشتنێکی ناڕاستەوخۆی دوو حەفتەیی بۆ کۆتایی پێ هێنانی ویژنی بە ڕۆژ کراوی لێکۆڵینەوەکان لەبارەی گۆڕانی کەش و هەوا لە ٢٥ی ڕێبەندان دەستی پێکرد.

لەوجێیەوە کە کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی داوێنگیری تەوای کۆمەڵگەکان دەبێ و کاریگەری نەرێنی ئەو، وڵاتانی فەقیر و پێش کەوتوو دەگرێتە بەر و بە پێی ئەوە کە خەڵک و تەنانەت زۆربەی سیاسەتمەدارەکان لەگەڵ ئەم نیشانە و ئەو ڕێکخراوانە کە لەم بارەیەو چالاکیان هەیە، شارەزاییان نییە یا ئەگەر شارەزاییەکیان هەیە لە ئاستێک نییە کە بەپێی ئەوە بتوانین جوڵەیەکمان هەبێ پێویستە کە شرۆڤەیەکمان لەسەر لێژنەی نێودەوڵەتی گۆڕانی کەش وهەوای هەرێمی ببێ.

لێژنەی نێودەوڵەتی گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی(IPCC) ڕێکخراوەیەکی نێودەوڵەتیە کە دوای هاتنەگۆڕی گرینگی پرسی کاریگەری گەرم بوونی جیهانی لە یەکەمین کۆنفرانسی نێونەتەوەیی گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی، بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی لێکۆلینەوەی زانستی، پسپۆڕانەی ئابووری و کۆمەڵایەتی پەیوەندیدار لەگەڵ گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی و کاریگەری لەسەر گۆی زەوی لە ساڵی ١٩٨٨ بەدەستی ڕێکخراوەی جێهانی ناسینی کەش و هەوا(WMO) و بەرنامەی ژینگەی ڕێکخراوەی وڵاتە یەکگرتووەکان (UNEP) درووست کرا. ئەم ڕێکخراوە نێونەتەوەییە ئەرکی ئەوەی هەیە کە هۆکاری زانستی ڕوودانی ئەم دیاردە و ڕێگەکانی بەرگری لەگەڵیدا بۆ پیشاندان بە پەیماننامەی گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووکان پێک بهێنێ.

دەبێ بڵێین کە پەیماننامەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لەبارەی گۆڕانی کەش و هەوا(UNFCCC) پەیمانێکی نێونەتەوەیی لە گۆڕانی کەش و هەوایی، بە مەبەستی کۆتایی " سەقامگیری زۆری گازە گوڵخانەیەکان لە هەوای دەووری زەویە "

ئای PCC هیچ لێکۆڵینەوەیەک ئەنجام نادا، لە زانیاری کەش و هەوای هەرێمی چاودێری و سەرپەرستی ناکا، بەڵکو بنەمای ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی خۆی لەسەر بنەمای بڵاوکراوە زانستی و پسپۆڕانەی بڕواپێکراو دادەنێ. زانیاری گرینگی زانستی سەبارەت بە پرۆسەی گۆڕانی کەش و هەوا چاکسازی دەکا.

نوسینگەی «IPCC» لە ڕێکخراوەی کەش و هەوا ناسی جیهانی لە ژێنو دایە. بەشداری لە «IPCC» بۆ تەوای بەشدارانی «WMO» و «UNEP» مەیسەرە.

ای پی سی سی لەو کاتەی دەستی کردوە بەکار کۆمەڵێک ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن، ڕاپۆرتی پسپۆڕانە و وتاری پسپۆڕی لە پێناوی ئامادە کردنی زانیاری زانستی وپسپۆری بۆ کۆمەڵگەی جێهانی بۆ سیاسەتمەداران و کۆمەڵی خەڵک بڵاو کردوەتەوە. ئەم ڕاپۆرتانە چەند ساڵ جارێک چاپ دەکرێن و لەگەڵ پێشکەش کردنی کورتەیک لەو ڕاپۆرتە بۆ سیاسەتدانەران وەک بڕواپێکراوترین سەرچاوەی زانیاری لەبارەی گۆڕانی کەش و هەوا هەرێمییە ناسراوەکانن.

ڕاپۆرتی چوارەمی هەڵسەنگاندی گۆڕانی کەش و هەوا هەرێمی بە ناوی «climet change ٢٠٠٧» سەرنجی زۆری کۆمەڵگەی جێهانی بە مەسەلەی گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی بەدوا داهات. هەر ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ لە ساڵی ٢٠٠٧ بە هاوبەشی بدرێ بە ڕێکخراوەی (IPCC) و

بەڕێز ئێلگۆر کە لە ئەم بەشەدا چالاکی هەبوو. ڕاپۆرتی پێنجەم هەڵگری چەند پەیامایکی گرینگ بۆ کۆمەڵگەی جیهانی بوو.
ئەم ڕێکخراوە بریتیە لە سێ گرووپی کاری یەکەم، دووهەم و سێهەم و گرووپێکی کاری تربە ناوی پێڕستی گازە گوڵخانەیەکان.
لەوجێوە کە دابینکردنی بەشێک لە خەرجی گڕووپە کارییەکان دەخرێتە ئەستۆی یەکەکانی پاڵپشتی، ئەم یەکانە دوای هەڵبژاردنی لێژنەی سەرۆکایەتی دیاری کردنی سەرۆکەکانی گرووپە کاریەکان لە دوو وڵاتی لە حاڵی پێشکەوتن لە شوێنی دیاری کراو لە وڵاتی پێشکەوتوو سەقامگیر دەبن.
نوێنەرانی وڵاتانی بەشدار لانیکەمساڵێک جارێ لە دانیشتنی گشتی کە لە یەکێک لە وڵاتانی بەشدار بەڕێوە دەچێ بەشدار دەبن. جگە لە بەشداران، ژمارەیەک لە پسپۆڕانی ناوەند و دەزگاکانی لێکۆڵانەوەی تایبەتی دەوڵەتی و نادەوڵەتی و ژمارەیەک ڕێکخراوەی نێونەتەوەیی وەک چاودێر لە ئەم دانیشتنانە بەشدار دەبن. هەڵبژاردنی لێژنەی سەرۆکایەتی و سەرۆکانی گرووپی کاری یەکەم، دووهەم، سێهەم و هەروەها گرووپی کاری پەیوەندیدار بە پێڕیستی گازە گوڵخانەیەکان، بەرنامەڕێژی و چالاکییەکانی کاری IPCC، تەرخان کردنی بودجە، شێوەی سەرف کردنی خەرجەکان و زۆر شتی دیکە لە دانیشتنی گشتی IPCC بڕیاری لەسەر دەدرێ. پەسەندی ڕاپۆرتەکانی هەڵسەنگاندن، پەسەندی ڕاپۆرتەکانی پسپۆڕانە، سیاسەتدانان سەبارەت بە داواکاریە نوێیەکانی ڕێکخراوانی نێونەتەوەیی دیکە بەتایبەت «UNFCCC»، سناریۆی نوێ، چۆنییەتی کار و چالاکی گرووپی کاری «TGICA»، کەموکووڕتی عەیبی ڕاپۆرتانی ئەنجام دراو و چۆنییەتی لابردنیان لە ڕاپۆرتی داهاتوو، شوێن و مێژاری کارگا و دانیشتنانی پێویست بۆ دابینکردنی پێشەکییەکانی پێویست لە ئامادەسازی ڕاپۆرتەکان، بەگشتی لە دانیشتنی گشتی بڕیاریان لەسەر دەدرێ.
وڵاتانی بەشدار بوو لە «IPCC» لە ڕێگەی نوێنەرێک بە ناوی سەرچاوەی میللی کە چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوەیە لە نێوخۆی وڵات پەیجۆری دەکا، لەگەڵ ئەندامانی خۆی پەیوەندی دەگرێ. هاواهەنگی چالاکییەکانی IPCC لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نێوخۆ و دەزگا پەیوەندی دارەکان، سەبارەت بە گۆڕانی کەش و هەوا بە تایبەت هاوڕا بوونی وڵاتانی بەشدار لە درووست کردن و چاوەدێری ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی IPCC لە ئەستۆی سەرچاوەی تایبەتی میللی وڵاتەکان دایە.
لێژنەی زانستی سەربەخۆی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە تاوتوێی گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی، ڕۆژی دووشەمە ٩ی سەرماوەز بە بڵاو کردنەوەی دەقی تەواوی ڕاپۆرتی نوێی خۆی ئاگاداری دا کە ئەم گۆڕانە خێرایی و توندی زۆری پەیدا کردوە و کۆمەڵگەی جیهانی بۆ بەرەنگار بوونەوە یاکو هاواهەنگی لەگەڵ ئەم گۆڕانکاریە ئامادە نین.
ئاکامی ئەم ڕاپۆرتە بە پێداچونەوە و تاوتوێی ١٤هەزار وتاری زانستی لەلایەن ٢٣٤ بیرمەند و لێکۆڵەر لە ٦٥ وڵاتی جیاواز سەبارەت بە گۆڕانی کەش و هەوا نوسراوە و نیشان دەدا کە چالاکانی مرۆڤ تەوەر کە بووتە هۆی بەرز بوونی پلەی گەرمی جیهان و ئەم گۆڕانکاریانە تا سەدان و تەنانەت هەزاران ساڵ توانای گەڕانەوەیان نییە.
پێشتر و لە ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٣ی IPCC برێک لە بیرمەندان حەزیان بە ڕەپاڵدان بە چەند ڕووداوێک وەک شەپولی گەرمی و باران بارینی وەک سێلاو بە گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی نەبوو بەڵام دوای چەند ڕووداوی دوایی بەتایبەت دیاردەی گۆمەزی گەرمایی و مانەوەی شەپۆلی بەتەوەژم بۆ چەندین حەفتە لە ئەمریکا، ئێستا کەش و هەوا ناسانی هەرێمی نە تەنیا بە ڕوونی دەڵێن کە دیاردەیکی ئاوا بەبێ گۆڕانی کەش و هەوا ئێمکانی نەبوو بەڵکوو قۆناغێکی نوێی لە دواهەمین ڕاپۆرتی IPCC بە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی سەرچاوەگرتوو لە چالاکیەکانی مرۆڤ و ڕووداوانی توندی ئاو و هەوایی لە بەرچاو گیرا.
هوو سوونگ لی سەرۆک کۆماری ئەنجومەنی نێودەوڵەتی گۆڕانی کەش و هەوا(IPCC) لە یەکەمین ڕۆژی دانوستانی دوو حەفتەیی ئەم ئەنجومەنە کە ڕۆژی دوشنبە ١٤ی فێوریە(٢٥ی ڕێبەندان)لە برلین دەستی پێ کرد، وێڕای جەخت کردن لە ناچاری بێ درەنگی بەرنگاری جیددی بۆ بەرگیری کردن لە توندبوونی قەیرانی کەش و هەوایی گوتی: لە هیچ کاتێکدا بەرنگاری دژی گەرم بوونی پلەی گەرمی زەوی تا ئەم ئاستە گرینگ نەبووە، چونکە هیچ کات مەترسی گەرمی تا ئەم ئاستە مەترسی دار نەبووە.
ئینگر ئەندرسن، سەرۆکی بەرنامەی ژینگەی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNEP)یش ڕاستی کردەوە چالاکیەکان بۆ بەرگیری لە توونت بوونی گۆڕانی کەش و هەوا لەچاو بەرز بوونی پلەی گەرمی زەوی زۆر کەمە.
بێتینا شتارک واتسینگر، وەزیری توێژینەوەکانی ئاڵمان جەختی خستە سەر هاوکاری نێونەتەوەیی بۆ چاودێری لە کەش و هەوا و وتی بەس لە ڕێگەی چالاکی گشگیری نێونەتەوەیی دەتوانین بە جۆرێکی کاریگەر بەرنگاری بەرز بوونی پلەی گەرمی زەوی بین.
دانوستانی دوو حەفتەیی ئەنجومەنە نێودەوڵەتی لەنزیکەوە و بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بەڕێوە چوو. لەم دانوستانەدا نوێنەرانی ١٩٥ وڵاتی بەشدار لە ئەنجومەن و ڕێکخراوەی ژینگەی بەشداریان کرد.
لێژنەی زانستی سەربەخۆی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێداچوونەوەی گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی، ڕۆژی دووشەمە ٩ی سەرماوەز بە بڵاوکردنی دەقی گشتی ڕاپۆرتی نوێی خۆی ئاگایان کردەوە کە ئەم گۆڕانە خێرایی و توندی زۆرتری پەیدا کردووە و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بۆ بەرەنگاری و سازگار بوون لەگەڵ ئەم گۆڕانە ئامادە نین.
ئەم ڕاپۆرتە هەروا ئاماژە بەوە دەکا کە تا ئێستا نزیک بە نیوەی حەشیمەتی جیهان لەبەر کارتێکەری زیانی گۆڕانی مەترسیداری کەش و هەوا بوون و داواکاری هەوڵدانی بنەڕەتی لە پانتایکی بەربڵاون.
ئەم لێژنەیە هەروها ئاماژە دەکا کە بۆ دابینکردنی ئاو و پێداویستییە خۆراکییەکان نیزیک یەک لە سێی نیوەی خەڵکی گۆی زەوی دەبێ پارێزگاری بکردرێن. شارەکانی لێواری دەریا بۆ پارێزگاری لە ئەمنیەتی دانیشتوانی خۆیان لە بەرامبەر بەرز بوونەوی ئاستی ئاوی دەریاکان دەبێ بەرنامەڕێژییەکی ورد و ڕێکوپێک ببێ. شارەکانی کەناری دەریا بۆ بەرنگاربوون لەگەڵ ئاستی ئاو تەنانەت گۆڕانی شوێنی ئەم شارانە پێویستیان بە ژێرخانی نوێیە.
ئانتنیۆ گۆتێرش، سکرتێری گشتی ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، هاوکات لەگەڵ بڵاو بوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە دەڵێ:

درێژەی بابەت: ل. ٦١



# ڕۆڵی ژن لە شۆڕشی ڕزگاریدا

فەریبا ڕەشیدی

هیچ ڕزگارییەک بەبێ بەشداری ڕاستەوخۆی ژنان لە ڕابەرایەتی شۆڕشدا ئازادی و بەختەوەری بۆ ژن بەدی ناهێنێ. سەرتاپای مێژوو شاهیدی ئەوە بووە کە هەر شۆڕشێک کە تەنیا بە ڕابەرایەتی پیاوان بووبێ، نەیتوانیوە نرخ و بەهای مرۆیی بۆ ژن بخوڵقێنێت. کاتێکیش باس لە بەشداری ژن لە شۆڕشدا دێتە ئاراوە، مەبەست بەشداری وەک پێشمەرگە یان چالاکوان نییە. بەڵکو ژنانی نوخبە کە لە مێشکیشدا ژنانە بیر دەکەنەوە و لە زێهنییەتدا نەبوون بە پیاو، و توانیویانە ژنێتی خۆیان بپارێزن، دەبێ هەر لە ئەندازیاری کردنی شۆڕشەوە بگرە هەتا ناوەندی سەرەکی بڕیار و ڕایی کردنی پلانی شۆڕش دەبێ ڕۆڵی کلیلدیان هەبێ تاکو ئومێد بەوە هەبێ کە ژنێتی ئەوان دەبێ بە هەوێنی یەکسانی لە بناغەی شۆڕشی وڵاتسازی و ئەو شۆڕشە نرخ و بەهای ژن دەپارێزێ. لە نێو کوردەوارێدا هەتا ئێستا ئەوە ڕووی نەداوە، و ژنێتی پێی نەناوەتە ئەو مەیدانەوە، بەڵکو ژنانی بەشدار ناچار کراون لە ژێر پەروەردەیەکی پیاوتەوەرانەدا سەرەتا بتوانن پیاوانە بیر بکەنەوە و ببن بە بەشێک لە ڕێژیمی فکری پیاوانە تاکو بتوانن لەو مەیدانەدا هەنگاو بەرەو پێش بنێن.

ئەم دۆخە بێمتمانەیی لای ژنانی توانادارى کورد دروست کردووە و هۆکارەکانی بێمتمانەیی ژنانی نوخبە بە شۆڕشی ئەمڕۆ، بۆ نموونە مۆدێلی پیاوانەی ئەم شۆڕشە و وەستانی پیاوانی ڕێبەر وەک بەربەست لەسەر ڕێگای بەشداری ژنان لە ساز کردنەوەی مۆدێلێکی نارەگەزیی دەبێ هەڵوەژێردرێن تاکو مەودا بۆ ژنانی نوخبە بۆ بەشداری لە ئاستی بەرزدا لەبار و فراوان بکات. ڕێبەرانی پیاو پێویستە ئەوە بزانن کە مانەوەی ئەو بەربەستانە کورتییەکی گەورە لە شۆڕشی کوردستاندا دروست دەکا لە زیانەکانی بە ئاسانی قەرەبوو ناکرێنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی گەورە هەر دەکەوێتە سەر ژن خۆی. ئەوە ئەرکەی ژنانی نوخبەی کورد و بزوتنەوەکەیانە کە بە هەموو کۆمەڵگە نیشان بدەن کە شۆڕش سرووشتێکی ڕەگەزی نییە، و دەبێ شۆڕشی کوردستان ڕەگەزشۆر (جنسیت زدایی) بکرێت. واتە لە پیاوانە بوونی شۆڕش بگۆڕیت بۆ نارەگەزی (غیر جنسیتی) بوون و ڕێگە بە هاتنە مەیدانی پۆتانسییەلی باڵای ژنان بدرێت. بۆ ئەوە دەبێ هەر لە قۆناغی شۆڕشەوە هەتا نووسینەوەی یاسا و دامەزراندن و بەڕێوە بردنی دەوڵەت و هەروەها پرۆگرامی گەشەی وڵات، ژنێتی پێویستە هەبێ و بۆ ئەو مەبەستە دەبێ ژنان لە ئاستی پێشەنگایەتیدا مەیدانداری بکەن بەبێ ئەوەی مل بە مۆدێل و مێتۆدۆلۆژی ڕەگەزتەوەرانە (جنسیت محور) بدەن.

بەکورتی ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە هەبێ کە شۆڕش ئەرکێکی پیاوانە و لە هەمان کاتدا یەکسانیخوازانەش بێ. شۆڕش و گۆڕانکاری تەنیا ئەرکێکی پیاوانە نییە، بەڵکو خاوەن سرووشتێکی نارەگەزییە، بۆیە ئەرکێکی مەزن



دەکەوێتە سەرشانی ژنانی کوردستان بە گشتی و نوخبەکان بە تایبەتی بۆ پەیوەندی و دیالۆگێکی نەتەوەیی لەگەڵ یەکتر بۆ دۆزینەوەی ئەو میکانیسمانەی کە دەبن بە دینامیسمی گوزار لە مۆدێلێکی پیاوانەی شۆڕش بۆ مۆدێلێکی نارەگەزیی.

دەسەڵاتی سیاسی و ژنانە ئەگەرچی بەپێی باوەڕە ناڕاستە ئایینییەکان و داب و نەریتە کۆنە دژەژنەکان، مرۆڤی ژن ئاوازی لاوازە، بەڵام زانستی سەردەم دەیسەلمێنێ کە بە هۆی کۆمەڵێک تایبەتمەندی مێشکی ژنانە، هەڵگرانی ئەو باوەڕە و تەنانەت گشت مرۆڤایەتیش لە توانستە مەزنەکانی ژن لەبواری بەڕێوەبەریدا بێئاگا بوون. ئەو تایبەتمەندییانەی مێشکی ژنانە نیشانیان داوە کە ژنان لە دەسەڵاتی سیاسیشدا دەتوانن لە سێ کاراکاتێردا، کارایییەکی بەهێزتریان بۆبەڕێوەبەری کۆمەڵگە بە شێوازی دادپەروەرانەترهەبێ. ئەم سێ تایبەتمەندییە بریتین لە بەزەیی، نەستە و هاوکاری بۆ بەرهەمهێنان.

جیاوازیی لە پێکهاتەی مێشکی نێرینە و مێینە توانای وردبوونەوە بۆ زیادکردنی ئەرک و فەرمان لە پیاودا زیاتر دەکا، لە کاتێکدا توانایەکی بێوێنە بۆ زیادکردنی چەندین ئەرک و فەرمانی هاوکات بە ژن دەبەخشێ، و دەربڕین و توانای شی کردنەوەیان زیاتر دەکا. ئەمانە و زۆر تایبەتمەندی دیکە وا دەکا کە ژنان بۆ ئەرکی بەڕێوەبەری زۆر گونجاوتر بن.

دەسەڵاتی سیاسی وەک سیستەمی بەڕێوەبەری وڵات و کۆمەڵگە بۆ هەڵسووڕان و دادپەروەربوون لە هەوا زیاتر پێویستی بە ژن هەیە کە خاوەنی ئەو توانا سرووشتییانەیە.

چ ئەگەر سیستەمی سیاسی ڕێگر بێ و چ ئەگەر ژن خۆی دووڕەپەرێز بێ لە بەشداریکردنی بەهێز لە دەسەڵاتی سیاسیدا، ئەوا ئەو سیستەمە ناتوانێ یەکسانی و دادپەروەریی و کارایی گونجاو لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگەی هەبێ کە ستەمێکی گەورەیە لە کۆمەڵگەی کوردستان کە بە درێژایی مێژوو تەنیا ڕەنج و ئازاری دیتووە. بۆیە ژنان پێویستە بە ئیرادەوە لە چەقی ناوەندی بڕیاردا ڕۆڵی سەرەکییان هەبێت.



# کێشەی سەر ڕێگای کچان و ژنانی ڕۆژهەڵاتی لە باشووری کوردستان

نگین عەلیڕەمایی






ئەگەر بمانهەوێ ڕونکردنەوەی لەسەر باسەکەمان بدەین دەبێ لە پێشدا باسی کێشەی ئابوری کۆمەڵگە و هۆکاری دروستبوونی ئەو کێشانە بکەین.

لە ئێران نەبونی کار و پوڵ و ئەمنییەت بووە بە هۆی ئەوەی کە ژنان و پیاوان بە ناچاری دەست بکەن بە فروشتن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان و لەش فروشی ژنان. ڕێژیمی زورداری ئێران تەواوی ماڵ و دارایی دوڵەت کە لە ڕێگای فروشتنی گاز، نەوت، بەرق وەدەستیان دەکەوێ و کۆی کانگاکانی، کە خوی دەڵی (بیتوالمال) حەقی هەموو خەڵکە، دەیدزێ و لە شارە شیعەنشینەکان خەرجی دەکا.

بۆ نموونە سپای پاسداران وەکو قاسم سولیمانی و موحسین قالیباف کە دوو میلیارد دولاریان لە شارەداری تاران وەرگرتبوو ناردبوویان بو حیزبوڵلای لوبنان و فلستین. ئەو دوو میلیارد دولارە حەقوقی یەک ساڵی دو ملیۆن کرێکار بوو یا دەکرا بەو پوڵە چەندین هەزار کاری گونجاو بۆ گەنجەکان دروست بکەن. و هەزاران دزی گەورە و گەندەڵی بەربڵاوە دەکرێ و لە وڵاتە شیعەکان وەکوو بەشی عەرەبنشینی عیراق، یەمەن، لوبنان، فلستین و سوریە بو کاری تیروریستی حیزبوڵلا خەرج دەکرێ. کۆماری ئیسلامی ئێران لە حالێکدا کە گەنجانی وڵاتێکی بەرو مادده هوشبەرەکان و فەساد و دزی دەڕۆن بە سەرمایەی وڵاتەکەیان هەزاران مدرسە، مزگەوت و شوێنی زیارەت بۆ وڵاتە شیعەکان کە لە کارە تیروریستەکانی هاوکاری دەبن دروست دەکات. لێرەدا گەنجان و ژنان لەبەر بێکاری و قورسی ژیان یا ڕوو دەکەنە باشوور بۆ کارکردن یا دەڕون بو کۆڵبەری و لەمەڕزدا بە دەستی ڕێژیم شەهید دەبن.

تا ئێرە باسی کێشەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان کرد، بەڵام کاتێک کە ژنان دێنە باشووری کوردستان توشی چ کێشەگەلێک دەبن؟

یەکەم کێشە کە لەم وڵاتە ژنان توشی دەبن، کێشەی ماڵییە، چونکە پوڵی ئێران لە بەرابەری دینار و دۆلار زور بێنرخ و بێبەهایە. کاتێک بۆ میوانخانە یان هوتێلیکی کەم نرخ دەگرێن توشی پیاوانی عەرب و باشوری چاو و داوێن برسی دین و بەسەختی بتوانن شوێنێکی ئەمن بدۆزنەوە. ئەگەر ژن بە بنەماڵەوە لە باشور ژیان بژی، لەوانەیە کە ماڵێکی ئەمن و بی ترسی هەبیت، لە سەر کارە کی توشی کێشە دەبیت.یەکی تر لە کێشەکان کە زور توشی دەبن، نەبوونی ئیقامەیە و ئاسایشی هەرێم مۆڵەتی کار کردنیان پی نادات. دەرهینانی کارتی ئیقامە پوڵێکی یەکجار زوری دەویت. زوربەی ژنان ناچار دەبن ڕو بکەنە دیسکۆ و کافەتەریاکان، چون خاون دیسکوکان دەبن بە کەفیلیان و پوڵی ئیقامەکەیان بۆ دەدەن و دواتر لە کۆی مانگانەکەیان کەم دەکەنەوە.

ئەو ژنانە کە لە بەر کێشەی مالی و نەبونی ئیقامە ڕو دەکەنە دیسکو و کافەتەریاکان، جوریک مامەڵەیان لە سەر دەکرێ. چون دەبێ ژنان بە ڕواڵەتێکی شەنگ و هەڵخڵەتێن و جلوبەرگ و هەڵسوکەوتێکی نەشیاو لەو شوێنانە ببن تا بەم شێوەیە سەرنجی موشتەری بۆلای خۆیان و کەسابەتەکەیان ڕابکێشن. تەنانەت ئەگەر کارەکەیان بە باشی بکەن هەندێک لە کۆی مانگانە کەیان زیاد دەبێ. دەتوانم بڵێم کە هەڵسوکەوت و ڕەواڵەتیان نرخیان دابین دەکا. بەداخەوە کاتێک بە ئاگا دێنەوە بوون بە کالایەکی جنسی و مالی.

هەندێک کاری تر هەیە لە کۆمپانیاکان کە پێویستیان بە ژنانە بۆ مەندوبی. مەعنای مەندوبی ئەوەیە کە ژنان بە ڕواڵەت و جل و بەرگی شەنگ و جوان، و ڕووی گەش گەڕەک بە گەڕەک و ماڵ بە ماڵ و دوکان بە دوکان دەگەڕێن و ڕیکلام بو بەرهەمی ئەو کومپانیایە دەکەن. و ئەو بەرهەمانە کە پێیانە تا تەواو بونی کاتی کارەکەیان کە ٤ی روانیوەڕۆ یان زۆر جار تا شەویش دەخایەنێ، بیفروشن تاکۆی مانگانەکەیان بە تەواوی وەرگرن .لێریشدا قوربانی دەبن، چونکە سەر بە هەزاران ماڵ و دوکان و گەڕەک دادەکەن و تووشی هەموو جورە کەسێک دێن.

ئەو ژنانە تەنانەت هەندێک جار دەڕون لە مالان کاری خاوێن کردنەوەی ماڵ و چاودێری منداڵ و پیر و پەککەوتە دەکەن، لیریشدا دیسان زوڵمیان لێدەکرێ چون هەم پوڵەکەی کەمە و هەم کارەکەی زور سەختە، لەوانەیە لێریش توشی پیاوە چاوبرسییەکان ببن. وە هەزاران کێشەی تر دێتە سەر ڕێگایان نە لە وڵاتە داگیر کراوە کەی خویان ئەمنیەتیان هەیە نە لە باشوور.

ئەگەر حکومەتی داگیرکەری ئێران دزی، گەندەڵی و فەساد و مادده هەشبەرەکانی لە کۆمەڵگەدا بڵاو نەکربایسەتەوە، و دارایی و حەقی خەڵکی نەدزیبایە بۆ وڵاتە شیعەنشینەکان، گەنجەکان ڕویان نەدەکردە وڵاتێکی دیکە توشی ئەم هەموو کێشانە نەدەبوون .

بە هیوای تێکشکاندن و ڕوخانی کۆماڕی زاڵمی ئیڕان، و تەواو بوونی دزی و فەساد و گەندەڵی کۆمەڵگە. بەهیوای ئەوڕوژەی وڵاتەکەمان لە دەس ڕێژیمی تێروریستی ڕزگاری بێ.----

# ترنس بە کێ دەڵێن ؟
# یان ترنسەکان کامانەن؟

نووسی و ئامادەکردنی: کۆمار

لەپێش هەموو شتێکدا تاریفێک لە ترنس دەکەین . ترنس بە کەسانێک دەڵێن کە لە ڕەگەز و جنسیەتی زاهیری خۆیان ڕازی نین و خۆیان بە ڕەگەزێکی دیکە دەناسێنن . بۆ نموونە کەسێک هەیە جەستە و ئەندامی ژنانەیە بەڵام لە فکر و بیر و هەڵسووکەوت و شێوەی قسەکردندا وەک پیاوە و هەوڵ دەدا لە ناو پیاو و کۆڕدا دابنیشێت و لەوەی کە پیاو بێ هەستێکی خۆشی هەیە و لە جەستەی ژنانەی نارازیە. یان کەسانێک هەن جەستە و ئەندامیان پیاوە بەڵام فکر و بیر و هەڵسووکەوتی ژنانەیە و پێی خۆشە وەک ژن یان کچێک خۆی جوان بکا و جلی ژنانە لەبەر بکا و گووارە لە گوێ بکا و ... بەم جۆرە کەسانە دەڵێن ترێنس.

بە پێی لێکۆڵینەوەکان تا بە ئەمڕۆ هۆکاری ئەوەی کە مرۆڤێک ببێ بە ترنس دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە لە زگی دایکی دایە و لەکاتی دووگیان بووندا ئیسترێس و دڵەڕاوکێیەکی زیاد لە ئاستی هەیە یان دەگەڕێتەوە بۆشێوەی پەروەردە بوونی لە کاتی منداڵیەکەی . بۆ نموونە جلی کچانەیان دەکردە بەری یان جوانکاریان بۆ روخساریان دەکرد و دایک و باوکی دەیانگوت پێمان خۆش بوو تو کچ بی یان کوڕ بی یان هەموو جار ئەوە دەڵێن تۆ تا کاتێک کە بە دونیاش هاتی پێمان وابوو کچی / کوڕی . تەنانەت جلی کچانە یان کورانەمان بۆ ساندبووی .

ئەم وتار و شێوەی هەڵسووکەوت و شێوەی پەروەردە یان دڵەڕاوکێی دایک لە کاتی دووگیان بووندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ بەرەو ترنس بوون بڕوات بەپێی هەست و حەزی جینسییان، ترنسەکان بە دوو دەستەی هاوڕەگەز خواز و غەیرە هاوڕەگەز خواز دابەش دەبن.

**هاوڕەگەز خوازەکان:**

مەبەست لە ترنسی هاوڕەگەزخواز کەسانێکن کە پاش نەشتەرگەری و گۆڕینی ڕەگەزیان مەیلی جینسیان بۆ ڕەگەزی بەرانبەر هەیە. بۆ نموونە ژنێک نەشتەرگەری دەکات و مەیل و هەستی جنسی بەرەو پیاو هەیە.
ترنسە هاوڕەگەزخوازەکان خێراتر نەشتەرگەری دەکەن و لە نەشتەرگەری و گۆڕینی ڕەگەزیان ڕازین و پێیان خۆشە لە تەمەنی خوارەوە و مێرمنداڵی یان گەنجیدا نەشتەرگەری بکەن چوون لەو ڕەگەزەی کە هەن ئازار دەبینن.

**ترنسی غەیرە هاوڕەگەز خوازەکان :**

ئەم جۆرە ترنسانە زۆرتر لە خەون و خەیاڵی خۆیان حەز دەکەن ڕەگەزێکی دیکە بن و چێژ لەو خەون و خەیاڵە دەبەن و هەروەها بە لەبەرکردنی جلی ڕەگەزی بەرانبەر هەست بە لەزەتبردن و هێمن بوونەوە دەکەن. ئەم جۆرە ترنسانە لە تەمەنی سەرتردا نەشتەرگەری دەکەن و پاش نەشتەرگەری لەو نەشتەرگەریەی کە کردوویانە نابەدڵ و نارازین . زۆرتر پێیان خۆشە بە تەزریقی هورمون و پرۆتز جەستەیەکی ژنانە بۆ خۆیان دروست بکەن و ئارایشێکی ژنانەیان هەبێ. .
دەستەیەکی دیکەش لە ترنسەکان هەن کە پاش نەشتەرگەری مەیل و حەزی جنسییان بۆ هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاو هەیە یان بە گشتی هیچ هەستێکیان نییە و پێیان دەگوترێ پووچەڵ یان بە فارسی دەڵێن خۆنسا (خنثی).
ڕەنگە بۆتان پرسیار بێ کە بەچیدا بزانین کە منداڵی ئێمە تووشی ئەو حاڵەتی ترێنسە بووە یان نا؟ ترێنس بوون لە منداڵەکاندا نیشانە و عەلامەتی خۆی هەیە کە من لێرەدا ئاماژە بە چەند دانە دەکەم..
هەروەها وەک ئەوەی پێشتر باسمان کرد ڕەنگە هۆکاری ترنس بوون ژنتیک بێ و هەر لە سکی دایکەوە ئەو مرۆڤە وا خوڵقابێ بە هۆکاری دڵەڕاوکێی زۆر و نائاسایی ئەگەر منداڵ هەر لەو کاتەوە وابێ کاتێک چەند ساڵ گەورەتر بوو بە هەڵسووکەوت و گەمە و شێوەی کایەکردنیدا هەست دەکەن کە ترنسن یا نا .

**بۆ نموونە :**

منداڵەکە پێی خۆش نییە لەنێو هاوڕەگەزە کانی خۆیدا کایە بکا (بە تایبەت لە تەمەنی چوار ساڵەیی تا ١١ و ١٢ ساڵەییدا کە منداڵ زۆر حەزی لە گەمەکردن نێو هاوڕەگەزەکانی خۆی هەیە و دروشمیان ئەوەیە کە کوڕان لەنێو کوڕاندا کچان لەنێو کچاندا)
پێی خۆشە بە کەلوپەل و کەرەستەی کایەی ڕەگەزی بەرانبەر قومار بکا. (بۆنموونە کوڕێک حەز لە بووکەڵە دەکات یان پێی خۆشە لاک لە نینوک و نانوخی بدات)
لە نێو هاوڕەگەزەکانی خۆی ناتوانێ بسازێ و هەست بە ترس و بێگانە بوون دەکا لە هاوڕەگەزەکانی (بۆ نموونە لە قوتابخانەکان) دەبێ ئاگادار بن شەرمن بوونی منداڵ تێکەڵاوی ترنس بوون نەکەن.)
پێی خۆش نییە وەک ڕەگەزی خۆی جل بکاتە بەری و هەمووکات لە ڕەگەز و ئەندام و جلی خۆی بێزارە و نارازییە.
لەکاتی پێگەیشتن و مێرمنداڵی یان کاتێک کە گەورەتریش دەبێ دیسان لە ڕەگەزی خۆی نارازییە و تا ئەو جێگە بتوانێ خۆی وەک ڕەگەزی دیکە دەناسێنێ و نیشان دەدات و




حەرەکەت و هەڵسووکەوتی نیزیکی ڕەگەزی بەرانبەر دەکا. .

**دەرمانی ترنس:**

پێش هەموو شتێک دەبێ ئەوە بزانین دەرکەوتنی یەکێک لەو نیشانانە کە باسمان کرد بە مانای ترنس بوون نییە. ئەگەریش کە ئیحتماڵەکە بەهێز بوو کە خۆتان یان منداڵەکەتان یان هەر کەسێکی دیکە ترنسن یەکەمین هەنگاو سەردانێکی دەروونناس یان ڕەوانپزیشک بکەن. لەوێ چەندین جار لەگەڵ دوکتورەکە چاوپێکەوتنیان دەبێ و ڕەوانکاوی دەکرێن بۆیە ڕەوانکاوی دەکرێ چون هیوایەک هەیە بێتەوە سەر حاڵەتی ئاسایی خۆی و ڕەنگە بەهۆی شێوەی پەروەردە بوون و دایک و باوکەوە بەرەو ترنس بوون چووبێ یان تووشی سەرلێشوانی شووناسی ڕەگەزی بووبێ هەربۆیە ماوەیەک کاتی بۆ لێکۆڵینەوەی دەروونی و ڕەوانکاوی لەلای دەروونناس دادەندرێ ئەگەر لەم کاتانەدا دەرمان نەبوو ئەوا دوکتور نۆسخە دەنووسێ بۆ نەشتەرگەری کردن و تەئید دەکرێ کە ئەم کەسە دەبێ نەشتەرگەری بکرێ و ئەندامی جینسی بگۆڕدرێ بە ئەندامی ڕەگەزی بەرانبەر کە وایە پەنا بردن بۆ هەرکەسێکی دیکە جگە لە دەروونناس و دوکتور و ڕەوانپزیشک هەڵەیە و ڕەنگە ئاکامی باشی نەبێ..

ئێمە لێرەدا باسمان لە ترنسەکان و هۆکارەکانی ئەوەی کەسێک ببێ بە ترێنس و نیشانەکانی و دەرمانیشی کرد. بۆمان دەرکەوت ترنسەکان کەسێک نین جودا لە بنیادەمەکانی دیکە بن کەسانێک نین کە لە سەیارە و کەهکێشانێکی دیکەوە هاتبن مرۆڤێکن وەکوو ئێمە کە بە هۆکارگەلێک تووشی سەرلێشوانی ڕەگەزی بوون کە تەنانەت خۆشیان پێیان خۆش دەبوو وەکوو هەر مرۆڤێکی دیکە ڕەگەزی ڕاستەقینەی خۆیان هەبوایە. بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە چون لەگەڵ شتی وا بێگانە بوون و ناسینی و ئاگاییان لەسەر ئەو بابەتە نەبووە بە شێوەیەکی نەشیاو و نالەبار لەگەڵ ترنسەکاندا هەڵسووکەوت دەکرێ و بە چاوێکی خراپ بۆیان دەڕوانن. زۆر جار بینراوە ئازار دراون، لێیان داون، بێڕێزی و بێحورمەتیان پێکراوە و لە خۆیان دووریان کردون، جاری وابووە لە دووکان و بازار دەرکراون جاری وایە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان جاری وایە لە قووتابخانە ئازار دەبینن جاری وایە بنەماڵە و خزم و کەس بێڕێزییان پێ دەکەن و دەریان دەکەن و وەک شتێکی پیس بۆیان دەڕوانن.

بەڵام ترنسەکان ئەوەن کە باسمان کردن لێرە و مرۆڤێکن وەکوو ئێمە و پێویستیان بە دەرمانە پێویستیان بە پشتیوانە پێویستیان بە تێگەشتن و دەرکە پێویستیان بەوەیە وەک مرۆڤێکی ئاسایی چاویان لێبکرێ و کۆتایی بە بێڕێزی کردن و بێحورمەتیەکان بەرانبەریان بێ و ئەوەی کە وەک مرۆڤێکی ئاسایی لەگەڵیان هەڵسووکەوت بکرێ و بە ئاسایشەوە بژین بۆیان بووەتە ئاواتێک .

لەم ماوەیەدا کە لەشاری مەریوان بە هۆی فتوای مەلایەکی ئاینی ترنسێک خۆی کوشتبوو. کێشە نائاگابوونی ئەو مەلایە چونکە لە پێش هەموو شتەدا نابێ لەسەر بابەتێک کە شارەزاییان نییە بڕیاردەر بکەن و فتوا بدەن. ئەگەر ئاگاییان هەبوایە دەیانزانی ئەوە حاڵەتێکە پێویستی بە دەرمان یان نەشتەرگەری هەیە کە وایە ترنسەکان دێو یان جندۆکە نین، کەسێکن وەک ئێمە و ئێوە.تەنانەت من زۆرێ لە مامۆستا ئایینیەکانیش دەناسم ئاگاییان لەو بابەتە هەیە و دەرمان و نەشتەرگەری ترنسەکان بە ناشەرعی نازانن و ئەو مەلایە لە شاری مەریوان وادیارە تەنانەت ئاگاشی لە شەرعی ئیسلام و خوێندەواریشی لەسەر ترەنسەکان نەبووە کە بەداخەوە نائاگاییەکی بووە هۆی گیانلەدەستدانی مرۆڤێک، نەک هەر ئەو مەلا بەڵکوو ئەرکی هەمووومان کە لێیان تێبگەین و ئاستی زانیاریمان بەرانبەریان ببەینە سەر و بە شێوەیەکی زانستی خوێندنەوەمان هەبێ لەسەریان، لێیان تێبگەین و ڕێزی کەسێکی ئاساییان لێ بگرین و یارمەتیان بدەین و ئەگەری پێش هاتنی شتی وا بۆ منداڵ یان هاوڕێ یان خزم یان هەرکەسێکی دیکە دەرکیان بکەین بە ئاگاییەوە بۆ بابەتەکە بڕوانین بۆ نموونە کاتێک دەڵێن ئێمە کوڕ نین کچین وەک کچێک لەگەڵیان هەڵسووکەوت بکەین و کاتێ دەڵێن کوڕین وەک کوڕیک هەڵسووکەوتیان لەگەڵ بکەین یان کاتێ جلی ڕەگەزی بەرابەریان لەبەر دەکەن، ناونیتکە و بێڕێزیان و بێحورمەتیان پێ نەگوترێ و ئەتکیان نەکەین تاکوو نەبینە هۆی ئازار و ئێشی دەروونییان.

تەوارەکانی نێو بەندیخانە

# باسێک لە خۆڕاگرییەکەنی موژگان کاووسی




ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

بەندکراوی سیاسی کوردی یارسان موژگان کاوسی خەڵکی شاری کلاردەشت سەر بە پارێزگای مازندەران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا چەندین وتاری لەسەر زمانی کوردی بڵاو کردووەتەوە و کورتە فیلمێکی بە ناوی "هیوا" بەرهەم هێناوە کە ناوەرۆکی ئەو فیلمە باس لە مەترسی لەناوچوونی زمانی کوردی لە نێو کوردەکانی کەلاردەشت لە پارێزگای مازندەرانی باکووری ئێران دەکا و هەروەها موژگان کاووسی کتێبی ئەنفال و چارەنووسی تەیموور، بەرهەمی عارف قوربانی نووسەری خەڵکی کەرکووکی، بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێراوەتەوە.

موژگان کاوسی ڕۆژی دووشەممە ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٨٩ لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتی شاری نەوشەهر سەر بە پارێزگای مازەندەران تەنیا بە تۆمەتی نووسینی پۆستێکی ئینستاگرامی کە نووسیبووی "بێدەنگی خیانەتە" و وێنەی گیانبەختکردوانی خۆپێشاندانەکانی مانگی خەزەڵوەر لە شارەکانی مەریوان و جوانڕۆ بڵاو کردبۆوە، دەستبەسەر کرا و پاش ٢١ڕۆژ لێکۆڵینەوە ڕۆژی سێشەممە ١٩ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی گوازرایەوە بۆ بەندیخانەی ناوەندیی شاری نەوشەهر، ئەو هاووڵاتییە لە ماوەی دەستبەسەر کرانیدا تەنیا یەک جار دەرفەتی پەیوەندی لە گەڵ بنەماڵەکەی پێدرا بوو و پاش مانگێک بە دانانی بارمتە و بە شێوەی کاتی تا بەڕێوەچوونی دادگا ئازاد کرا.

دواتر ڕۆژی پێنج شەممە ٢٨ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی لە حاڵێکدا کە لە گرتنی پارێزەر بێبەری کرابوو بە تۆمەتی "ئەندامەتی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" بە ٢ساڵ و ٧ مانگ بەندکران، بە تۆمەتی هاندانی خەڵک بۆ دروست کردنی خۆپێشاندان و تێکدانی ئاسایشی گشتی بە سزای ٣ ساڵ بەندکران بە تۆمەتی " پڕوپاگەندە دژ بە نیزام" سزای ٧ مانگ و ١٥ ڕۆژ بەندکرانی بە سەردا سەپاوە و بەپێی یاسای کۆکردنەوەی حوکمەکان لەو سێ حوکمە زۆرترینیان واتە حوکمی ٣ساڵ بەندکرانی جێبەجێ دەکرێت بەڵام ئەو هاووڵاتییە دوای ناڕەزایەتی دەربڕین بە سزاکەی، لە لایەن دادگای پێداچوونەوە سزاکەی کە پێشتر ٥ساڵ و ٩ مانگ بەندکران بوو بۆ ٦ساڵ و ٤ مانگ و ١٥ ڕۆژ بەندکرانی زیاد کرا بوو.

مستەفا نیلی پارێزەری ئەو هاووڵاتییە ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە سزای بەندکرانی موژگان کاوسی بە پێچەوانەی مادەی ٥٠٠ی ئاییننامەی دادیارییە و بەبێ بانگ کردنی و بوونی پارێزەر بۆ دیفاع ئەو سزایەی بە سەردا سەپاوە.

موژگان کاوسی ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی بە مەبەستی تێپەڕاندنی سزاکەی دەست بەسەر و ڕەوانەی بەندیخانەی شاری نەوشەهر کرا.

دواتر موژگان کاووسی لە بەندیخانەی نوشەهر بە هۆی ناڕەزایەتی دەربڕین بە کەمتەرخەمیی بەرپرسانی بەندیخانە لە سەر پەرەسەندنی پەتای کۆرۆنا لە بەندی ژنانی ئەو بەندیخانەیە و بێبەری بوونی لە مافی مەرەخەسی و چاوپێکەوتن و تەنانەت پەیوەندی تەلەفوونی لەگەڵ بنەماڵەکەی پاش ماوەیەک گوازرایەوە بۆ بەندیخانەی "ئێڤین"ی شاری تاران.

دواتر لە بەندیخانەی ئێڤینی تاران ڕۆژی سێشەممە ١ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی مانی لە خواردن گرت و دوای ١٦ ڕۆژ مانگرتن لە خواردن لەبەر ناجێگربوونی تەندروستی گوازرایەوە بۆ نەخۆشخانەی تاڵەقانی لە شاری تاران و لە کۆتاییەکانی مانگرتنەکەی لە نەخۆشخانە وتارێکی بڵاوکردەوە.

دەقی قسەکانی موژگان کاووسی

"بەرخۆدان ژیانە،

لە کۆتایی ڕۆژی بیست و دووهەمی مانگرتن لە خواردنم،کۆتایی ڕۆژی سێشەممە ١ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی و لە کاتێکدا بە مەبەستی چارەسەریی کۆئەندامی هەناسەم کە



بە هۆی مانگرتن لەخواردنەوە لە نەخۆشخانە خەوێندرابووم، مانگرتنەکەم شکاند هەتا هەر وەک پێشتریش باسم کردبوو بتوانم بە دوای کەڵکەڵە هزرییەکانی ژیانمدا هەنگاو بنێم.
ئەم ڕۆژانە بووە دەرفەتێک هەتا لە پشت دیوارە بەرزەکانی بەندیخانەی ئێڤینەوە بە بێ دەنگی لەگەڵ یەکتری قسە بکەین، دەنگی نارەزایەتیی منتان بیست، دەنگی دڵەڕاوکێی ئێوەم بیست. لە هاوڕێیەتیان خۆشحاڵ بووم و بەبەبەردەوامی ئەو هاوڕێیەتییە دڵخۆشم".

ئەو هاووڵاتییە پاش ماوەیەک ڕۆژی چوارشەممە ٣٠ی پووشپەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی بە هۆی تووشبوون بە پەتای کۆرۆنا بە دانانی بارمتە مەرەخەسی کاتی پێدرا و لە بەندیخانە ئازاد کرا.
لە کاتی تێپەڕبوونی مەرەخەسییەکەی لە لایەن لقی ٢٨ی دادگای شاری مازندەران ڕۆژی ٩ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی سزایی دوورخستنەوەی بۆ بەندیخانەی کەرەج بە فەرمی پێڕاگەیەندرا و ڕۆژی ٢٠ ی گەلاوێژی ١٤٠٠ی هەتاوی پاش کۆتایی هاتنی مەرەخەسییەکەی لە حاڵێک دا کە بە تەواوی تەندروستی خۆی بە دەست نەهێنابۆوە، گەڕایەوە بۆ بەندیخانەی ئێڤین لە شاری تاران.
ئەو هاووڵاتییە لە کاتی تێپەڕاندنی ماوەی سزای بەندکرانەکەی بە هۆی نەبوونی پێداویستی پزیشکی و دەرمانی لە بەندیخانە و بە هۆی نەخۆشی دڵ و هاتنەخواری زەختی خوێن باری تەندرووستی ناجێگیرە ببوو و پزیشکانی بەندیخانە ئەوەیان پشتڕاست کردبۆوە کە موژگان توانای مانەوەی لە زیندان نەماوە بەڵام هیچ وەڵامێکی ڕوون لە لایەن پەرپرسانی زیندان بە داوای ناوبراو نەدرایەوە و

ڕۆژی ١٤ی ڕەزبەری ١٤٠٠ی هەتاوی دوای ٣ڕۆژ مانەوە لە گرتنگە ئینتزامییەکانی شاری تاران گوازرایەوە بۆ بەندیخانەی کەچوویەی کەرەج و ئەوە لە حاڵێکدابوو کە نابراو بە هۆی نزیکی لە شوێنی نیشتەجێبوونی داوای گواستنەوەی بۆ بەندیخانەی نەوشەهر کردبوو.
دوای گوازرانەوەی موژگان کاووسی بۆ بەندیخانەی کەچوویەی شاری کەرەج ڕۆژی چوار شەممە ٢١ی ڕەزبەری ١٤٠٠ی هەتاوی بۆ بەندیخانەی ئێڤین لە شاری تاران گەڕێندرایەوە کە دواتر ئاشکرا بوو گواستنەوەی موژگان کاووسی بۆ بەندیخانەی ئێڤین لە تاران هەڵە بووە و دووبارە دەبێ بگوازرێتەوە بۆ بەندیخانەی کەچوویەی شاری کەرەج و دووبارە گەڕێندراویەوە بۆ ئەو بەندیخانەیە.
لە دروستبوونی ئەو هەڵەیە لە نێوان ئەو دوو بەندیخانە و دەزگای داد موژگان کاووسی ٣ڕۆژ لە بەر نەبوونی دادوەر لە گرتنگە ئینتزامییەکانی شاری تاران ڕووبەڕوی بێڕێزی هێزە ئینتزامییەکان ببۆوە و لە گەڵ بەندکراونی دیکە کە بە تاوانەکانی وەک دزی و فرۆشتنی مادە هۆشبەرەکان ڕاگیرابوون، بەند کرا. شایانی باسە موژگان کاووسی لە ماوەی ئەو ٣ ڕۆژە کە لە گرتنگە ئینتزامییەکان بووە نان و ئاوی نەخواردبوو.
ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی ماوەی کۆتایی سزاکەی بۆ کرا بە مەرەخەسی و لە بە ندیخانەی کەچویەی شاری کەرەج ئازاد کرا.



# ژنێک لەوپەڕی وره و بارەڕەوە

نەسرین یوسفزادە



نازانم لە کوێوە باسی بکەم و چۆنی وەسف بکەم ژنێک لە ڕەگەزی باوەڕ، لە وێنەی وره و لە ڕەنگی ئومێد. ژنێک کە ئازارەکانی دەکا بە ڕق بۆ نەیار و بە دنیایەک دڵپڕییەوە بە دەم یارێوە پێدەکەنێ.

خاتوونێک کە خەرمانان تەنیا خەرمانی ژیانی نەبرد و بەڵکوو کۆڵانێک هیوا و ئومێد و قسەی خۆش و هاوڕێ و دراوسێشی لێ ئەستاند.

تەنیا دەتوانین لە یەک ڕستەدا پێناسەی ژنێک بکەین کە خۆی لای حەق بێ و کەسایەتییەکی مەزنی ببێ کە بیر و ئەندێشەی زیندووی نەتەوەیەک و چیرۆکەکانی پڕاوپڕی زام و ئێشی کۆمەڵگە و ژنانی نەتەوەی خۆیەتی، ئەویش زاڵ بوونی بیری نەتەوەپەرستی و ئاشق بوون بە خاک و نیشتمانەکەیەتی.

ئەو بستەبستی نیشتمان بە مڵکی خۆی دەزانێ و غەمی سەرەکی ئەو دواکەوتوویی ژنان و پیاوانی کۆمەڵگەیە.

ژنێکی بوێر و پڕاوپڕ لە باوەڕ ئەو غەم لەبیری چەقبەستووی نەتەوەکەی دەخوا و ئەو غەمە وازی لێ ناهێنێ. ئەو هەر بە منداڵی تێکەڵ بە غەمی کۆمەڵگە و نیشتمانەکەی ببوو، ژنێک کە لە ژیانیدا بە دەیان ڕووداوی پڕ لە ئازاری بینیی لەوانیە بەهێزتر لەوە بێ کە بەو سانایە بڕووخێ.

خاتوو سوڕەیا پەیڕەوان کچە شەهیدی ژنە شەهید، خاتوونێک کە لە هەرەتی لاوێتی نازی باوکی لێ دەشێوێ و باوکی دەچێتە ڕیزی شەهیدان و سەری لە ڕێگای خاک و وڵاتەکەی دادەنێ.

وەک خۆی دەڵێ هەموو ئەو ناز و داواکانی دەبا بۆ خۆشەویست و هاوسەری و ئەو دەبێتە هەڵگری نازەکانی.

کاک هاشمی و میهرەبان و ڕووخۆش، پڕ لە وره و باوەڕ و کاری و دڵسۆز لە کار و تێکۆشانیدا بوو.

کاک هاشم و سوڕەیا خاتوون دوانەیەکی هێند جوان بوون کە دووژمن چاوی بەرایی نەدا و بەشێوەیەک بێبەزیانە لێکی کردن.

ڕۆژی ١٧ی خەرمانان بوو ئەو ڕۆژە هەمان ڕۆژ بوو کە کۆماری ئیسلامی بەچەکێک لە قەڵا دوژمنتۆقێنەکەی دێموکراتی دا کە تەنیا بۆ شەڕی دەوڵەتان کەڵکی لێ وەردەگیرێ، باسی ئەو ڕۆژە زۆر و لە زۆر شوێن و بابەتدا کراوە بۆیە نامهەوێ لەوە زیاتری لەسەر بڕۆم و باسی بکەم تەنیا دەتوانم بڵێم ڕۆژێک بوو کە لەبیر ناچێتەوە.

ڕۆژێکی کە هەموو گوڵەکان هەڵپڕووزان و هەڵپڕووکانی چڵ بە چڵی ئەو دار و گوڵانە کە بە دەستی

میهرەبانی باخەوانێک چاندرابوون کە خۆشی وێڕای گوڵەکانی ڕوحی پاکی تەسلیمی خاکی نیشتمان کرد.
کاک هاشم عەزیزی میهرەبان و دڵسۆز، دڵسۆز، بۆ تاکبەتاکی پێشمەرگەکان و سرووشت و دار و گوڵ و حەوشە و...هتدی قەڵا.
١٧ی خەرمانان ڕێژیمی غەدداری ئێران بە مووشەکی بالستیک لە قەڵای دیموکراتی دا و بوو بە هۆی ئەوەی کە غەمێکی قورس بەرۆکی بنەماڵەی دیموکرات بگرێ.
ئەو ڕۆژە لە نەخۆشخانە سورەیا خانمم بینی هێشتا ناوی شەهیدەکان نەهاتبوو بە دنیایەک ورەوە بەڵام بە دڵێکی پڕ لە غەم و بە هیوای ئەوەی بە زیندوویی خۆشەویستەکەی هاوسەر و هاودەمەی چەندین ساڵەی ببینێ، دەگەڕا بەڵام بێ خەبەر لەوەی کە بۆ هەتاهەتایە نازی لێ شێوابوو، بێ خەبەر لەوەی کە بۆ هەتا هەتایە ماڵی لێ تاریک بوو، بێخەبەر لەوەی کە نەتەنیا جگەرگۆشەکانی ڕۆژە و مۆژدە و نزار و بانە بێ باب بوون و خۆی و هەموو گوڵەکانی قەڵا و ماڵە خنجیلانەکەشیان نازیان لێ شێوابوو.
سورەیا خاتوون، خاتوونێکی پڕ لە ورە، ورەیەک لە شێوەی پۆڵا و پڕ لە غروور، غرووڕێک لە شێوەی ئاگر، ئاگرێک کە بڵێسەکەی چاوی نەیار کوێر دەکا و گەرماکەی دڵی یار گەرم دەکا. هەر لە ڕۆژانی یەکەم کە تازە ئەو ڕووداوە ناخهەژێنە ڕوویدابوو، دەچووین بۆلای لەگەڵ دڵی بریندارى پڕ بوو لە غروور و تەنیا بۆ دڵخۆشیدانەوەی خۆی و هەموو هاوڕێیانی دەیگوت خۆ من بەتەنیا چرای ماڵم نەکوژاوەتەوە کۆڵانەکەمان سوور سوورە لە خوێندا، لەم سەر تا ئەو سەری کۆڵان خوێنی شەهیدە. چرایەک ناییسێ لەم کۆڵانەدا.
دەیگوت نازانم بۆ کامیان بگریم؟ بۆ کام خۆشەویست فرمێسک هەڵوەرێنم؟ کام هاوڕێ بلاوێنمەوە؟ منداڵەکانی خۆم لە ئامێز بگرم یان منداڵی هاوڕێی چەندین ساڵە و دراوسێکانم کە بۆ هەتاهەتایە چرای ماڵیان کوژایەوە؟
بە کامیان بڵێم بۆخۆتان خۆش سەرتان سلامەت؟ بۆ پێشەوای شلک و لاو و مەنسووری پڕ لە ورە و باوەڕ و جەماڵی دڵ بەدنیا دەگریا چاوی بە چرای کوژاوەی ماڵی حەسەنپوور دەکەوت و کوڵی دڵ هەڵی دەگرت و غەمی لە دەستدانی نەسرین و سوهەیلای هاوڕێی چەندین ساڵەی و هەموو هاوڕێکانی بوو بە ورە و باوەڕێک کە لە چل ڕۆژ دواییدا واتە لە چلەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانادا بەو پەڕی غرووروەوە لە بەردەم دەیان کامێرادا بوەستێ و پەیامی بنەماڵەی شەهیدان بخوێنێتەوە و بە دڵێکی پڕ لە غەم بەڵام بە ورەیەکی پۆڵایین بڵێ هەتا کۆتا چرکەی ژیانمان درێژەدەری ڕێبازێک دەبین کە ئەو شەهیدانە سەریان بۆ کردە بەردەباز.
زۆری پێ نەچوو لە حەوشەی قەڵا وردە وردە گوڵەکان ڕوانەوە من هەستم کرد ڕووحی شەهید هاشم لەگەڵ پشکووتنی یەکەم غونچەی گوڵەکانی قەڵا گەڕایەوە هەتا بڵێ هەتا قەڵای ورە و باوەڕی پێشمەرگە و بنەماڵەی پێشمەرگە و شەهی ببێ جوانی و ئومێد و ژیان هەر دەمێنێ.
ئەو بە ڕواڵەت مەغروور و بە دڵ مێهرەبانانە غەم لە هەموو ئەو کەسانە دەخوا کە لە دەووربەرین.



# عادەتی ئەم چەرخە وایە
# ئەهلی دڵ غەمگین ئەکا

ئەحمەد_موختار

# باسێک لە ڕۆمانی گرەوی بەختی هەڵاڵە

ڕووناک

هەندێک لە کتێبەکان هەن کە هیچ کات ناتوانی لە یادیان کەی بۆ هەمیشە لە یادت دەبێ هەندێک لە کتێبەکان کە دەیانخوێنی هەست دەکەی باس لە تۆ دەکا لە ژیانی تۆ خۆت لە ناو کتێبەدا دەبینی... دەبێت هەندێک جار بنووسین لە کتێبەکان، ڕووداوەکان، دەردکان، نابەرانبەریەکان، بیرە کۆنەکان و زۆر شتێ تر... هەندێک جار کە کتێبێک دەخوێنی ڕەنگە لە ڕوانگەی زۆر کەسەوە ئەوە تەنیا ڕۆمانێک بێ و هیچی تر بەڵام نا وانییە ئەو کتێبە بە جورێک لە سەر ژیانی تۆ کاریگەری هەیە کە ناتوانی باسی بکەی. ڕەنگە هەموو ژیانت و بیرەکانت بگۆڕێ. هەندێک جار تەنیا یەک کتێب یەک قسە یەک هەڵە بتوانێ تۆ بگۆڕی و هەمیشە شێونەواری ئەو شتە لەسەر دڵت بمێنی...

لەنێو بیرێکی زۆر قووڵ دا بووم چی بنووسم چ شتێک دەتوانی ئەم جارە ببیتە یاری پێنووسەکەم چە شتێک هەیە کە بتوانی لەگەڵ حاڵی هەمووان بگونجێ باس لە قسەی دڵی من و تۆ بکات.

بۆ هەر شتێک دەسپێکردنی پێویستە دەبێ بزانی چۆن دەستپێبکەی چۆن باس بکەی هیچ شتێکم نەدەزانی ماوەیەک بوو پێنووسەکەم لە سووچی ژوورەکەم دانرابوو شتم پێ نەدەنووسی ڕاستییەکەی باسێکم بۆ نووسین نەبوو تا ئەوێ کە لەگەڵ ئەو کتێبە کە شوێنەواری دەزانم بۆ هەمیشە لەسەر ژیانم دەمێنیتەوە دەزانم هیچ کات ناتوانم ئەو ژیانە تاڵە لە بیرم بکەم... بەڵێ باس لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە دەکەم) هەمان ئەو ڕۆمانەی کە باسی تەنیا کچێک نییە باسی هەموو کچێکە ژیانی هەموو کچێکە.

کامە کچ؟ باس لە هەڵاڵە دەکەم هەمان ئەو کچە کە تاوانێکی نەبوو بەڵام هەموو تاڵییەکی چەشت هەموو ناحەقییەکی لە بەرانبەردا کرا؟ ئایا هەڵەی کردبوو؟ کاتێک ئەم ڕۆمانەم خوێندەوە وام بیر کردەوە لەنێو قەفەسێک گیرم خواردووە ڕێگەی دەرباز بوونم نییە قەفەس بوون بە مانای ئەوە نا کە لە ژوورێک گیرم خواردبێت نا بەڵام وا دەزانم لە ژوورێک زیندانی بکرێ تا ئەوەی بە قسەکان بیرەکان هەڵسووکەوتەکان لەنێو قەفەسێک زەنجیرت بکەن ئایا دەتوانین لەو زەنجیرە دەرباز بین یا نا، خۆزگە ڕێگەیان دەدا بە دڵی خۆمان بژین ئەو کات باشتر نەدەبوو؟ باشتر ڕێگەی ژیانی خۆمان هەڵنەدەبژارد؟ بەڵام نا کوا ئازادی بۆ کچ بووە؟ کوا کچ مافی ئەوەی بووە کە بە دڵی خۆی بژی؟

با شرۆڤەیەک لەسەر هەڵاڵەتان بۆ بکە ئەسڵەن هەڵاڵە کێیە؟ هەڵاڵە دەنگی هەموو کچێکە ژیانی هەموو کچ و ژنێکە بە شێوازی جیاوا.

ڕۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە" یەکێک لەو کتێبانە بوو کە قەت ناتوانی وشەکان هەستەکانی نێو ئەو کتێبە لە یاد بکەی. بۆ هەموو ژنێک پێویستە کە ئەو ڕۆمانە بخوێنێتەوە و باسی لەسەر بکا ئەو ڕۆمانە دەبێ چەندین کاتژمێر و چەندین کەس باسی لەسەر بکەن. شتێک بووەتە هۆکار کە هەڵاڵە ئەوەی بەسەرهات و خەنجەری لە دڵی دراوە. بەڵام ئەمە بۆ هەندێک کەس تەنیا ڕۆمانێکی ئاساییە و هیچی تر نییە، بەڵام نا ئەمە باسی ژیانی ئێمەیە ژیانی ئەمڕۆ دوێنی و تەنانەت داهاتووشمان.

توندوتیژی لەم ڕۆمانەدا لەچییەوە سەرچاوە دەگرێ؟ کێ هۆکاری سەرەکی ئەم توندوتیژی و ڕووداوە بووە؟

کە ڕۆمانی "گرەوی بەختی هەڵاڵە" دەخوێنینەوە دەزانین کە بەڵێ ناحەقی بەرانبەر بە هەڵاڵە هەر لەسەرەتایی منداڵیەوە دەستی پێ کرد کاتی کە هەڵاڵە منداڵ بوو لەبەر پێشمەرگایەتی باوکی حەمە ڕەشید ئاغا حەزی لە پێشمەرگایەتی بوو بەڵام دایکی هەمیشە پێ دەگوت تۆ کچی نابێ بەو جورە هەڵسووکەوت بکەی نابێ بەو شێوازی جلوبەرگە بێیە دەرێ ئەوە نەشیاوە بۆتۆ، چەن سەیرە تەنانەت ئێمە ژنەکانمان ڕەحم بە هاو ڕەگەزی خۆیان ناکەن و هەمیشە لە زەوقی دەدەن هەموو کاری دەکەن تاکوو ڕێگەر بن لە گەشە کردنی یەکتر. بەڵام بۆچی هۆکاری ئەوە چییە کە دوو ژن سەبارەت بە یەکتر بەو جورە هەڵسووکەوت دەکەن؟ چۆن کاتێک دوو ژن بەو جورە ناحەقی بەرانبەر بە یەک دەکەن ڕەگەزی بەرانبەر حەق بە ئەوان بدا.

هۆکارەکانی ئەمە دەگرێتەوە بۆ نائاگا بوون بیر نەکردنەوە بیر و شێوازە کۆنەکان، کاتێک کە هەڵاڵە جلی کوڕانی لەبەر دەکرد باوکی هەمیشە پێ دەگوت هەڵاڵە تۆ کچ نی تۆ کوڕی تۆ وەکوو کوڕی و ئازا و بوێری. ئەو قسەیەی باوکی هەڵاڵە لەوانەیە لە جێی خۆیدا گەورە نیشاندان و تاریف بێ بۆ کچێک بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەش بە شێوەیەک نابەرانبەری و توندوتیژییە دەژ بە ژنان.

کاتێک کە باوکی هەڵاڵە ژنی هێنا بەسەر دایکی هەڵاڵە دایکی تەنانەت هیچێ بە حەمە ڕەشید ئاغاش نەگوت و ئەو ژنە کە شووی بە حەمە ڕەشید ئاغا کردبوو لەبەر ئەوەی بێوەژن بوو وایان بە مێشکیدا خوێندبوو کەسێک کە بێوەژن بوو هیچ کات ناتوانی هاوسەرێکی باش بدۆزیتەوە و ئەویش لەبەر ئەوە شووی بە پیاوێک کرد کە هاو تەمەنی باوکی بوو.

کاتێک کە هەڵاڵە ڕۆشتە حیزب و لەگەڵ برایمۆک یەکتریان ناسی، برایمۆک کەسیکی تێگەیشتوو بوو هیچ کات باوکی ئەوی خۆش نەویست چۆن هاوبیری باوکی هەڵاڵە نەبوو و (بەداخەوە هەموومان گەر کەسی دەژی ئێمە بێت و دەژی بیروڕاکانمان بۆستی خۆشمان ناوێ ڕەقمان لێیەتی.)

هەڵاڵە دوای مردنی برایمۆک ڕۆشتە سوئید بۆ خوێندن بۆ ئەوەی گەشە بکا و ببیتە ئەو کەسە وا خۆی دەیەوێ بەڵام کەی کچێک لە خێزانێکی بەو جورە توانیوێتی بە دڵی خۆی بژی گەشە بکا هەڵاڵە کە ڕۆیشتە سوئید کەسێکی سەرکەوتوو بوو و توانای لەگەڵ مافەکانی خۆی ئاشنا بێتەوە و بزانێ ژنیش مافی هەیە و ئێسا هەموو مافەکانی یەک دانە ژنی دەزانی چییە و هەموو قسەیەکی بە ئاسانی قەبووڵ نەدەکرد چون کەسێکی ئاگا و خوێندەوار بوو. ژیانێکی خۆشی بوو تاوەکوو باوکی کوڕێک بە ناوی شێرزاد وەکوو هاوسەری نارد بۆ سوئید.

چەن سەیرە لە وڵاتی هاوسەر بۆ کچەکەت بنێری بۆ وڵاتێکی تر بۆچی ئەو کارەی کرد ؟

نازانم لە کوێوە باسی شێرزادتان بۆ بکەم و چی بڵێم ئەو کوڕەی کە بیر و شێوازی کۆن هەموو ژیانی لەنێو بردبوو ئەو کەسە کە هیچ شتێک جگە لەو بیرە هەڵانە نەدەبینی باسی چی شێرزادتان بۆ بکەم ناحەقیەکانی کە بەرانبەر بە هەڵاڵە




کردی ئەو برینانەی کە نەک هەر لەسەر جەستەی هەڵاڵە بەڵکوو لەسەر دڵیشی شوێنەواری هێشت  نازانم بەڵام ڕەنگە شێرزاد باشیشی هەبێ بۆ نموونە ئەوێ کە هەمیشە ئەوینی کوردستانی لەدڵدا بوو هەمیشە دڵی لای وڵاتەکەی خۆی بوو بەڵام بەداخەوە کە بیرەکان و شێوازەی پەروەردە کردنی نەک هەرخۆی هەڵاڵەش و ئارەزووشی لە نێو برد ئاخ ئارەزوو گیان کچی جوان بۆچی تۆ چیت کردبوو کە دەبوو ئەوە چارەنووسی تۆ بێ بۆ دەبێ شایەتی جیابوونەوەی دایکت و باوکت بێ بۆ دەبێ لە موحبەتی دایک بێبەرێ بێ ئاخر بۆ گوناحی تۆ چی بووە تەنیا ئەوی کە کچی شێرزاد و هەڵاڵە بووی؟ ئەو کەسە کە تەنیا کەسێک کە هاوڕێت بوو فەرزانە بوو کچی سەعید.

سەعید؟ بەڵێ سەعید هەمان ئەو پیاوە ڕۆشنبیرە کە شێرزاد ڕەقی لێی بوو هەمان ئەو کەسە کە بەڕاستی ئاگا بوو ئەوە ناحەقی بەرانبەر بە ژنان نەدەکرد حەقی ژنانی دەپاراست. چەند سەختە چەند تاڵە لەبەرچی چی بووە هۆکاری ئەوە کە شێرزاد خەنجەر لە جەرگی هەڵاڵە بدا لەبەر ئەوە چون هاوسەری شێرزاد نەبوو چون دوای جیا بوونەوە دەیەویست لەگەڵ کەسێکی تر بێ بۆ تاوانی ئەوەی دوای جیا بوونەوە کەسیکی تر لە ژیانت هەڵبژێری بۆچی ئەو دەبێ ڕازی نەبێ کە هەر کەس مافی ژیانی هەیە چ ژن چ پیاو بۆچێ دەبێ ژن بەکەم بزانین و گەر کەسێک بێهەوی بە دڵی خۆی بژی دەبێ خەنجەر لە دڵی بدەین کاتێک ئەو ڕۆمانەم خوێندەوە بیرم لەوە دەکردەوە ئەو خەنجەرە لەگەڵ هەموو ژنێک دایە شوێنەواری هەمیشە لەگەڵ هەموو ژنێکە ڕەنگە هەستی پێ نەکەین جەستەمان برێندار نەکات بەڵام دڵمان لە هەرکاتێکدا بێ برێنداری دەکا ئەو خەنجەرە ئاساری ئەو بیرە هەڵانەیە کە نێو مێشکی هەندێک کەس هێشتا ماوە و ڕەنگە بۆ هەمیشە بەرەدەوام بێ چ کەسێک لەم ڕۆمانەدا بەڕاستی تاوانبار بوو شێرزاد کە مافی بەرانبەری پێ قەبووڵ نەدەکرا؟ باوکی؟ دایکی؟ هەڵاڵە خۆی؟ نە هیچ کام بیرەکان، شێوازی بیرکردنەوەکان، قسەکان، بوو بە هۆکاری تەواوی ئەمانە شێوازی پەروەردە کردنەکان، بووە هۆی ئەوە هەڵاڵە وای لێ بێ.

نازانم ڕۆژێک دەبێ کە ئیتر هەڵاڵەمان نەبێ ڕۆژێک دەبێ بەڕاستی پیاوەکان و ژنەکان بە دڵی خۆیان بژین ڕۆژێک دەبێ پیاوسالاری نەمێنێ هەرکەس بێهەوێ بە دڵی خۆی بژی ڕێگەی پێ بدەن؟

ئێمە نەک هەر هەڵاڵە چەندین هەڵاڵەمان بووە کە لەسەر شتێکی بێهوودە کوژراوە لەبەرچی چون شێوازی بیرکردنەوەکان هەڵەیە دەبێ بیرەکان بگۆڕێ تاوەکوو بیرەکان و شێوازی پەرەوردە وابێ نەک یەک هەڵاڵە هەزاران هەڵاڵەمان دەبێت.

هەڵاڵە دەنگی هەموو ژنێکە ڕەنگە بڵێن گەر ئەمە سەبارەت بە توندوتیژی دەژ بە ژنانەوە قسە دەکا ئەی بۆ گوڵاڵەی خوشکی هەڵاڵە ئازاد بوو و ڕێگە دەدرا لەگەڵ ئەم کوڕ و ئەو کوڕ بێ بەڵام نە ئەمە ئازادیی نییە ئەوەش توندوتیژیە چۆن ژن بە ئەو کارانە سەرقاڵ دەکەن تا هیچ کات ئاگا نەبنەوە هیچ کات نەزانن ئەوانیش مافیان هەیە ئەوە وەکوو سەرپۆشێک وایە بە ئەو سەرپۆشە کارەکانیان دەشارنەوە و ژنەکە بە قسە دەگرن تا وەکوو نەزانن چی لە ژێر ئەو سەرپۆشە دایە

ناتوانی ژیانی هەڵاڵە بەیەک کاژتمێر باس بکەی و لە وتارێکدا بینووسی، چون ئەوەندەی قسە لەنێو ئەو کتێبە دایە و لە هەر وشەیەک دەبێتە کەڵک وەربگرێ ئەوە تەنیا ڕۆمانیک نییە ئەوە ژیانی هەموومانە دەبێ ژنەکان ئاگا بکرێنەوە گەر ئاگای نەبێ دۆخ نەک باش بەڵکوو زۆر خراپتر دەبێ.

توندوتیژی تەنیا کوشتن نییە تەنیا ئازاری جەستە نییە هەندێک جار دڵ و ڕۆح و بیرەکانت ئاواتەکانت لەگەڵیان توندوتیژی دەکرێ، سەرپۆشیش دەدەنە سەر هەموو توندوتیژیەکان.

باس لە چەند دانە توندوتیژیت بۆ بکەم ئایا لە ژیانی هەڵاڵە تەنیا بە یەک شێواز توندوتیژی کراوە تەنیا یەک جار؟

بۆچی تەنیا وا دەزانن تەنیا ڕێگای خۆش بەختی هەرژنێک هاوسەرگیریە تەنیا ئەرکی هەر ژنێک شوو کردن و منداڵ بوونە؟ نا ژنیش مافی ژیانی هەیە مافی هەیە بڕواتە شوێن ئاواتەکانی هیوای هەبێ.

با ئێمە شێرزاد نەبین، باوکی هەڵاڵە نەبین.

# مێژووی ئامێری «دەف» و فەلسەفەی بازنەی «دەف»




«بازنە» دەستپێکی خاڵێکی گەورە کراوە کە پێوانەی زۆربەی قەوارەکان لەخۆیدا جێدەکاتەوە. سیمبولی یەکگرتوویی و دوربوونەوەیە لە هەر جۆرە جیابوونەوەیەک، نیشانەی وەدیهێنانی هەموو داهێنانێکە لە بونیادنانی گۆی گەردوون و سووڕانەوەی گەردوون و گۆڕانکاری بە هۆی سووڕانی هەموو بازنەیەکی هەڵسووڕاو.

گەڕانی هێڵی بازنەیەکی تەواوکراو، بێ دەستپێک، بێ ئەنجام و بێ گۆڕانکاریە. هەر لەبەر ئەو هۆکارانەشە کە بازنە نیشانەیەکە لە زەمەن، زەمەنێک بێ گۆڕانکاری و بەردەوام لە دووپات بوونەوەی سووڕان دایە بە ڕێکوپێکی..

بازنە نیشانەیەکە لە هێڵی ئاسمان، پەیوەندیدارە بە خواناسیەوە.

لە نووسراوە کۆنەکاندا ئاماژە بەوە کراوە، کە خوا وەکوو بازنە وایە کە دەتوانێ دەستپێکی ناوەڕاستەکەی لە هەر شوێنێکەوە بێت و پانتایەکی بێسنوور لە هەموو شوێنێک.

بازنە سیمبولێکە لە هەست، ژنایەتی و پێکهاتەی مێ بوونە گرینگی بازنە لە سووڕانی دایە، هەر بەو جۆرەی کە دوای داهێنانی چەرخ دونیا بەرەو گۆڕانکاری سیمایەکی تازەی بەخۆیەوە گرت چەرخی کاتژمێر بێ گۆڕانکاری بە ڕێکوپێکی کات تێپەڕدەکا. لە دەفدا بازنە کەوانەیەکە دەف، سیمبولی چەرخی گەردوون، کەوانەی دەف نیشانەیەکە لە تێپەڕبوونی زەمەن لە سووڕانی هاوچەرخدا.

بازنەی دەف نیشانەی گۆڤەندی شادییە، هەر وەک لە کوردستان هەڵپەڕکەی کوردی لە نێو بازنەیەکدا جێی خۆی کردووەتەوە.

سەرچۆپی و گاوانیش ڕەمزێکن کە دەتواندرێ، هاتنە ئارای حەڵقەکانی دەف گرێ بدرێنەوە بە هەمان ڕەمزەوە.

حەڵقەی دەف سیمبولێکە لە ژیانەوە و پەروەردە کردنی بازنەی مرۆڤایەتی، فەلسەفەی بەرز و نزم بوونەوەی دەنگەکان، بەرز و نزم بوونەوەی ژیانی مرۆڤە.

دەنگدانەوە و پەیوەندی نێوان حەڵقەکانی دەف، ئاماژە بە بەهێزبوووونی یەکگرتوویی و یەکدەنگی دەسەڵات و ڕیتمی نێوان مرۆڤەکان دەگەیێنێ، هەر چۆن کورد وتەنی "دەستێک بەتەنێ تەقەی نایە" ئەوەش بە هەمان شێوە ئەو فەلسەفەیە دەگەیێنێ کە لە پێوەندی زنجیرەی حەلقەکان لە سەر کەوانەی دەف بازنەیەکی بەهێز بە دەنگێکی بەهێز دەخاتەڕوو کە تێکەڵ کردنی ئەو دەنگانە لە زەماندا دەتوانێ ڕیتمی ژیانەوە بژەنێت.

بازنەی دەف ئاماژەیە بە خۆر و حەلقەکانیش پەیوەندیدارن لەگەڵ تیشکی خۆر کە بە جوڵاندنی و ژەنینی دەف گەرمی و وزە دەبەخشنە ژیانی هەموو بوونەوەرێک.

ڕەسەنایەتی و فەلسەفەی دەفی ئەمڕۆیی زۆر زیاتر لەوەیە کە ئاماژەی پێکراوە ئەگەر بمانهەوێ شیکاری بۆ بکەیین لە کتێبێکی دووسەد لاپەڕەییشدا جێگای نابێتەوە و تەواو نابێ.

ڕەسەنایەتی دەف لە کوردستان و مێژووی دەفی ئەمڕۆیی پێدەچێ مێژووی زۆر کۆن نەبێت، لەبەر ئەوەی هەندێک نوێگەری لە پێکهاتەی دەفدا ڕووی دابێ کە ئێستا گەیشتۆتە ئەو قۆناغە پێگەیشتووەی ئێستا.

بەڵام دەتوانین بە بەراوەرد لەگەڵ هێندێک ئاسەواری دۆزراوەی مێژووی کۆن بەرچاو ڕوونییەکی زیاترمان بۆ بخرێتەڕوو تا بتوانین ڕەسەنایەتی و شکۆی ئامێری دەف بگەڕێنینەوە بۆ جێگای خۆی.

لە شاری دێزفولی ئێستای ئێران کە سەر بە پارێزگای خوزستانە و خەڵکەکەی لە نەوەی لورەکانن، لە ساڵی ١٩٦٢ بۆ ١٩٦٦ زائینی لەلایەن ستافێکی مێژووناسی هاوبەش، کە پێکهاتبوو لە زانکۆی کالیفۆڕنیا و سەنتەری ڕۆژهەڵات ناسی زانکۆی شیکاگۆ، دەست بە گەڕان و بەدواداچوون لە سەر پاشماوەی ١٥ سەردەمی جیاواز کرا لە کۆنترین شارێک بە ناوی چوغارمیش کە مێژوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٩٠٠٠ساڵ پێش سەردەمی ئێستا کە دەتوانێ مێژووی شارستانیەت و کشت و کاڵ زۆر لە ئامێرەکانی مۆسیقای سیمی و بایی و زەبریبە بەڵگەوە ڕوون بکاتەوە. ئەو شتوومەک و کەرەستە گەڵینانەی کە لەوێ دۆزراونەوە دەگەڕێنەوە بۆ پێش سەردەمی داهێنانی نووسین.

ئەوەی کە لێرە گرینگە و دەتواندرێ ئاماژەی پێبکرێ. ئەوەیە وەک بەڵگە لەنێو پارچەیەک لەو مۆرە گرۆڤەریە گڵینانەی کە دۆزراونەوە، مێژووی پێشکەوتنی شارستانیەت پێش سەردەمی نووسین و گەشەی مۆسیقادا دەرکەوتووە.

کاتێک بۆ دەرهێنانی ڕیتم کە پێستی ئاژەڵ بەسەر چوارچێوەیەکی بەستراو بە ناوی تەپڵ دابەستراوە، بە ڕوونی دەتوانی لەوە تێبگەیین کە شێوەی دەفیش بە هێندێک جیاوازی بوونی هەبووە لە جۆری بەرهەمهێنانیدا و بۆ کۆبوونەوەی ئایینی و مەبەستی ئاگادارکردنەوە لە کاتی شەڕ و ترساندنی ئاژڵ و دڕندەکان بەکار هاتووە.

دەف بازنەیەکی هەڵبەستراوە بە پێستی ئاژەڵ لە شێوەی تەپەڵ بە هێندێک جیاوازی کە لەسەر دەست دادەندرێ و بە دوو دەست دەژەندرێ.

بەڵام دەفی ئەمڕۆیی لە پێی تێپەڕبوونی زەمەن گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە.

ئامێری ڕیتمی یا درام وەک بازنەی هەڵبەستراو بە پێست لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی بوونی هەبووە و هەیە ئێستاش.

بەڵام ئەو شێوەیەی ئێستا کە لە کوردستان دەبیندرێ بە ڕوونی دەتوانین بیسەلمێنین کە تایبەتە بەو وەڵات و ئاو خاکەیە و جیاوازە لەگەڵ درامی وەڵاتانیتر.

لە مێزۆپۆتامیاشدا بەپێی بەڵگەی هێندێک لەو ئاسەوارانەی کە لە سەردەمی سومەری و ئاشوری هوریەکاندا دەستکەوتووە سەلمێنەری ئەوەن کە ئامێری دەف بۆ مەبەستی جیاواز بەکار هێندراوە.

لەنێو ئێزەدیەکانی لالەش ئێستا لە چوارشەممەی سووری خۆیاندا و تەنانەت هێندێک بۆنەی ئایینی دەف ئەژەندرێ و ئامێرێکی پیرۆز و گرینگ بۆ بەڕێوەبردنی مەراسمەکانیان.

تەنانەت من کە لەگەڵ باباچاوش هێندێک لێدوانم سەبارەت بە دەف هەبوو، فەرمووی هەر لە کۆنەوە ئەو ئامێرە لە بۆنە ئایینیەکانی ئێمەدا بوونی هەبووە.

ئێزەدییەکان ڕەسەنترینی ئەو مرۆڤانەن کە لە کوردستان بێ گۆڕانکاری بۆنەکانیان بەڕێوە دەبەن، ئێزەدییەکان لێکچوونیان زۆرە بەپێی جل و بەرگ و شێوەیان بە بەراوەد لەگەڵ ئەو پەیکەرانەی کە لە سەردەمی سومەری دۆزراونەوە.

دەف لە نێو ئایین میترایيسم و زەردەشتیشدا ڕۆڵێکی گرینگی لە کۆبوونەوەی ئایینی و شادییەکانیاندا گێڕاوە.

دەف دوای هاتنی ئایینی ئیسلام چۆتە نێو کەلتوری عەربەوە و هیچ پەیوەندیەکی مێژوویی و مەزهەبی بە ئایینی ئیسلامەوە نەبووە و نییە.

هەر بە پێی ئەو بەڵگانەی ئێستاش ئەگەر سەیری کەیین کە زۆرترین دەفی دونیا لە نێو کورددا ساز دەکرێ و بوونی هەیە.

کە ئەوەش هاوتەریبە لەگەڵ ئە ڕەسەنایەتیەی کە لە مێژووی دف لەنێو ئەو خاکەدا هەبووە و ئەو ئامێرە لەبواری سایکۆلۆژیەوە هێندە نیزیکە لە ڕوحی مرۆڤی کورد کە زۆرترین سود و کەڵکی لێوەرگیراوە و وەردەگیرێ بە ئێستاشەوە.

لە هونەری مۆسیقای هاوچەرخدا ماموستایان و ژەنیارانی لێهاتووی ئەو ئامێرە وایان کردووە کە بۆ زیندووکردنەوەی لایەنە مۆسیقایەکەی دەف ببێتە ئامێرێکی گرینگ و پێویست بۆ پەروەردە کردنی قوتابیان و کۆڕ و کۆبوونەوەی مۆسیقا.

لەپاڵ ئەوەشدا لە کۆمەڵە تەسەوفیەکانی کوردستان وکوو تەریقەی قادری و نەقشبەندی و یارسان و ئەهلی حەق و کۆمەڵێک



کۆڕ و کۆبوونەوە و بازنەی جیاواز ڕۆڵێکی گرینگیان هەبووە لە بەکار هێنانی دەف وەک ئامێرێکی سەرەکی بۆ زیندوو ڕاگرتنی شکۆمەندی و گەورەیی ئەو ئامێرە لە نێو مرۆڤی کوردا دەف وەک ئامێرێک بۆ پەیوەندی نێوان و مرۆڤ و خودا ناسراوە.

دەف بەو شکڵ و شێوەیەی ئێستا مولکی هیچ وەڵاتێک نییە و تایبەتە بە میللەتی کورد.

***"دەف "***

***بە لیوی چەڕخی گەردانت ، دەهاژێنێ دڵ و گیانم***
***بە پەنجەی سیمی خاراوت دەلەرزێ عقل و عیرفانم***
***لە ڕیزی دایرەی گەردوون ، بە دەف چەرخێ بنەخشێنە***
***لە ڕیزی دایرەی توحید ، فەنا کە دین و ئیمانم***
***لە شانەی زوڵفی ئاڵۆزت ،هەزاران نە غمە بەرپایە***
***بە هەر نەغمە دەلاوینێ، بە وێنەی سەروی بوستانم***
***ئەسیرت بووم شەهیدت چەم،بە چەرمت ئالو گۆرم کە***
***ئیشارەت کە لە سینەی من، کەوا پەخشەو پەرێشانم***
***دەفی من ئایەتی ئەشقە ، نەوای مەحشەر دەخولقێنێ***
***دەسا مەحشەر بکە سارا خەرامانی خەر امانم***

**سارا تەڵایی**

وەک ژەنیارێکی ئامیری دەف لەسەر خۆم بە پێویستم زانی ئەو بابەتە بنووسم هیوادارم هەڵەم نەکردبێ لە نووسینیدا چۆن من مێژووناس نیم.

بەڵام ئەگەر کەسێک نووسراوەی بەهێزتری هەبوو بە بەڵگەوە دەتوانێ ئاگادارم بکاتەوە، خۆشحاڵ دەبم.

سپاس



# شیلان گیلانی: بۆ نووسینی کتێبی (ژنانی کورد) ڕۆژووی فەرهەنگیم گرت

ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی (٢٠٠٧ی زایینی) دوکتور جەهانبەخش سەواقب ئەندامی زانستیی زانکۆی لوڕستان، لە کتێبە فارسییەکەی ژنانی بەدەسەلاتدا (زنان فرمانروا)، باسی چەند ژنەکوردی ئەوسای کردووە بەبێ ئەوەی بڵێ کورد بوون. بۆیە بە پێویستم زانی ئەم دەقە دوایی بۆ فارسەکان بگوازمەوە، هەتا سالارەژنەکانی کوردیان بە جوانی پێ بناسێنم کە دوایی وەردەگێردرێتەوە سەر زمانی فارسی. هەروەها لە کوردستانی ڕۆژهەلاتیش ژیاننامەی چالاکانی ژنی کورد کەم و دەگمەن بووە، بۆیە لە ساڵی ١٣٩٣ی هەتاوی (٢٠١٤ی زایینی) لە ڕۆژنامەکاندا بانگهێشتی ژنە چالاکوانەکانم کرد و دوایی بە لێکۆڵینەوە، ژیاننامەکەیانم نووسیوە هەتا بزانین ژنانی ئەوسا چییان بە یادگار و دیاری بۆ بەجێ هێشتووین کە خوێندەواریشیان نەبووە، لەلایەکی دیکەوە ژنانی ڕۆژهەلات، ژنە چالاکوانەکانی پارچەکانی تریش بناسن، مەبەستی سەرەکیم، نووسینی ژیاننامەی ئەو ئافرەتانە بووە کە بە چەرمەسەری و ئازاری زۆرەوە، دوور لە هێزی پیاوان لە بواری خوێندەواری، یان دەستڕەنگینی و پیشەییەوە، خۆیان پێگەیاندووە. وەک پێشینیان دەڵێن

**دەستی خاڵی هەر بۆ چەپۆک چاکە**

**بیدەی لە تەپڵی سەری خۆت کاکە**

**ژنێک بە مەردی منالی ژیاند**

**بێ بوونی پیاو سەختی تێپەڕاند**

**ناوی زۆر بەرزە لەسەر چاوانە**

**لە بۆ کۆمەڵگا هێز و دەرمانە**

ژیاننامەی نەخوێندەواری خۆپێگەیاندووە، هونەرمەند، داهێنەر، دەستڕەنگین و جواننووس، وێنەکێش، سواڵەتکار (گۆزەکەر) و خۆرسکیشم نووسی، چونکە مایک و هەلی خۆدەرخستنیان بۆ نەڕەخسابوو، بەڵام ڕەمزی سەرکەوتنیان، بڕوا بەخۆ بووە. تا چەند ساڵ لەمەوبەر ژنانی کورد، لە کوورەخانەکانیشدا بە تایبەت کوورە خشتپەزییەکانی تاراندا لەبۆ نانێکی حەلاڵ، بەبەر قرچە و برژەی کوورە و هەتاوی هاوینان لەوپەڕی هەژاریدا لەگەڵ مێردەکانیان ئازاریان دەچێشت. ئەگەر تەمەن مەودام بدا لە بەرگی دووەمی کتێبەدا کە تایبەتە بە ژنانی چالاکی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، بەڵکوو بیانبینمەوە".

لەسەر جیاوازیی پرۆژەی کتێبی ژنانی کورد کە لەگەڵ ئەو کتێب و پرۆژانەی دیکە کە لەم بوارەدا چاپ و بڵاو بوونەتەوە، «مێژووی کورد بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە بەرهەم و هونەری تاڵان کراوە و دەسەڵاتەکان کردوویانەتە موڵکی خۆیان. بەم کەمەش کە بۆمان ماوەتەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە فەرهەنگ و کولتوورێکی دەوڵەمەندمان بووە و داپیرە و باپیرەکانمان لە فەوتان ڕزگاریان کردووە. بۆ نموونە لە ئەوین و خۆشەویستیدا لە ئوستوورە و دیرۆکەکاندا کەسانێک وەک: مەم و زین، شیرین و فەرهاد و چەندین کەسی ترمان هەیە کە نموونەی ڕاستەقینەی دڵدارین». یان لەبەشی دەسەڵاتدا دەیان جەنگاوەر و وڵاتپارێزمان بووە «لە بەشی دەسەلاتدا سەرەژنگەلێکمان بووە کە دەسەڵاتی گوند و شارەکەیان بەئەستۆ بووە و لە پیاوان بە جورئەتتر و بەهێزتر وڵاتیان بە جوانترین شێوە بەڕێوە بردووە و یەکسانی و ئارامییان بە خەڵک بەخشیوە. وەک: خودادادخاتوون، شەجەرەدوڕ، خانزادی سۆران، شاخاتوون، حەپسەخانی نەقیب، قەدەمخێر خانم، عادیلەخانم، بەڵام بەداخەوە ژنانی ئێستا مێژووی گەورە و حاکمە ژنان و شەرڤانەکان ناخوێننەوە بۆیە زیاتر خەریکی ڕوخسار و جوانکاری و نەشتەرگەریگەلی نابەجێن. لە فەرمووەدەبێژی و خێرخوازیدا ژنگەلێک بە خوێندنی قورئانی پیرۆزەوە سەدان قوتابخانە و خانووبەرەیان بۆ هەتیوان و دەستکورتان کردووە و سلامەتیی جەستە و ڕۆحی کۆمەڵگەیان مسۆگەر کردووە».

لە بواری شێوازی پۆلێنبەندیی پرۆژەکە «لە هەموو بوارەکانی سیاسی و دەسەڵات، فەرهەنگ و ئەدەبیات، ژنانی خێرومەند و فەرموودەبێژ، ژنانی ئەوسا و هەنووکەی زانا و دەستڕەنگین و گیادەرمانی کۆن و... بە شێوازێکی ڕێکوپێک پێرست کراوە."

ئەو جۆرەی کە خاتوو شیلان گیلانی باس لە شێوازی لێکۆڵینەوەکەیان دەکات ئەم پرۆژەیە هەم شێوازی مەیدانی و هەم بە شێوازی کتێبخانەیی بەرهەم هاتووە و لەمبارەوە هەم بە شێوەی مەیدانی و هەم بە تەلەفون و ئیمەیل و هەمیش لەڕووی چەند سەرچاوەی ڕوون کراوە، بەڵام بەهۆی باردۆخی سیاسی و کۆرۆناوە نەمتوانی بە کوردستانی باکوور و ڕۆژاوا سەفەر بکەم.

لە وەڵامی پرسیاری هەبوونی بەربەست لەڕێگای بە ئەنجامگەیاندنی لێکۆڵینەوەکەی و بە چاپ گەیاندنی کتێبی ژنانی کورد، «بەربەستی زۆرم بۆ هاتووەتە پێشەوە، زۆر بە دوای سەرچاوەدا گەڕاوم. ژنانێک چالاک و دەستڕەنگین و شانۆکار و مێدیاکار بە تایبەت لە ڕۆژهەڵات، ئامادە نەبوون باسی خۆیان بکەن و ڕەمزی سەرکەوتنیان بۆ لاوەکانی دوارۆژ دەرخەن. یان ئامادەگییان دەردەبڕی و پەشیمان دەبوونەوە، یان لەبیریان دەکرد و دەبوا بەردەوام بە تەلەفون وەبیریانم بهێنایەوە، وەک لە بەرایی کتێبەکەیشدا باسم کردووە «سواڵی فەرهەنگی»م کردووە، کەسانێکی زۆر لەباتی ژیاننامە،



ڕێزوومە، واتە کورتە چالاکییەکیان لە چەند ڕستەدا بۆ ڕەوانە دەکردم، سەدانجار بە تەلەفون پێناسە و جیاوازی ژیاننامە و ڕێزوومەم بۆیان کردوو، ئەم لێکۆڵینەوە کوێرەوەری زۆرە دواییش زۆر کەس بایەخی پێ نادەن و پێیان وایە کارێکی ساکار و سادەیە. بڕێک لە سەرچاوەکان لە ڕۆژهەڵات نەبوون، ناچار لە باشوور گەڕاوم هەتا دەستم کەوتووە. بەڕاستی ئەم کتێبە پیری کردم، دڵەڕاوکێی زۆری هەبوو. وای کرد کە ڕۆژووی فەرهەنگیم گرت. بەدەگمەن دەچوومە میوانی و کۆڕ و کۆبوونەوەکان و سەفەر بۆ لای خزم و کەسوکار و...

لەسەر ئەوەی کە ئایا چاپ و بڵاوبوونەوەی کتێب و پرۆژەی لەم شێوە چ سوود و کاریگەرییەکی لەسەر کۆمەڵگە و بە تایبەتی بۆ ژنان دەبێت، «ئەم کتێبە ئەگەر خوێنەری خۆی هەبێ، سوودێکی زۆری هەیە بۆ ژنان، بەتایبەت و بۆ خوێندکارانی زانکۆ هەتا باشتر لە مێژووی خۆیان بگەن. لەوانەیە ببێتە تیشکهاوێژێک بۆ داهاتوویان کە خۆیان لە کەسایەتییەکدا بدۆزنەوە و هەڵکەوتەییان مسۆگەر بکەن بۆ دواڕۆژی نیشتمان. لە کۆتاییدا لە میری مەزن داواکارم پەتای کۆرۆنا بنەبڕ بێت و ئاشتی و ئارامی باڵ بکێشێ بەسەر کوردستاندا و نەیارەکانی نیشتمان ببن بە یار. باشووری ماڵەباوانیشمان بۆ بمێنێت.

سپاسی دکتۆر عەلی ئەشرافی و مامۆستا ساماڵ ئەحمەدی دانیشتووی باشوور دەکەم کە ئەرکی پێداچوونەوەی کتێبەکەیان بەئەستۆ گرت، هەروەها سپاس و پێزانینم پێشکەش بە کچە زەحمەتکێشەکەم دوکتور سۆما دەکەم کە ئەرکی لە چاپدانی ئەم کتێبەی بەئەستۆ گرت، هیوادارم لەگەڵ بەڕێوەبەرانی (باسنیوز) بەختەوەر و تەندروست بێ».

شیلان گیلانی نووسەر و شاعیری خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، بەتایبەتی لەسەر ئەدەب و شێعری منداڵان و مێرمنداڵان کار دەکات و تا ئێستا چەندین بەرهەم وەکوو «دیارییەکان دایە، ماسیخۆرەی داوباز، فریشتەی دیان» لەم بوارەدا بە چاپ گەیاندووە. جیا لە شێعری منداڵان و مێرمنداڵان، لە بوارەکانی دیکەشدا شێعر دەنووسم و چالاکوانێک و هەڵسووڕی بواری مافەکانی ژنانیشم.



# کورتەیەک لە ژیانی ئەدەبی شیلان گەیلانی و چەند هۆندراوەی

ئامادەکردنی:تریفەفاتیحی

ژنە شاعیرو وەرگێری بەتوانای شاری سنە خاتوو شیلان گەیلانی لەساڵی ١٣٣٣کۆچی لە شارە خنجیلانەکەی سنە چاوی بەدنیا هەڵێناوە. باوکی پیاوێکی ئایینی و بە ڕەچەڵەک خەڵکی بەرزەنجەی کوردستانی باشوور بووە. خوێندنی سەرەتایی لەقوتابخانەی وەفایی لە سنەدا تەواو کردووە، لەو سەردەمەدا هێشتا تەلەڤیزیۆن خۆی نەکردبوو بەماڵاندا، بۆیە ڕادیۆ دووهەمین قوتابخانەی هونەریی شیلان بووە، کە مۆسیقا و دیالۆگ و تەمسیلەکان گوێی دەلاواندەوە. هاوکات چووەتە بەرئاوینە و لەگەڵ کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکە ڕادیۆییەکاندا دەوری گێراوە. تەمامی تەمەنی لە شارە کەسک و چرو پرەکەی بانەدا بنچی تەنیوە و لەو شارە جوانەدا کەوتوتە باڵەفرکێ. هەناسەی بەهارو چریکەی مامۆستایانی ئەمر حەسەن زیرەک و عەلی مەردان و مامۆستای پایەبەرز عەزیزشارۆخی لەوێ بە گوێی هەست بیستووە و بە لووتی ڕۆح بۆنی کردوون. خورەی کانییەکان، گیای بنارەکان و سەوزایی دەشت و دیمەنی بە بیرەوەرییەکانییەوە نووساوە.

لەو سروشتەدا گیاجارو گوڵی هەڵمەڵە و دارەبەن و ڕەزی ئاربەبا و ڕەزەوانی بینیوە. تەمەنی دە ساڵان بووە کە ئەو شارە مەخمەڵینە سروشتی پێبەخشیوە. هەر لە منالییەوە شەیدای گۆرانی و دەنگی خۆش بووە و هەر کە گۆرانییەکی کوردی یان فارسی گوێ دابایە، خێرا شێعر و ئاوازەکەی بە زەینییەوە دەلکا. دوای وەرگرتنی دیپلۆم بەهۆی ئەوەی کە هەر لە منالییەوە عاشقی ئەم فریشتە فریارەسانە بووە، دەبێتە پەرستار و لەو پیشە پیرۆزەدا کار دەکا.

لەساڵی ١٣٧٥دا ڕێی ئەنجومەنی ئەدەبی سنە دەگرێتەبەر و کار و چالاکییەکانی دەست پێدەکا. لەسەر داوای مامۆستا شەریف حوسەینپەنایی کە ئەنجومەنی ئەدەبیی مەولەویی کوردی بەڕێوەدەبرد، دەبێتە هاوکارێکی چالاک و لە بەڕێوە بردنی بەرنامەکانی ئەو ئەنجومەنە قۆڵ هەڵدەماڵێ، لەدوای سێ ساڵ هاتووچۆی ئەنجوومەن دەبێ بە بەڕێوەبەری بەرنامەکانی ڕێبازی ژیان لە (تەلەفیزیۆن) و بەدەم کاری تەلەفیزیۆنیشەوە شێعر دەنووسێ. دواتر لەگەڵ ناهید حوسەینی شاعر دەبێتە مامۆستای ڕێنووس و ڕێزمانی کوردی لە (خانەی فەرهەنگ) یەکەمین خولی وانەی کوردی لە ساڵی ١٣٧٧ی کۆچی لە ڕۆژهەڵات دادەمەزرێنێ.

شیلان خانم جیا لەو کارانەی کە باسمان کرد لەبواری نووسین و وەرگێرانی ئەدەبیاتی منالانیش دەستێکی باڵای هەیە. ئەو خاتوونە بەهرەمەندە بە چاپکرانی کۆمەڵێک لە بەرهەمەکانی خزمەتێکی گەورەی بە کتێبخانەی کوردی کردووە.

کتیبە چاپکراوەکانی بۆمندالان: بریتین لە

شیعری ماشینەکان

پیشەکان

فریشتەی دیان



شوینەکان

شانوە شێعری ئۆلۆمپیادی گیانداران

چیرۆکی بیرەوەری گەلاکان بۆ تازەلاوان

ماسیخوەرەی داوباز

دیارییەکانی دایە

وەرگێرانی سەدوپەنجا چیرۆکی منداڵان لە فارسییەوە بۆ لاپەرەی بەشی منداڵانی ڕۆژنامەی هەولێر لەساڵی ١٣٨٨ی هەتا سەرەتای ١٣٩٢ی کۆچی

نووسینی بیست و پێنج چیرۆک بۆ منداڵان

سێ ساڵ بەڕێوەبەری لاپەرەی بەشی منداڵانی ڕۆژنامەی هەولێر بووە.

کتێبی شازادە بچکۆلەی لە فارسییەوە کردووەتە کوردی

چالاکییەکانی تر بۆ گەورەساڵ:

شێعرنامەی(بی سرمیچ)بۆگەورەسالان.

بیستوچوار وتاری کۆمەلایەتی

وەرگێڕی چیرۆک لە فارسییەوە، چوار چیرۆک: قارەقارێ

چەند قەل»ئەقدەس بینایی»

کۆلارەباز»ئەقدەس بینایی»

بووکەڵەی ئەودیوی پەردە«سادیق هیدایەت»لە فارسییەوە.

وەرگێڕی وتار لەسەر چۆنیەتی ڕەخنەی ئەدەبی، پەروەردەکردنی منداڵان، خوێندنەوەی نیگارەکانیان، لەفارسییەوە.
هەواڵنێری خۆبەخشی هەفتەنامەی سیروان، دە بابەتی بڵاوکراوە. ساڵی ١٣٨٥ و ١٣٨٦ی کۆچی لە شاری سنە.
خوێندنەوە و ڕاڤەی کتێبی ‹قەسەمنامە›کەی مامۆستای کۆچکردوو وارەستگان و کتێبی ‹بەهار›ەکەی نیاز کەماڵ کە بۆ منداڵان نووسیویەتی. لە هەفتەنامەی سیروان چاپ بووە.
ماوەیەک ڕێنووسی کوردیی دەرس داوە.
سەرپەرشتی ڕێکخراوی ژنان بووە لە مەریوان ١٣٥٧
ئەوانەی ئامادەی چاپن:
نەفت چۆن دۆزرایەوە، لە فارسییەوە.
ماسیخۆری فێڵباز لە فارسییەوە.
بووکی شاراوەکەی سادق هیدایەت لە فارسییەوە.
ڕەخنە و توێژینەوە لە ئەدەبی منداڵان»هادی محەمەدی»لە فارسییەوە.
بەشێک لە فۆلکلۆری کرماشان،
ژیانی مێشهەنگوین.
چیرۆکی بەرکۆ و سیسرک.
کتێبی منداڵانەی هەڵۆرک
شیعری شینگێڕی و بەرتەونانەی ناوخەڵک.
خاتوو شیلان گەیلانی ،ئیستا پەرستاری خانەنشینە و دەستەی نوسەرانی گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانە، هاوکات ماوەی پێنج ساڵە سەرقاڵی نووسینی کتێبێکە بەناوی «ژنانی ناوداری کورد». سەرەڕای ئەو هەموو ئەرکانە ساڵی چوارەمی زانکۆ لە بەشی ئموری فەرهەنگی لە زانکۆی شاری سنە خەریکی خوێندنە.

## سێ تار

لە قیبلەگای کەوانی دڵ
ڕۆژێ چەن جار دەکەم سوجدە
لە ژێر چریکە و دەنگی تۆدا
مەستانە دەگۆڕم پەردە
وەکوو مەستوورە من شێتم
سابۆم تێکە تۆ لەو بادە
بە تیشکی نیو نیگای دڵبەر
گەر بسووتێم دڵم شادە
دە بیژنە سێتاری دڵ
با تانوپۆی دڵم دەربێ
لەسەر میزرابی ئەو چەمکە
با کۆترەکەی دڵم بەربێ
پێشەوا گیان لە ئاسمانی
منیش پێشمەرگەکەی دەهەرم
لەسەر ڕێبازی پیرۆزت
بە گیان دانن وەکوو بەحرم
دەچم سێتارەکەی دێنم
لەسەر ژوانگەی چوار ڕێیانی
بە سروودی ئەی ڕەقیب هەر
پڕ دەکەم ئەرز و ئاسمانی
(بەهژێت گشت کوردستانێ)



شیلان گەیلانی ۱۳۹۹/۱۰/۳۰




**کتێبی ژنانی کورد**

**(گوڵبژێرێک لە ژنانی ئافرێنەر لە ئاوێنەی مێژوودا)**

**ئەم کتێبە ئامانجی بێوچانی حەوت ساڵە لەسەر بیر و هزر و خامەی شیلان گەیلانی. بەشێکە لە چالاکی و ماندوونەناسی ژنانی ئەوسا و سەردەمی ئێستای چوار پارچەی کۆمەڵگای کوردستان.**

**باسی ژنانی بەدەسەڵات و فەرموودە بێژ و نەخوێندەوار و هەڵکەوتوانی مەدەنی و سیاسی و فەرهەنگییە، تەنانەت ئەو تەوارە ژنانەی کە بە بێ پشت بەستن بە پیاو بە تاقی تەنیا گەورە کچان و پیاوانێکی ناوداریان پەروەردە کردووە و دەرفەتی خۆدەرخستنیان لە مێدیاکانەوە بۆ نەڕەخساوە و ژیانیان بە قامووسی ئەوین بەڕێ کردووە.**

**زۆربەی جار بەسەرهاتی ژنانی ئافرێنەری کورد بەدەست پیاوان نەخشاوە، بۆیە بە پێویستم زانی لە دووتوێی دووبەرگدا بیانخەمە نێو کاروانی ژنانی سەرکەوتوو هەتا مێژوو لەبیریان نەکات. ڕێز و حورمەتم بۆ ئەو پیاوانەی کە ڕێزگر و مافخوازی ژنانن.**

**شیلان گەیلانی، خانەنشینی زانکۆی (علوم پزشکی) زانستی پزشکی و پێداویستی بهداشتی و دەرمانی پارێزگای سنە.**



# ئاشقانی وڵاتی خۆر

کـــــــەریم فـــەرخـــەپـــوور

ژنانی پێشەنگ و پێشڕەو، کچانی بێبەش و بوێر و ئازای وڵاتی خۆر، نەوبووکانی ڕووسوور و دایکانی خاوەن هەلوێست، ئێوەی یاغی لە فەرمانی زۆردار و شا و شازادەکان بە هاتنە مەیدانتان و هەڵوێستی کوردانەتان تەختی شاهانتان هەژاند، کۆشک و قەڵای فەرمانڕەوای مەملەکەتی زۆردارتان لەرزاند، هێڵە سوورەکانی یاسای چاخی بەردین و ئەهریمەنی و دواکەوتوانەی دژە ژنتان بەزاند.

قەڵا و پشت و پشتیوان، بوونە هیوای بی دایک و هەتیوان، بوونە قەڵغان، بوونە پێشەنگ، مەشخەڵ بەدەست بەرەو ئاسۆی ئازادی خرۆشان. بوونە مەرهەمی زامی حەسرەتی دڵی دایکی شەهید و پێشڕەوی کاروانی خەباتی فریادڕەسی بێنەوا و بێبەشان.

ژنان و کچانی سەرقافڵەی ئەم کاروانە گەلێکن کەم نین، نەسرین و سوهەیلاکەی غەڵتانی خوێن لە باوەشی قەڵای باوەڕ ئاوێتەی سەحەری مامە سێوەن لە بناری هەیبە سوڵتان، زارای نیشتمان لە زیندان، زۆر شەهید و پێشەنگی‌تر




نەبوونە نێچیر و مەلی بەندی قەفەس، نەبوونە دیل و کۆیلە، ئازایانە کۆت و زنجیری دیلیتان پساند. لەگەڵ لێدانی سەمفۆنیای مەرگ، مەرگتان دەستەمۆ و بوێرانە ترستان ترساند، ژنانە، خاوەن ئیرادە و ئازایانە لووتی لەمپەرتان شکاند.

برووسکە ئاسا وەرزی وەیشوومەتان هەژاند. بوونە تروسکەی خۆری حەقیقەت، نەپرینگانەوە لە شەختە و کڕێوە و باهۆز، زستانی تووشتان کردە بەهار و نەورۆز. بوونە گەردەلوولی پاپۆڕی ترس و، لەنێو جەرگەی شەپۆل و هەژاندا دروشمی ئازادی و ئازایەتیتان بە گوێچکەی کەڕی مێژوودا دا. پێنووس بە دەست فێری وانەی بوێری و بەرەنگاری بوون و ئاڵا بەدەست بوونە پێشەنگ و پێشمەرگە.

ئێوەی سەوداسەری ئازادی، چەک لە شان چوونە مەیدانی جەنگ و بوێرانە بۆ ئازادی جەنگان. ئێوەی یاغی لە کەلتووری سەقەت، ئازایانە هاتنە مەیدانی گلان و هەستانەوە. لەگەڵ چەخماخەی شۆڕشی کورد دا، شکۆی ژنتان گەیاندە کەشکەڵان، سەرتان هەردەم لەنێو سەران. بەجێی بازنە و گەردانە قەتارەی فیشەکتان لە سینە و بەرۆک هاڵان. بوونە

نموونەن بۆ ئازایەتی و غروور و پێناسەی ژنانە و کوردانەتان.

دایکانی خاوەن ئیمان و ئیرادە و نەوبووکانی کۆستکەوتووی وڵاتی من دوای هەر کۆستێ هەڵدەستنەوە، کچانی سەوداسەری ئازادیی زێدەکەی من، بە هزر و هێزەوە، دوای گلان ڕادەبنەوە، دەبنەوە کڵپە و بڵێسەی سووری ئاگر و برووسکە ئاسا بەگژ هەور و تاریکی و جەهالەتدا دەچنەوە. بۆ ستاندنی هەق، بە دوای ڕزگاریی وەتەندا ڕێی سەختی تێکۆشان و نەسرەوتن دەپێون. تەلیسم و بەندی دێوەزمەی شەو و شەوەزەنگ و شەڕ دەڕمێنن، خەو لەچاوی داگیرکەر و دژ و دژمن ودژبەر و دژە ژن دەتارێنن، ئەوان سەوداسەری ئازادین و ئازادی بە دیاری بۆ گەل دێنن.



ژنانی ئازای وڵاتی خۆر ئاواز و مۆسیقای ئازادی دەچرن، گیان دەبەخشن و ڕوح لە پێناو، ئازادی بە خوێن دەکڕن. مات و سەرگەردان دەستەوەستان بە خەیاڵی ئەستێرەی بەخت وچارەنووس دەستەوئەژنۆ دانانیشن، تەوار ئاسا بۆ ئازادیی خەڵک و خاک رادەبن، بەگژ زوڵم و زۆرداریدا دەچنەوە دەبنە مۆمی بەر پەنجەرەی هیوای هەموو ماڵێ، دەبنە گوڵی گوڵدانی بەرهەیوانی ژینی هەموو پڕ لەژانێ، دەبنە ئەستێرەی ئاسمانی ئازادیی وڵات، لە کاکەشان دەدرەوشێنەوە هەتا شەوچرای ماڵە قوڕینەکانی شەوەزەنگی نیشتمان خامۆش نەبێ.

کچانی بە هەست و دەروەستی وڵاتی من دوور لە سۆزی کوڕە حەیرانان ئاسکە ئاسا دەستەملانی ئامێزی چیا دەبن. نەوبووکانی نیشتمانی کورد، کورد بە بوێری و بەرگریتان لە نیشتمان و بەرەنگاریتان دژ بە سپای جەهل و تاریکی سەرفراز و سەربڵند و ڕوو سوورە، ڕووسووریتان لەجێی پەچە و ڕووبەند، لە ڕووسووریتان خوێن لە جەرگی چیای سووتمان دەتکێ و ماندوویەتی و پێنووس و چەک و بیروباوەڕتان ئاوێتە و ئاوێزانی یەک دەبن. ئێوەی سەوداسەری ئازادی، بەندیخانە دەکەنە قوتابخانەی خۆڕاگری، سروە و شنەی شەماڵی کوێستان لەجێی هەناسەی دەزگیرانی دابڕاو و بێ سەروشوێنتان، لە ئەشقی نیشتماندا خاک دەکەنە دڵبەر و دڵدارتان. لە ئامێزی چیا و سەنگەردا خوێن تارای سووری بووکێنی و خەنەی شەوی خەنەبەندانتان، قرمژنی چەک و گرمەی بۆمبا ئاواز و مۆسیقای شایی و زەماوەند و گۆڤەندتان، ئێوە پەروەردەی ئامێزی دایکێکی ڕووسوورن هەر بۆیە بوونەتە جێی فەخر و شانازی بۆ کورد و نیشتمانی کوردان.

کچان و ژنانی پێشەنگ و پێشمەرگە!

ئەگەر لەم ڕێگەیەدا گلان، نیشتمان خۆش، بەڵام دڵنیام ڕۆژێ باوەش بە باڵای گوڵستانی ئازادیدا دەکەن، پەیکەرێ لە باڵای چیایتان چێ دەبێ و دەبێتە زیارەتگەی ئاشقان و ئەویندارانی نیشتمان. دەزگیرانی شەهید لە نێرگزەجاڕی ئاگری و بیستوون و موکریان، لە ورمێوە هەتا ئیلام و کرماشان چەپک چەپک بۆ پێشوازیی ماندوویەتیان گوڵی نێرگز دەچننەوە، لە پەرتووکی دیرۆکی ئازایەتیتان، هەڵبەستوان و هۆزانبێژ لاوک و هۆزان و هۆنراوە دەهۆننەوە و ئێوە لە هەر دێرە شێعر و بەستەیەکدا دێنەوە و پڕ بە گەرووتان هاوار دەکەن و دەڵێن «بۆ ئازادیی نیشتمان، ئاوایە ڕێگای ئاشقان.»

٢٤ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی
١٣/٣/٢٠٢٢ی زایینی

## خەڵاتی مامڵێ بۆ ساڵی ٢٠٢٢ پێشکەش بە مامۆستا کاوە فەقیەزادە کرا



مامۆستا کاوە فەقیەزادە لەلایەن مەڵبەندی هونەریی مامڵێ، خەڵاتی هونەرمەندی ساڵی ٢٠٢٢ی "مامڵێ"ی پێشکەش کرا.
ڕێکەوتی ١٧ی مانگی ژانویە بەرانبەر بە ٢٧ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی، لە ساڵۆنی بۆنەکانی هۆتێل تارا لە شاری مەهاباد ڕێورەسمێک بۆ پێشکەشکردنی خەڵاتی ساڵانەی هونەریی مامڵێ بە مامۆستا کاوە فەقیەزادە بەڕێوە چوو.
لە درێژەی چالاکیی ساڵانەی مەڵبەندی هونەریی مامڵێ بۆ دەستنیشانکردنی هونەرمەندی ساڵ، مامۆستا کاوە فەقیەزادە بۆ پێشکەشکردنی خەڵاتی ساڵی ٢٠٢٢ی «مامڵێ» هەڵبژێردرا.
تێکۆشانی ئەو هونەرمەندە بەرزەی کورد بۆ نووسینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر موزیک، دەق و نۆتەکانی کۆمەڵێک میلۆدی، گۆرانی، بەیت، حەیران، لاوک و هەوای کوردی، یەکێک لە کارە هەرە گرینگ و دەگمەنەکانی مامۆستا کاوەیە کە لە کۆی چەند کتێبێکی ناوازەدا کە زیاتر لە ١٥ کتێب لەخۆ دەگرێ، پێشکەش بە نەتەوەی کوردی کردووە.
ئەو هونەرمەندە سەرەڕای کۆمەڵێک گرفت و بەربەستی جۆراوجۆر بە تایبەت (دارایی)، لە خزمەتکردن بە موزیکی کوردی ڕاوەستاوە و بە دامەزراندنی (ئۆرکێسترای زانستی و جیهانی فیلارمونیک)، هەروەها ئاشناکردنی ئەو شێوازە بە خەڵک و گەشەی موزیکی کوردی لەو بوارەدا، بە تایبەت لە ناوچەی موکریان، توانیوییەتی بەدەستی بەتاڵ و بەبێ پشتیوانییەکی ئەوتۆ و لە ماوەیەکی کورتدا، هەنگاوی گەورە هەڵێنێتەوە.
شایانی باسە کە خەڵاتی مامڵێ، وەک هێمایەکی ڕێزلێنان لە هونەرمەندی کورد، ماوەی ١٣ ساڵە چالاکە و لەلایەن مەڵبەندی هونەریی مامڵێوە ساڵانە پێشکەش بەو هونەرمەندە ماندوو و تێکۆشەرانە دەکرێ کە لە خزمەتکردنی هونەریی کوردیدا تێکۆشاون و گەشەیان پێبەخشیوە.

## بەڕێوەچوونی شەوەشێعری «چلووره و چلوان» لە شاری سەردەشت



شەوەشێعری «چلووره و چلوان» بە بەشداریی زیاتر لە ٣٠٠ ئوگری زمان و وێژەی کوردی لە شاری سەردەشت بەڕێوە چوو.
شەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی، شەوەشێعری «چلووره و چلوان» بە بەشداری زیاتر لە ٣٠٠ ئوگری زمان و وێژەی کوردی، هەروەها خوێندنەوەی زیاتر لە سی بەرهەمی جیاواز لەلایەن شاعیرانی ئەندامی ئەنجومەنی ئەدەبی سەردەم بەڕێوە چوو.
لەو کۆڕەدا چەند گۆرانی و حەیران لەلایەن هونەرمەندان پێشکەشی ئامادەبووان کران.
شایانی باسە کە لە کۆتایی کۆڕەکەدا زیاتر لە چل فێرخوازی بەشدار لە خولە فێرکارییەکانی ئەنجومەنی سەردەم، بەهۆی دەرچوونیان لە پۆلەکانی یاساکانی شێعر و ڕێنووسی کوردی، بڕوانامە و ڕێزنامەیان پێ بەخشرا.

## سنە وەک پایتەختی کتێبی ئێران دەستنیشان کرا

دووشەممە شەشی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی، لە ڕێورەسمێک بە بەشداریی وەزیری جێگری کاروباری فەرهەنگیی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشاد، نووسینگەی توێژینەوە و بەرنامەدارشتنی کولتووری، بنکەی هاوئاهەنگیی شار و گوندەکانی هۆگری کتێب دامەزراو و ڕێکخراوەکانی هاوکار، مەراسیمی هەڵبژاردن و ناساندنی حەوتەمین پێتەختی کتێبی ئێران بەڕێوە چوو و لە نێو شارە دەرچووەکانی قۆناغی کۆتایی کێبەرکێی وەرگرتنی نازناوی حەوتەمین پایتەختی کتێبی ئێران، شاری سنەی وەک شاری براوە، هەڵبژارد.



## دوو سەرکەوتنی گرووپی هەڵپەڕکێی ورمێ گۆڤەند






گرووپی هەڵپەڕکێی «ورمێ گۆڤەند» کە لەلایەن لاوانی شاری ورمێی کوردستانەوە پێک هاتووە، لە دوو فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیدا پلەکانی یەکەم و دووهەمی بەدەست هێنا.

گرووپی هەڵپەڕکێی «ورمێ گۆڤەند» کە لەلایەن کۆمەڵێک لە لاوانی شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دامەزراوە و لە زۆربەی فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەکاندا وەکوو نوێنەرایەتیی کەلتووری گەلی کورد بەشداری دەکات، دواجار لە دوو فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی وڵاتانی ڕووسیە و فەرانسە بەشداریی کردووە و توانیویەتی پلەکانی یەکەم و دووهەم بەدەست بهێنێت.

بەپێی زانیارییەکان؛ گرووپی هەڵپەڕکێی «ورمێ گۆڤەند» لە نوامبەری ٢٠٢١ی زایینی و لەسەر بانگهێشتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی هونەری فۆلکلۆر «Eaff» لە دوو فێستیڤاڵی «ئالفیا ئوزالووا» لە ڕووسیە و «ئەستێرەکانی پاریسی» لە وڵاتی فەرانسە بەشدارییان کردووە کە لە فێستیڤاڵی وڵاتی ڕووسیە پلەی یەکەم و لە فێستیڤاڵی وڵاتی فەرانسەش پلەی دووهەمیان بەدەست هێناوە.

ئەو گرووپە پاییزی ئەمساڵیش لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی وڵاتی ئیسپانیادا لەژێر ناوی «فێستیڤاڵە ڕەنگییەکانی هەتاوی ئیسپانیایی» لە کێبڕکێیەکدا بە بەشداربی زیاتر لە ١٠ وڵاتی جیهان، توانی پلەی یەکەم بەدەست بهێنێ.

## لە ئیلام یەکەم ڕۆمانی کوردی بڵاو کرایەوە






ڕۆمانی «هووز ملاکەت» لە نوسینی زارا ئۆمیدی چاپ و بڵاو کرایەوە. ئەم ڕۆمانە بە یەکەم ڕۆمانی کوردی بە زاراوەی ئیلامی دادەنرێ.

ڕۆمانەکە ٩١ لاپەڕەیە ڕۆمانەکە لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە دیاردەی «ئەجیننە» لە کۆمەڵگەی کوردی دەخاتە ڕوو.

زار ئومیدی نوسەری کوردی نوسی پارێزگای ئیلامە و ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە پارێزگاریکردنی شوناسی کوردی ناوچەکە.

## نوێترین کتێبی کۆمەڵەشیعری خاتوو ژاڵە سەفی‌یاری، شاعیر و نووسەری کورد، لە ڕۆژهەڵاتی کورستان چاپ و بڵاو کرایەوە.

نوێترین کتێبی خاتوو ژاڵە سەفی‌یاری، شاعیر و نووسەری کورد و خەڵکی شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ناوەندی نووسەرانی کوردستان، ڕۆژی یەکشەممە، ٥ی بەفرانباری ٢٧٢١ی کوردی، بە ناوی کۆمەڵەشیعری «هەرمانی ئەوین»، کە ١٣٥ لاپەڕەیە و لە ٥٠ غەزەل، ٤٠ دووبەیتی، ٣٠ شیعری نوێ و ١٠ چوارپارە پێکهاتووە، لە شاری سەقز و لەلایەن چاپەمەنیی «خانی» چاپ و لەلایەن کتێبفرۆشیی «هونەر و ئەندێشە»وە بڵاو کرایەوە، هاوکات لەلایەن ناوەندی ٤٩ کتێب و لە دەرەوەی کوردستانیش ئامادەکاریی بۆ چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەو کتێبە کراوە.

شایانی باسە کە ئەم کتێبە دووهەمین کتێبی خاتوو ژاڵەیە و کتێبێکی تری کۆمەڵەشیعری بە ناوی «سترانی تاسە» لە ساڵی ٢٧٢٠ی کوردی، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاو بووەتەوە، هەنووکەش دوو کتێبی تریشی لەبواری ئەدەبی منداڵانەوە ئامادەی چاپ و بڵاوبوونەوەیە.

ژاڵە سەفی‌یاری، لەدایکبووی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٦٣ی هەتاوی، لە شاری سەقزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوییەوە سەرەتا لە کورتەچیرۆکەوە دەستی بە نووسین کردووە و دواتریش دەستی بە هۆنینەوەی شیعری کوردی کردووە کە تاکوو ئێستاش لە بوارەکانی نووسینی کورتەچیرۆک، هۆنینەوەی شیعر، ئەدەبیاتی منداڵان و وانەوتنەوەی زمانی کوردی بە هەردوو ڕێنووسی ئارامی و لاتینی، بە شێوەی سەرهێڵ بەردەوام چالاکە.

خاتوو ژاڵە ماوەی چەند ساڵێکە ئەندامی ناوەندی نووسەرانی کوردستانە و لە سێهەمین کۆنفرانسی ناوەندی نووسەرانی کوردستان وەکوو ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ناوەندی نووسەران هەڵبژێردراوە و هەنووکە لە لێژنەکانی ئەدەبی منداڵان و هونەری ناوەندی نووسەراندا چالاکە.



# کۆچی‌دوایی خاتوو ئامینە شێخە دێگەیی هاوژینی نەمر جەلیل گادانی




خاتوو «ئامینە شێخە دێگەیی» هاوژین و یاری وەفاداری کەسایەتیی ناوداری کورد، نەمر جەلیل گادانی، بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری هەولێر مالاوایی لە ژیان کرد.

خاتوو ئامینە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە داوێنی گەورە بنەماڵە و نیشتمانپەروەری باشووری کوردستان «شێخە دێگەیی» چاوی بە دونیا هەڵێناوە، لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاوی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ نەمر جەلال گادانی پێک هێناوە.

خاتوو ئامینە ژنێکی نیشتمانپەروەر و ئەندامی دڵسۆزی ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بوو.

خاتوو ئامینە لە ماوەی ژیانی هاوبەشی لەگەڵ کەسایەتیی ناوداری کورد، نەمر کاک جەلیل گادانی، تێکەل بە شۆڕشی حەقخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبیوو بەڵکوو ماڵە باوانی ئەو هەمووکات وێستگەی حەسانەوەی یارانی دێموکرات بووە ئەو بە میهربانی و دڵسۆزییەکانی جێگای خۆی لە دڵی بنەماڵەی کادر و پێشمەرگەکاندا کردبۆوە.

لەلایەن ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و بەڕێوەبەرانی گۆڤاری «ژنان» پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵەی گەورەی گادانی و شێخەدێگەیی دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.

# کۆچی دوایی پێشمەرگەی وەفادارکاک کەریم عەبباسی(شەڵماشی)

لە ساڵی ١٣٥٨ پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات بۆتە پێشمەرگە بەهۆی وەفاداری و ئەمانەت و نهێنیپارێزیی کاک کەریم لە ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوییەوە بوو بە یەکێک لە پێشمەرگە پارێزەکانی هەموو سکرتێرەکانی حیزب هەتا ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی.

لەو ماوەیەدا بەردەوام لە سکرتاریای حیزب خزمەتی کرد و بوو بە ئەمینداری جێی باوڕ و متمانەی تێکرای ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادرەکانی ڕیزی پێشەوەی حیزبی دێموکرات.

نەمر کەریم شەڵماشی پێشمەرگەی دێرین و هاوسەری بەوەفا و دڵسۆزی کادری بەوەجی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان خاتوو «شنۆ شەڵماشی» بوو.

لەلایەن ڕاگەیاندنی «یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان»ەوە پرسەو و هاوخەمی خۆمان بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک کەریم شەڵماشی ئاڕاستەی بنەماڵەی کاک کەریم شەڵماشی بەگشتی و خاتوو شنۆ هاوسەری بەڕێزی و کچە چاوگەشەکانی دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین.



بەداخەوە سەر لە بەیانی ڕۆژی شەممە، ١٨ی بەفرانباری ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی، کاک کەریم عەبباسی ناسراو بە کەریم شەلماشی ماڵئاوایی لە ژیان کرد.

کاک کەریم شەڵماشی لە ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە گوندی شەڵماشی ناوچەی سەردەشت لەدایک بووە و

## (کۆچی دوایی خاتوونێکی نیشتمان پەروەر وشۆڕشگێڕ و ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان

ڕێکەوتی ٦ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی کاتژمێر ١١ی شەو خاتوو "حەلیمە ئامانی کاکەڵڵا" ناسراو بە (حاجی ژن) لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری کۆیە کۆچی دوایی کرد.
خاتوو "حەلیم ئامانی کاکەڵا" هاوسەری ڕەوانشاد حاجی "محەممەد ئەسکەندەری" ساڵی ١٣٦٤هەتاوی دێتە نێو ڕیزەکانی شۆڕش و تا دوا هەناسەی وەفادار بە ڕێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستان و هاوسەرەکەی دەمێنێتەوە، شایانی باسە خاتوو حەلیمە پوری خوشکە خەدیجە مەعزور ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکرات و کادری لێهاتووی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان و خاتوونێکی ڕوح سووک و خۆشەویستی نێو بنەماڵەکانی نێو حیزب بوو .
لە لایەن ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی خاتوو " حەلیمە ئامانی کاکە ئەڵڵا" حاجی ژن، پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی بنەماڵەی ئەسکەندەری و مەعزوری بەگشتی و خاتوو خەدیجە مەعزوری بەتایبەتی دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین ڕوحی حاجی ژن شاد و سەبووری بۆ ئازیزانی.

**٧ی خاکەلێوەی ١٤٠١هەتاوی**
**ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان**



## کۆچی دوایی باوکی یەکێک لە ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان لە پیرانشار





ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٧ی خاکەلێوەی ١٤٠١ی هەتاوی حاجی " سوڵتان قوربانی نژاد " ناسرو بە (سوڵتانی سۆفی حەسەنی ) باوکی خاتوو "فاتمە قوربانی نژاد" ئەندامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە شاری پیرانشار کۆچی دوایی کرد.
شایانی باسە خوالێخۆشبوو"حاجی سوڵتان پیاوێکی جێگای ڕێز و متمانەی خەڵکی ئاوایی سێڵوێ و ناوچەی پیرانشار بوو .
لە لایەن ڕاگەیاندنی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی حاجی" سوڵتان قوربانی نژاد " پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاڕاستەی خاتوو فاتمە قوربانی نژاد و بنەماڵەی بەڕێز خاکی نیهاد دەکەین و خۆمان بە شەریکی خەمیان دەزانین .

٨ی خاکەلێوەی ١٤٠١هەتاوی




## دەستپێکی وەشانی گۆڤارێکی تایبەت بە دنیای منداڵان لە مەهاباد

گۆڤارێکی نوێی تایبەت بە دنیای منداڵانی کوردستان لە شاری مەهاباد لەژێر ناوی "کانی" کەوتە سەر ڕەوڕەوەی وەشان و یەکەمین ژمارەی چاپ و بڵاو کرایەوە.
نوێترین گۆڤاری تایبەت بە جیهانی منداڵانی کوردستان لەژێر ناوی "کانی" کەوتە سەر ڕەوڕەوەی وەشان و یەکەمین ژمارەی ئەم گۆڤارە لە دووتوێ ٥٦ لاپەڕە و بە شێوازی نیگارکێشیی تایبەتەوە وەکوو دیاریی نەورۆزانە پێشکەش بە منداڵان و مێرمنداڵانی کوردستان کرا.

# یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆبونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆ بەشێک لە ئەندامانی کەمپی گردەچاڵ (ناوەندی ٣ی حدک) پێکهێنا



ڕۆژی شەممە ١٨ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی، بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆبونەوەیەکی بۆ ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە لە کەمپی گردەچاڵ پێکهێنا.

سەرەتای کۆبوونەوەکە خاتوو تامان محەممەدی بەرپرسی بەشی تەشکیلات باسێکی لەسەر وەزعیەتی کاری ڕێکخراوەیی لەماوەی وەرزی ڕابردوودا پێشکەش کرد و ڕاوبۆچوونی ئەندامانی بۆ چالاکی وەرزی داهاتوو وەرگرت.

لە بەشی دووهەمی کۆبوونەوەکە خاتوو «موژگان عەلیپوور» سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان باسێکی لەسەر بزوتنەوەی زیندووی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وروژاند کە ژنان تێیدا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە.

خاتوو موژگان لە درێژەی باسەکەیدا بە گرینگییەوە ئاماژەی بە بەشداری ژنان لە کایە جۆراوجۆرەکانی نێوکۆمەڵگەدا کرد و گوتی: ژنان لە ڕۆژهەڵات جگە لەبواری یەکسانیی ڕەگەزی، لە بوارەکانی دیکەی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا چالاکن و تێکۆشانیان، تەنیا خۆی لە بوارێکدا نەدیتوتەوە و خاتوو «زارا محەممەدی» و خاتوو «موژگان کاووسی»، نموونەی بەرزی ئاستی وشیاری نەتەوەیی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

خاتوو موژگان عەلی پوور هەروەها لە درێژەدا باسی ئەوەی کرد کە مامۆستایەک وەک زارا محەممەدی کە دەبێ بە نیشتمان بۆ کوردستان لە کاتێکدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و خۆفرۆشەکان دەیانهەوێ سیما و ڕۆخساری ئەو چالاکە کوردە بە جۆرێک ناشیرین بکەن و کەیسی داکۆکی کردنی زارا بۆ مافی خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی بە لاڕێدا ببەن، خاتوو زارا محەممەدی لەبەر دادگای ئینقلابی شاری سنە، بە شانازییەوە باس لە کارەکانی دەکا و دەڵێ: «قورِ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە»، مامۆستا زارا ئەمڕۆ جەختی لە سەر ئەوە کردووە کە بەندیخانە هیچ کات ئەو لە داواکردنی مافە ڕەواکانی ڕاناوەستێنێ، بەڵکوو زیاتر هانی دەدا کە لەسەر داوا ڕەواکانی گەلی کورد سوورتر بێ.

لە بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکە بەشداران بە تێبینی و پێشنیارەکانیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

## هەیئەتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سەردانی ناوەندی سێی کوردستانی کرد

هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستی خاتوو "موژگان علیپوور" سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سەردانی ناوەندی سێی کوردستانی کرد و لەگەڵ بەرێز "لوقمان موئمێنی" بەرپرسی ناوندی سێ کۆبوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە ڕۆڵی حیزب لە هاوکاری و پاڵپشتی ڕێکخراوەی ژنان بۆ پەروەردە و ڕاهێنان کرا و خاتوو موژگان سپاسی هاوکاری بەشەکانی ناوەندی سێی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروچالاکیی ڕێکخراوە، لە گردەچاڵ کرد و بەڕێز لوقمان موئمێنی پاڵپشتی خۆیانی لەو بەشە بۆ ڕێکخراوەی یەکیەتیی ژنان دووپات کردەوە.







# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی وەرزانەی دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان



سەر لەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ١٣ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی کۆبوونەوەی دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە سکرتاریای ئەو ڕێکخراوەیە بەڕێوەچوو.

کۆبوونەوەکە بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەری شەهیدان دەستی پێکرد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە خاتوو موژگان عەلیپوور سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ڕاپۆرتێکی لەسەر ژنان لە جیهان بە گشتی و ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی پێشکەش کرد.

خاتوو موژگان، بە ئاوڕدانەوەیەک لە دۆخی ژنان لە جیهان بەگشتی گوتی کە مەسەلەی گشتگیر و جیهانی ژنان قۆناغی هەوڵدانی لەپەناوە تێپەڕاندووە و ئێستاکە دەبینن کە ژنان تەنیا وەک مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی لە پرسی ژنان ناڕوانن و لایەنە گرینگ و بەڕۆژەکە کە مەسەلەی بەشداری سیاسی و بەڕێوەبەری وڵاتە، بۆتە بابەتی سەرەکی هەوڵ و تێکۆشانی ژنان و لەپەنا ئەویشدا هەوڵ بۆ لەنێوبردنی کەلێنە کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییەکان دەدەن، کە بەپێی هەر وڵات و ناوچەیەک جیاوازی و تایبەتمەندی خۆی هەیە و هەوڵەکانیش دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییانە بێ.

خاتوو موژگان لە درێژەدا بە ئاوڕدانەوەیەک لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئاڵۆزییەکانی ئەو ناوچەیە و لەو نێوەشدا بارودۆخی ژنان، درێژەی بە باسەکەیدا و ئاماژەی بە هەستیاربوونی قۆناغەکە کرد کە ژنانیش وەک بەشێکی کۆمەڵگە دەبێ لەو دۆخە غافڵ نەبن و ڕێکخراوەی ژنانیش دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە کاروتێکۆشانی خۆی بەرێتە پێش.

لە درێژەدا خاتوو موژگان بە وردی باسی لە بزووتنەوەی ژنان لە ئێران ودەرفەت و بەربەستەکان کرد و پاشان پڕژایە سەر هەوڵەکانی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بە کەڵک وەرگرتن لە جیهانی سەردەم وێڕای بەربەستەکان لە بوارە جیاوازەکان توانیویانە یارمەتیدەری سەرەکیی کۆمەڵگەی مەدەنی بن بۆ ئەو خۆبەڕێوبەرییە کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە و هەر لەو پێوەندییەشدا لایەکی دیکەی ئەوبابەتە دۆخی نالەباری ئابووری و دەسەڵاتداری نابەرپرس لە ئێرانە کە خەڵک و بەتایبەتی ژنانی تووشی کۆمەڵێک دیاردە کردووە کە پێوەی دەناڵێنن و ڕۆژ بە ڕۆژیش ڕوویان لە زیادبوونە، بۆ ئاگادار بوون لەودۆخە و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کاتی و درێژماوەش، پێوستمان بە لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر ئەو بابەتانە هەیە و بەو پێیەش کە لە ئێران هیچ ناوندێکی لێکۆڵینەوە بە فەرمی ڕێگەی پێنادرێ دەبێ ئەرکەکان بخرێنە سەر شانی خەمخۆران و هەڵسوڕاوانی بواری مافەکانی ژنان و هەروەها ئەندامانی یەکیەتیی ژنان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

کۆی ئەو باس و بابەتە لە لایەن ئەندامانی بەڕێوەبەری
تاوتوێکراو و هەریەک لە ئەندامانی بەشدار ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە تەوەری  باسەکە دەربڕی.

تەوەری دووهەمی باسی کۆبوونەوەکە باسێکی تەشکیلاتی و نێوخۆیی بوو کە هەریەک لەبەشەکان ڕاپۆرتی کاری خۆیان لە کۆبوونەوەکە خستەڕوو و بە هەڵسەنگاندن و لەبەرچاوگرتنی دۆخی تەندروستی، بەرنامەی کاریان بۆ سێ مانگی داهاتوو داڕشتەوە.

شایانی باسە کە کۆبوونەوەکە پاش چەند کاتژمێر لە تاوتوێی باسەکان کۆتایی بە کارکانی خۆی هێنا.

# بەڕێوچوونی کۆبوونەوەی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان





پاش نیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆبونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆ ئەندامانی ڕێکخراوەکە پێکهێنا.

سەرەتای کۆبونەوەکە بەساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەری شەهیدان دەستپێکرد و پاشان خاتوو تامان محەممەدی بەرپرسی بەشی تەشکیلات مەبەست لە پێکهێنانی ئەو کۆبوونەوەی بۆ بەشداران باس کرد و پاشان داوای لە خاتوو مۆژگان عەلیپوور سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کرد کە باسەکەیان پێشکەش بکەن.

خاتوو مۆژگان عەلیپوور باسێکی لە ژێر ناوی «پرسی ژنان پاش ٤٣ساڵ دەسەڵاتداری ڕێژیمی ئێران» پێشکەش کرد.

سەرەتای باسەکەی خاتوو مۆژگان بە ئاوڕێکی کورت لە پرسی ژنان لە جیهان دەستی پێکرد و پاشان لە باسەکەیدا ئاماژەی بە ئەو وڵاتانە کرد کە ڕۆڵ وکاریگەری ژنان لە کایە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان تێیدا بەرچاوە و بوونی هێز وباوەڕبەخۆبوونی ژنان و هەروەها دێموکراسی و پاڵپشتی یاسایی بۆ ژنانی بە بەشێک لە هۆکاری ئەو دەستکەوتانە زانی و پێی وابوو وێڕای ئەوانەش تائێستاش نەتوانراوە کە کەلێنە ڕەگەزییەکان لەو وڵاتانە بەتەواوی پڕبکرێنەوە.

خاتوو مۆژگان لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەی بە دۆخی ژنان و ئەو پرسە لە سەردەمی پەتای کۆرۆنادا کرد و ئاماژەی بە بەشێک لەو خەسارانە کرد.

خاتوو مۆژگان بە ئاماژە بە نیزیک بوونەوە لە ٢٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی شۆڕشی گەلانی ئێران، پڕژایە سەر گۆڕانکارییەکان لەسەر پرسی ژنان لە ماوەی زیاتر لە ٤ دەیە دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامی و قۆناغە جیاوازەکانی بەرەوپێشچوونی ئەو ڕەوتە لەکاتی هاتنە سەرکاری سەرۆککۆمارە جیاوازەکان لەئێران کە بەڕێزیان پێی وابوو کە وێڕای ئەوەی لە هێندێ قۆناغ دەرفەتی بچووک قۆزراوەتەوە، بەڵام هیچ کام لە سەرۆککۆمارەکان و دەسەڵاتدارانی ئێران قازانجیان بۆ بزووتنەوەی ژنان و گەشەی ئەو پرسە نەبووە و ئەوەی تا ئێستاش شاهیدین ئیبتکار و هونەری ژنان خۆیان بووە کە خۆیان لەوبوارانە داوە و باجی قورسیشیان بۆ داوە.

بەشێکی دیکەی باسەکە تەرخان کرابوو بۆ چالاکی و جووجۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دیاربوون و خاوەنداری کردنی پرسە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن ژنانەوە و هاتنە مەیدان و خۆ بەرپرسیار زانینی ژنان کە خاڵێکی گرینگ و جێی سەرەنجە کە لەو دۆخە داخراوەی دەسەڵاتی خۆسەپێن بەرچاو دەکەوێ.

کۆرگێڕ پێی وابوو کە دوای زیاتر لە ٤ دەیە زەبر و زەنگ و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان نەک نەتواندراوە بزوتنەوەی ژنان و پرسی ژنان کپ و بێ دەنگ بکەن بەڵکوو وێڕای هەموو بەربەستەکان ئاسۆیەکی ڕوون لەبەر دەم بزووتنەوەی ژنان لەئێران بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە.

## کۆبوونەوەی تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان لە شاری کۆیە



سەر لەبەیانی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشداری کۆبوونەوەیەکی تۆڕی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنانی لە کۆیە کرد.

ئامانج لەو کۆبوونەوەیە بەرنامە و پلان دانان بوو بۆ ٨ ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان کە بە هاوفکری یەکتر کۆبوونەوە کۆتایی پێهات.

# بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسی ساڵانەی
# یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئید







ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٥ی فێوریەی ٢٠٢٢ی زایینی بەرانبەر بە ١٦ی ڕێبەندانی ٢٧٢١ی کوردی، ١٢هەمین کۆنفرانسی ساڵانەی کۆمیتەی سویدی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لەژێر ناوی «زارا، زمان، زیندان» بە ئامادە بوونی میوانان و بەشێکی زۆر لە ئەندامان و بەرپرسانی ڕێکخراوەکە بە شێوەی سەرهێڵ (ئانلاین) بەڕێوەچوو.

سەرەتای کۆنفرانس بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و پاشان ساتێک بێ دەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان خاتوو «هانا وریا» بەڕێوەبەری کۆنفرانس، پاش ئاماژە بەوەی کە کۆنفرانسەکەمان لە کاتێکدا دەبەسترێ کە لە سێ بۆنەی گرینگی ٢١ی فێوریە، ڕۆژی جیهانی زمانی دایک، ٨ی مارس و ٢٤ی ڕەشەمە دوو بۆنەی گرینگی تایبەت بە ژنان و ڕێکخراوەکەمان نێزیک دەبینەوە، بە گەرمی بەخێرهاتنی میوانان و بەشداربووانی کۆنفرانسی کرد و پاشانیش کۆنفرانس بە فەرمی لەلایەن خاتوو «ماپارە قەرەگۆلی» بەخوێندنەوەی پەیامێک کرایەوە.

بەڕێزیان لە پەیامەکەیدا پاش ئاماژە دان بەوەی کە کۆنفرانسی ئەمجارەمان هاوکاتە لەگەڵ کۆمەڵێک گۆڕانکاری و پێشهاتی نوێ لە جیهان بە گشتی و کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی، باسی لەوە کرد کە ژنانی ئێمە وەک ئەکتەرێکی دیار و خاوەن ڕۆڵی سەر سەکۆی ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستان، چ لە ڕابردوودا و چ لە ئێستادا و لە هەر دوو بواری خەباتی چەکداری و خەباتی مەدەنیدا، جێ پەنجەی خۆیان بەجێهێشتوە و ئەوەش وای کردوە کە ئاستی چاوەڕوانی کۆمەڵگە و بەتایبەت ژنان لە ڕێکخراوەکانی ژنان لە هەڵچووندا بێت و بێگومان ئێمەش وەک ڕێکخراوێکی لە مێژینە و دیار لەو بوارەدا ئەرکی زیاترمان دەکەوێتە ئەستۆ و چاوەڕوانی زیاترمان لێ دەکرێ. بۆیە پێویست و بەجێیە کە هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی کە لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەدا و نوێنەری ڕاستەقینەی ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوەکەمان بین.

پاش کردنەوەی کۆنفرانس بەفەرمی، دەنگ بۆ هەموو بەشەکانی کۆنفرانس وەرگیرا و بە تێکرای دەنگ لەلایەن بەشداربووانەوە پەسند کران و کۆنفرانس دەستی بە کارەکانی کرد.

لە یەکەم برگەی کاری کۆنفرانسدا پەیامی کۆمیتەی سوئیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەلایەن خاتوو «سۆزان فەتحی» یەوە پێشکەش کرا. ناوبراو لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بە سیاسەتی زۆردارانە و بێ بەزەییانەی کۆماری ئیسلامی کرد و بوونی بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی ڕەوا و لە سەرێ بوونی ئاستی وشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستانی بە هۆیەکی سەرەکی بۆ زیاتر چەوساندنەوە و هەڵاواردنی گەلی کورد ناو برد.

لە درێژەی وتەکانیدا خاتوو سۆزان ئاماژەی بە خەباتی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و ژنانی بە هێزێکی دیار و شوێندانەر لە ڕەوتی خەباتی مەدەنیدا زانی و وەک نموونەیەکی بەرچاو، ئاماژەی بە خاتوو «زارا محەممەدی» وەک سیمبولی داکۆکی کردن لە زمان و ناسنامەی کوردی کرد.

پاشان پەیامی کۆمیتەی دەرەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لەلایەن خاتوو «مەحبووبە ڕەحیمی»یەوە پێشکەش کرا.

خاتوو مەحبووبە پاش پیرۆزبایی گرتنی کۆنفرانس، هەوڵەکانی کۆمیتەی سوئیدی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیان بەرز نرخاند و هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ خواستن.

ناوبراو لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بە کاریگەری خەباتی سیاسی و سەرهەڵدانەوەی حیزب و لایەنەکان لە پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، لەسەر خەباتی ژنان کرد و کاریگەری حیزبی دیموکراتی لەو بوارەدا بەرزنرخاند.
لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا هاتبوو کە پرسی ژن، پرسێکی جیهانییە و تەنیا تایبەت بە کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست نییە. بەڵام هەروەک ئاگادارین ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کەش و هەوایەکدا دەژین، کە لە لایەکەوە سیستمێکی حکوومەتی دژی ژن و دژی یەکسانی ڕەگەزی وەک یاسا و لەلایەکی دیکەشەوە فەرهەنگی پیاوسالاری و کەلتووری خێڵەکی زاڵ بەسەر کۆمەڵگەدا، ڕێگای خەباتی بۆ ژنان دژوار و ئەستەم کردووە، هەر بۆیە لەو خەباتەدا پێویستمان بە هەوڵ و تێکۆشانی ژنان و پیاوانی شۆڕشگێڕ و یەکسانیخواز هەیە.
لە برگەی دووهەمی کۆنفرانسدا، ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی کۆمیتەی سوئیدی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی دوو کۆنفرانسدا لەلایەن خاتوو «لەتیفە جەباری» بەرپرسی کۆمیتە و هەروەها ڕاپۆرتی ماڵی لەلایەن خاتوو «کەژاڵ ئەحمەدی» هاوکاری بەشی ماڵی یەوە پێشکەش کرا و دواتر لەلایەن بەشداربووانەوە خرایە بەرباس و پێداچوونەوە و پاشان بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کران.
بەشێکی دیکەی کۆنفرانس تەرخان کرابوو بۆ باس لەسەر بەرنامە و پەیرەوی نێوخۆیی، کە پاش وەرگرتنی ڕا و بۆچوونەکانی ئەندامانی کۆنفرانس لەو بارەوە، دەستەی پێداچوونەوە ئەرکی ئاڵوگۆڕەکانی کەوتە ئەستۆ.
لەبەشی کۆتایی کۆنفرانسدا خۆ بەربژێر کردنی ئەندامان بۆ کار لە کۆمیتەی داهاتوودا و هەڵبژاردنی چاودێری ماڵی و دەستەی ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسی داهاتوو بەڕێوەچوو و دەستەیەکی بەڕێوەبەری نوێ، پێکهاتوو لە حەوت ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی جێگر، بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی کۆمیتەی داهاتوو هەڵبژێردران.
کۆنفرانس پاش زیاتر لە حەوت کاتژمێر بە سەرکەوتوویی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

# پێکهێنانی سمینارێک لەلایەن یەکیەتیی ژنانەوە لەژێر ناوی بەشداری ژنان لە خەبات و ڕەهەندە جیاوازەکاندا



یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان سمینارێکی بۆ هەر یەک لە بەڕێزان کاک قادر وریا، مامۆستای زانکۆ لەژێر ناوی «ژنانی ڕۆژهەڵات و بزووتنەوەی بەرگری لە زمان و ناسنامەی نەتەوەیی» و خاتوو مۆژگان عەلیپوور، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لەژێر ناوی «ژنانی ڕۆژهەڵات و بەشداری فرەڕەهەندی ژنان لە خەبات،» پێک هێنا.
سەرلەبەیانی ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی بەفرانباری ١٤٠٠ی هەتاوی، یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان سمینارێکی بۆ هەر یەک لە بەڕێزان کاک قادر وریا مامۆستای زانکۆ و خاتوو مۆژگان عەلیپوور سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە کتێبخانەی گشتیی حیزبی دیموکرات پێک هێنا.
سمینارەکە بە ساتێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد و پاشان کاک قادر وریا بە ئاماژە بە خەباتی ژنان لە ڕۆژهەڵات، ئاماژەی بە ناوی ئەو ژنانە کرد کە لەماوەی ڕابردوودا لە بواری دەستەبەرکردنی مافەکانی ژنان و مافە نەتەوەییەکاندا چالاکییان کردووە و لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە دەسبەر کراون یان حوکمی ناڕەوایان بەسەردا سەپاوە.
لە درێژەی سمینارەکەدا بەڕێز قادر وریا بە گرینگییەوە باس لە زمان دەکا و دەڵێ: زمان وەک یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەکەمان، وێڕای ئەوەی هەمووکات لەژێر هەڕەشەی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێراندا بووە، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیش بۆ پاراستنی تێکۆشاوە و ئێستا ئەو زمانە نەک لەنێو نەچووە بەڵکوو دەوڵەمەندتریش بووە.
پاشان خاتوو مۆژگان عەلیپوور سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە بەشداریی ژنان لەو ڕەوتە لە خەباتی فرەڕەهەند لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هاتە سەر بەشداریی بەرچاو و هەوڵی زۆری ژنان لە بەرەوپێش بردنی خەباتی شوناسخوازیی ژنان لە ڕۆژهەڵات کە زمان یەکێک لەو بوارانەیە کە ژنان هەم وەک تاکێکی کۆمەڵگە و هەم وەک دایکێک بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان لە بەرانبەر پاراستنیدا خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن و دەبینین کە کۆمەڵگەی مەدەنی، بەشداری ژنانی تێیدا بەرچاوە و هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتیان کردۆتە بنکەی ڕێکخراو بۆ پاراستنی زمان و کەلتووری کوردی و نموونەی هەرە بەرچاویشیان خاتوو زارا محەممەدی و خاتوو مۆژگان کاوسییە کە ڕێژیمی ئێرانی هێناوەتە لەرزە.
خاتوو مۆژگان عەلیپوور وێڕای ئاماژە بە ورە و باوەڕی خاتوو زارا و زاراکان، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو خەبات و تێکۆشانە بەو بەربڵاوییە نیشانەی گەیشتنە لووتکەی هەستی ناسیونالیستییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

# بەڕێوەچوونی پێنجەمین کۆنفرانسی کۆمیتەی «سویس»ی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان





ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٢/١/٢٠٢٢ ، کۆمیتەی «سویس»ی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، پێنجەمین کۆنفرانسی خۆی لە شاری زوریخ و بە بەشداری ئەندامانی ڕێکخراوەکە لەو وڵاتە و بە بەشداری بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵات، خاتوو مەحبووبە ڕەحیمی و بەرپرسی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات خاتوو لەتیفە جەباری و بە میوانداری هاوڕێیانی کۆمیتەی حیزبی، بەڕێزان مامۆستا عەزیز ئەحمەدی، زاهیر قادر حاجی و ڕەحیم ڕەحمانزادە، لەژێر ناوی مافی یەکسان، دەرفەتی یەکسان، تاکە ڕێگەی پێشکەوتنی کۆمەڵگە، بەڕێوە برد. سەرەتای کۆنفرانس بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. لە دەسپێکی کاری کۆنفرانسدا، لەلایەن خاتوو شەهین مودەڕسی، بەرپرسی کۆمیتەوە بەخێر هاتنی ئەندامان و بەشدار بووان کرا و پاشان بەڕێز مامۆستا عەزیز ئەحمەدی وێڕای دەسخۆشی و هیوای سەرکەوتن بۆ کونفرانس، باسێکی کورتی لەسەر دووی ڕێبەندان و کۆماری کوردستان پێشکەش بە بەشدار بووان کرد. دواتر خاتوو مەحبووبە ڕەحیمی وێڕای دەسخۆشی لە کۆمیتەی سویس، هەوڵەکانی کۆمیتەی بۆ گرتنی کۆنفرانس لە بارودۆخی ئێستای پەتای کۆڕۆنادا بەرز نرخاند و باسێکی کورتی لەسەر گرینگی هەبوونی ڕێکخراوە و خۆ پەروەردە کردن و خۆڕێکخستن و ئەرکی ئەندامان لەو پێوەندییەدا کرد و هیوای کونفرانسێکی سەرکەوتووی بۆ بە ئاوات خواستن.

لە دەسپێکی بەشی دووهەمی کاری کۆنفرانسدا کە تەرخان کرابوو بۆ پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی کۆمیتە، خاتوو لەتیفە جەبباری وێڕای پیرۆزبایی کۆنفرانس، هەندێک ڕێنوێنی پێویستی لەسەر کاری ڕێکخراوەیی و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کارەکانی کۆنفرانس، دا بە بەشدار بووان و پاشان ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی کۆمیتە لەلایەن خاتوو شەهین مودەڕسی، بەرپرسی کۆمیتە و ڕاپۆرتی ماڵی لەلایەن خاتوو پەروین شەکووری بەرپرسی بەشی ماڵی کۆمیتەوە پێشکەش کران و پاش باس لەسەر ڕاپۆرتەکان و وڵامدانەوەی پرسیاری ئەندامان لەلایەن هەر دوو بەڕێزان خاتوو «شەهین» و خاتوو «پەروین»ەوە، بەتێکڕای دەنگ لەلایەن کۆنفرانسەوە پەسند کران.

هەڵبژاردن کە کۆتا بەشی کۆنفرانس بوو، لە کەش و هەوایەکی دێموکراتییانەدا بەڕێوەچوو و کۆمیتەی نوێ، پێک هاتوو لە سێ ئەندامی ئەسڵی و ئەندامێکی جێگر دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

## کۆبوونەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی ڤێستروٚس_ سوید

ڕۆژی شەممە ١٨/١٢/٢٠٢١ کۆمیتەی ڤێستروٚسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، پاش ماوەیەکی زۆر دابڕان بە هۆی پەتای کۆڤید-١٩ ، کۆبوونەوەیەکی بۆ ئەندامانی ڕێکخراوەکە بە مەبەستی دیدار نوێ کردنەوە و ئاگادار بوون لە کار و چالاکییەکانی کۆمیتە پێکهێنا. سەرەتای کۆبوونەوەکە بە خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد و پاشان بە باس لەسەر پەتای گشتگیری کۆڤید-١٩ و بارودۆخی ئێستای وڵاتی سوید و ئەو بەربەستانەی کە بوونەتە هۆی ڕاگیرانی کار و چالاکییەکان و هەروەها ڕێنماییە تەندروستییەکان لەوبارەوە، درێژە بە کۆبوونەوەکە درا و بەشدار بووان چالاکانە بەشداری باسەکەیان کرد و ڕاو و بۆچوون و هەروەها پێشنیارەکانی خۆیان لە پێوەندییەدا باس کرد.




لە بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، بەشداربووان لەساڵۆنی بوڤلینگی ئەو شارە کۆبوونەوە و بە دانانی کێبەڕکێ و یاری کردن کاتێکی خۆشیان پێکەوە بەسەر برد.

# بەڕێوەچوونی وێبینارێک بە بۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی!




ڕۆژی چوارشەممە ٩ی فێوریەی ٢٠٢٢، بەرانبەر بە ٢٠ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی و لە بەرەبەرەی ٤٣ساڵەی ساڵوەگەڕی هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کۆمیتەی دەرەوەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، وێبینارێکی بۆ بەڕێزان خاتوو مۆژگان عەلیپوور، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، کاک حەسەن حاتەمی، ئەندامی بەشی پێوەندییە ئێرانییەکانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات و خاتوو بەیان کەریمی چالاکی بواری ژنان، بە شێوەی ئۆنلاین بەڕێوە برد.

کۆڕەکە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێز لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد و پاشان خاتوو «تریفه فاتیحی» بەڕێوەبەری وێبینار، بەخێرهاتنی بەشدار بووان و کۆرگێرانی کرد.

لە دەسپێکی وێبینارەکەدا، خاتوو مۆژگان عەلیپوور، سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان باسێکی لەژێر ناوی «پرسی ژنان لە قوناغە جیاوازەکانی ماوەی دەسەڵاتداری ڕێژیمی ئێران»دا پێشکەش کرد. دەسپێکی باسەکەی خاتوو مۆژگان، ئاوڕدانەوەیەکی




کورت لە دۆخی ژنان پێش شۆرشی گەلانی ئێران بوو. ناوبراو گوتی: پرس و مافی ژنان لە ئێران بە درێژایی مێژوو بابەتێک بووە کە ژنان هەوڵیان بۆ داوە و لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە پێشێل کراوە و پاشان ئاماژەی بە ڕۆڵی بەرچاوی ژنان لەو شۆرشە و ئاکامەکانی داکرد. خاتوو مۆژگان لە درێژەدا باسی لە قۆناغە جیاوازەکانی پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی لە ماوەی زیاتر لە ٤ دەیەدا کرد و بە سەر چەند قۆناغدا دابەشی کردن. ناوبراو قۆناغی یەکەمی بە سەردەمی زەبر و زەنگ بۆ خستنە ژوورەوەی ژنان و چەسپاندی یاساکانی دژبە ژنان ناوبرد و فتوای خومەینی بۆ حیجابی زۆرەملێ بە نموونە هێنایەوە و شەڕی ئێران و عێراق، کە فەزایەکی سەربازی و قورسی دروست کردبوو بە قۆناغێکی گرینگ ناوبرد کە تێیدا دەستی دەسەڵات بۆ زەبر وزەنگ ئاواڵەتر بوو و پێی وابوو کە لەو سەردەمەدا زۆرترین خەسار لە بزووتنەوەی ژنان کەوتووە. قۆناغی پاش ئەو سەرکوتانە، قۆناغی هاتنە سەرکاری ڕیفۆرمیستەکان بوو کە بەو هۆیەوە کەلێنێکی سیاسی کەوتە ناو دەسەڵات و دەرفەتێکی بچووکی بە چالاکوانان و ڕۆژنامەنووسان دا کە بەچاپی بڵاوکراوە و دامەزراندنی هێندێک ڕێکخراوی سینفی جموجۆڵێک بکەن و ژنان و بزووتنەوە و داواکارییەکانیان لەو قۆناغەدا بەشێک بوون لەو جموجوڵانەدا. هەرچەند بەو حاڵەش هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمە بەنیسبەت مافی ژنانەوە نەهاتە ئاراوە. پاش ئەو سەردەمە کۆمەڵێک هۆکار وەک هاتنی تەکنۆلۆژیا و زۆر بوونی ڕێژەی خوێندەواران لەنێو ژنان و هاتنی مۆدێرنیتە، وایان کرد کە کۆمەڵگە بە گشتی و ژنان بە تایبەتی ئاستی وشیاریان بچێتە سەرێ و زیاتر پێداگر بن لە سەر داواکارییەکانیان و ئاماژەی بە




خۆپیشاندانەکانی ساڵەکانی ٩٦ و ٩٨ی هەتاوی کرد کە ژنان ڕۆڵ و حزووریان لە سەرشەقام وەک تاک بۆ خواستە گشتییەکانی کۆمەڵگە و خواستەکانی خۆشیان وەک ژن چەندە پڕ ڕەنگ بووە. بەشی کۆتایی قسەکانی خاتوو مۆژگان تەرخان کرابوو بە پرسی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێیان وابوو کە بزووتنەوەی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای هاتنە سەرکاری یەک لەدوای یەکی حکوومەتە دژە ژنەکان، توانیویەتی ڕێچکەیەکی قایم، هەم لە بواری نەتەوەیی و هەم یەکسانیخوازیدا بەرێتە پێشێ و بە چالاکی و تێکۆشانیان لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات شاهیدی خۆبەڕێوەبەری خەڵکین و کۆمەڵێک کەلتووری جوان و سەردەمیانە لەو پێوەندییەدا دروست بوون.

پاشان «حەسەنی حاتەمی» باسێکی لە ژێر سەردێری «بازنەی






نەگۆڕی سەرەڕۆیی لە مێژووی ئێران دا»، پێشکەش کرد و بە کورتی باسی سێ ڕووداوی گرینگی ١٣٢ ساڵی ڕابردووی لە مێژووی ئێران دا کرد. یەکەم: بزووتنەوەی تەنباکۆ لە زەمانی ناسرئەدینی شای قاجاردا لە ساڵی ١٢٦٨ هەتاوی (١٨٩٠) زایینیدا، دووهەم: شۆڕشی مەشرووتە لە ساڵی ١٢٨٥ (١٩٠٦) دا و سێیەم: شۆڕشی گەلانی بەرایی لە ئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩) دا پێشکەش کرد.

ناوبراو پاش باسێکی کورتی لە سەر بزووتنەوەی تەنباکۆ کرد و، پرژایە سەر شۆڕشی مەشرووتە و سەرهەڵدانی ئەو تاقم و گرووپانەی، کە لە کۆتاییدا بوو بە هۆی ڕووخانی دەسەڵاتی قاجار و هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی پەهلەوی و شەڕی جیهانی دووهەم. هەروەها ئاماژەی بە سەرهەڵدانی حیزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان لە ئێران و لەو سەردەمەدا کرد و حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستانی بە دوو دەسکەوتی مێژوویی ئەو سەردەمە ناو برد.

لە بەشی سێهەمی باسەکەیدا، حاتەمی بە وردی باسی لە سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە سەرەتاوە تا سەرکەوتن کرد و یەکیەتیی نێوان ڕەوتە میللیگەرا، چەپ و ئیسلامییەکان و سەرهەڵدانەوە و دروست بوونی هەندێک حیزب و ڕێکخراوی بە هۆیەکی کاریگەر بۆ خێراتر بوونی ڕەوتی شۆڕش زانی، کە لە ئەنجامدا بوو بە هۆی ڕێفراندۆمی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی و دامەزراندنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کە بەداخەوە ٤٣ ساڵە ئەو دەسەڵاتە درێژەی هەیە.

حاتەمی لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەی بە دوو ڕووداوی گرینگی سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی کرد و گوتی: دوو ڕووداو کە لە ڕەشەممەی ١٣٥٧دا بوون، خەباتکارانی شێلگیری ئەو ٤٣ ساڵەن، کە هاوخەبات و پشتیوانیی گەلی دیکەشیان بەخۆشییەوە بۆ دروست بووە. ئەو ڕووداوانە مێتینگی ١١ی ڕەشەمەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نارەزایەتی شەقامی ژنان و کچان لە ١٧ی ڕەشەمە ( ٨ ی مارس) دا، بوون.

حاتەمی لە کۆتاییدا، باسی ناکارامەیی ئەو ڕێژیمە و قەیرانە مەزەنەکانی ئابووری، هەستەیی، هەژاری و نەداری، ئاوسان، بێ نرخی دراویی و کەم ئاوی و مادە هۆشبەرەکانی کرد، کە لە بەرانبەریدا، خەباتی چەند لایەنەی چینوتوێژەکان لە شەقامەکان بەردەوامن. دادگاکانی گەلی ئابان لە ئینگلستان و دادگای حەمیدی نووری (عەبباسی) لە ستۆکهۆڵم، هەڵدانەوەی فایل و پەروەندەکانی جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆ و توتالیتێرەن کە لە گەلارێزانی ٩٨ لە شەقامەکان دا، و کوشتاری بە کۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان لە هاوینی ١٣٦٧دا، ئەنجام دراون.

لە کۆی گوتەکانی بەرێزیان ئاکامگیری کرا، کە نزیک ٦٠ ساڵ سەرەڕۆیی پەهلەوییەکان، بە خەبات و خۆراگری گەلان بەرایی لە ئێران بە مێژوو سپێردرا و ئەگەر خەبات و تێکۆشانی یەککگرتووانەی گەلان لە سەرانسەری ئێران و بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن، ڕێژیم پتر سەرەڕۆ و توتالیتێری ئیسلامی سیاسی شیعە و وەلی فەقییەکانی یەکەم و دووهەم، خومەینی و خامنەییش، چارەنووسیان بە مێژوو سپاردن دەبێ.

لە بەشێکی دیکەی وێبینارەکەدا، خاتوو بەیان کەریمی، باسێکی لە ژێر ناوی «چەمکی ئینترسیکشناڵەتی و کولۆنیالەتی جەندەر» پێشکەش کرد و پاش شیکردنەوە، barودۆخی تایبەت و جیاوازی ژنی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەو بابەتەوە گرێ دا و باسێکی تێر و تەسەلی لە سەر جیاوازییەکانی نێوان فیمینیستی نەتەوەیی و فیمینیستی ناوەندی پێشکەش کرد و گوتی: زانیاری لەسەر چەوسانەوە و ژێردەستی نەتەوەیی و جەندەری ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرینگی هەیە بۆ بەرنگار بوونەوی ژنی کورد بە دژی فیمنیستی ناوەندی، کە لە پرۆسەی بوونیدا ژنی کوردی بێدەنگ کردوە. هەروەها گوتی: جووڵانەوەی نەتەوەیی کە لە سەر نمای پیاو سالاری لای نەداوە، گرنگە بۆ شکڵگیری فیمنیستێکی کوردی و لەو ڕاستایەدا دەبێ ئینترسیکشناڵەتی بیر بکەینەوە، واتە خەبات و جووڵانەوەکەمان لەسەر هەلومەرج، ئەزموون و دەنگی ڕاستەوخۆی ژنی کورد دابرێژین.

لە بەشی کۆتایی وێبینارەکەدا پرسیاری بەشداربووان وەرگیرا، و لەلایەن کۆڕگێڕانەوە بە وردی وەڵام درانەوە.

# ڕاگەیاندراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٢ی ڕەشەمە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک

زمانی دایک، بەو زمانە دەگووترێت کە منداڵ بۆ یەکەمجار لە خێزانەکەیەوە فێری دەبێت، واتە زمانی باوانی منداڵەکە دەگرێتەوە، بۆیە پێشی دەگووترێت زمانی دایک، چونکە دایک نزیکترین کەسە لە منداڵ و لەڕێی ئەوەوە بۆ یەکەمجار فێری قسەکردن دەبێت.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هاوکاری ڕێکخراوی یونسکۆ لە کۆبونەوەیەکدا لە ساڵی (١٩٩٩)، بڕیاریدا (٢١)ی فورییەی هەموو ساڵێک وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک دیاری بکات.

یادی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ساڵانە لەژێر دروشمێکدا دەکرێتەوە، بۆ ساڵی (٢٠٢١) دروشمەکەی بریتی بوو لە (هەمەچەشنی زمانەوانی لەپێناو تێکەڵاوی لە فێرکردن و کۆمەڵگەدا) کەمەبەست لەو ناونیشانە دروستکردنی دەرفەتی گونجاوە بۆ هەمەچەشنی زمان و ڕۆشنبیرییە جیاوازەکان لە کۆمەڵگەدا.

زمان لەسەر ئاستی جیهان قورساییەکی ستراتیژی و گرنگییەکی زۆری بۆ ژیانی مرۆڤایەتی هەیە لەڕووی کۆمەڵایەتی و زانستی چەند بابەتێکی دیکە، هەروەها یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی پەیوەندی بەستن لەگەڵ دەوروبەردا.

داگیکردنی کوردستان و دابەشکردنی بۆ چەند پارچەیەک، هەروەها قەدەغەکردنی خوێندن و نوسین بە زمانەکە لە بەشێکی ئەو وڵاتانەی کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە بۆتە یەکێک لە کێشەکان بۆ زمانی کوردی، بۆیە پێویستە گرنگییەکی زیاتری پێبدرێت و بەتایبەت لەڕووی دانانی زمانێکی ستاندارد، چونکە دەبێتە هۆی زیاتر بەهێز کردن و بڵاوبونەوەی زمانەکە لەسەر ئاستی نێوخۆیی و جیهانی.

کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان زمانەکەی کەوتووەتە ژێر کاریگەری زمانەکانی فارسی، تورکی و عەرەبی ئەوەش ئەنجامی دابەشکردنیەتی بەسەر چوار وڵاتدا و دەیان و سەدان وشەی بیانی هاتوونەتە نێو ئەو زمانە. نوێترینیشیان قسەی گەنج و منداڵانە بە تێکەڵاوی لەنێوان وشەی ئینگلیزی و کوردی و خەریکە سۆشیالمیدیاش کاریگەری نەرێنی گەورە دەخاتە سەر زمانێک کە هەزاران ساڵە شووناسی نەتەوەیەکە و ئامرازێکی سەرەکی مانەوەیەتی.

لە سیستەمی پەروەردەی ئێراندا دان بە مافی زمانی و پەروەردەیی پێکهاتە نەتەوەییەکان نەنراوە، بۆیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەرکی پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایک کەوتووەتەسەر شانی چالاکوانان و مامۆستایانی خۆبەخش. ئەوان خۆیان دەخەنە بەردەم گوشاری هێزە ئەمنی و ئیتلاعاتیەکان و لەسەر ئەرکی خۆیان یان هاوکاریی خەڵک پێداویستییەکانی خوێندن دەکڕن و بە زەحمەتی زۆر، شوێن بۆ بەڕێوەبردنی کۆرسەکان دابین دەکەن.

بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحاڵیەو مایەی شانازییە ساڵ بە ساڵ وشیاری کۆمەڵگە لەبارەی پێویستیی فێربوونی زمانی دایک دەچێتەسەرێ و بەشێک لە خێزانەکان بەتایبەت لە وەرزی هاویندا، منداڵەکانیان دەنێرنە ناوەندەکانی فێرکردنی زمانی کوردی جا بە شێوەی نهێنی بێت یا ئاشکرا کە نموونەی بەرز و جێی شانازییان خاتوو زارا محەممەدییە کە ئێستا بە تاوانی گوتنەوەی وانەی زمانی دایک لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامییە.

کەواتە دەسەڵاتی دیکتاتۆڕ و دژەکورد لە ئێران نەوەک نەیتوانیوە زمانی کوردی کەمڕەنگ بکات بەڵکوو لەئێستادا چالاکانی نێوخۆ بە تاک و ڕێکخراو لەرۆژهەڵات قەڵغانێکن بۆ پاراستنی شوناس و کولتووری خۆیان.

یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە ئەرکی خۆی دەزانی کە زیاتر تێبکۆشی لە ڕێگای سوشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە و کاری زیاتر بۆ ئەم ئەرکە نیشتمانییە بکات و داوا لە هەموو کوردستانیانی ئازیز دەکەین کە هاودەنگ و پاڵپشتمان بن، هەروەها لەم ڕۆژەدا جێی خۆیەتی ڕێز لە تێکۆشانی ئەو نیشتمان پەروەرانە بگرین کە بۆ مانەوەی گەلەکەیان و پاراستنی شوناسی نەتەوەکەیان تێکۆشاون و لەو پێناوەدا قوربانی زۆریان داوە.

ژنان کە دایکانی نیشتمانن دەبێ زیاتر هەست بە بەرپرسیارەتی بکەن لەو پێوەندییەدا و وەک هەمیشە تێبکۆشن لە پەروەردەکردن و ئاشناکردنی نەوەی نوێ بە زمان و کولتووری کوردی.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**٢ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند!



ڕۆژی یەکشەممە ٢٠.٢.٢٠٢٢ کۆنفرانسی ساڵانەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی فینلاند، بە بەشداری میوانان و بەشێکی زۆر لە ئەندامان، لە شاری تورکو بەڕێوە چوو.
سەرەتای کۆنفرانس بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد و پاشان لەلایەن بەڕێوەبەری کۆنفرانسەوە بەخێر هاتنی میوانان و بەشدار بووان کرا.
لەبەشی یەکەمی کۆنفرانسدا، پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی دەرەوەی وڵات، لەلایەن خاتوو «مەحبووبە ڕەحیمی» و پەیامی کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کاک «قادر مەکلاوەیی» یەوە پێشکەش کران.
لە بەشێکی دیکەی کۆنفرانسدا، ڕاپۆرتی کار و چالاکییەکانی کۆمیتە لە لایەن خاتوو «زلێخا دیباجی» و ڕاپۆرتی ماڵی لە لایەن بەرپرسی ماڵی کۆمیتەوە پێشکەش کران و پاشان لە لایەن بەشدار بووانەوە کەوتنە بەر باس و بە تێکڕای دەنگ پەسند کران.
بەشی کۆتایی کۆنفرانس تەرخان کرابوو بۆ خۆ بەربژێر کردنی ئەندامان و هەڵبژاردنی کۆمیتەی نوێ کە لە کەش و هەوایەکی دێموکراتیانەدا بەڕێوە چوو و دەستەیەکی بەڕێوەبەری، پێکهاتوو لە سێ ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی جێگر بۆ کار لە کۆمیتەی نوێدا هەڵبژێردران.
کۆنفرانس پاش ٤ سەعات کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

**یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان – فینلاند**
**٢٦٠٢٠٢٠٢٢**

## بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ساڵیادی دامەزانی تۆڕی چەتر لە کۆیە

دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشداری لە مراسمی یادی ٩ ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوی تۆڕی چەتر لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە کۆیە کرد.
سەرەتای ڕێورەسمەکە بە چەند ساتێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد و دواتر بەشێک لەو کار وچالاکییەکانی کە لەو چەند ساڵە کراوە، بە داتاشۆ نمایش کرا و ڕێورەسمەکە بەچەند برگەی جیاواز ڕازابۆوە. دوایین برگەی ڕێورەسمەکە هەندێک لە بەشداربووان چەپکەگوڵی پیرۆزباییان پێشکەش بە تۆڕی چەتر کرد.



## کۆبوونەی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی نۆروێژ

ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی فوریە کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ کۆبوونەوەی بۆ ئەندامانی کۆمیتە پێکهێنا.
مەبەست لە پێکهێنانی ئەم چالاکییە، جارێکی دیکە لێک کۆبوونەوەی ئەندامانی و دیدار نوێکردنەوە بوو، کە بەداخەوە بەهۆی پەتای کرۆناوە ماوەیەکی زۆر بوو کە چالاکییەکان کەمتر ببۆوە.
لەبەشێکی کۆبوونەوەکەدا، بەشی تەشکیلاتی کۆمیتەی نۆروێژی یەکیەتیی ژنان گوتەیەکی پێشکەش بە ئەندامان کرد و سەبارەت بە چۆنیەتی پلانی کاری ڕێکخراوەکە لەمساڵدا و هەروەها بەرچاوڕوونی لە هەمبەر پرسە هەنووکەیەکان بۆ ئەندامان دوا.
لەو کۆبوونەوەیەدا بەشێک لە ئەندامانی کۆمیتە تێیدا بەشداربوون و بەداخەوە بەشێک لە ئەندامان بەهۆی توشبوون بە پەتای کۆرۆنا نەیانتوانی بەشداربن.
کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی
کوردستان نۆروێژ
٢٦ی فوریەی ٢٠٢٢



# پەیامی ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەبۆنەی ٨ی مارس

**هاونیشتمانیانی بەڕێز !**

**ژنانی ئازاد و مافخوازی کوردستان!**

چەوساندنەوە و سەرکوتی ژنان لە مێژوودا و لە پانتایی جیهاندا شتێکی حاشاهەڵنەگرە و هاوکات لە قۆناغێکی مێژووییدا، ژنان بە هاتنە مەیدان، ڕێگای خەبات بەرامبەر بە ستەم و چەوساندنەوەیان گرتەبەر و تاکوو ئێستاش ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە لەسەر گەیشتن بە ئامانجەکانیان ڕێگە دەبڕن و بەردەوامن لە وەدیهێنانی دنیایەک کە تێیدا بەرابەری ڕەگەزی جێگیربێت و بنەماکانی مرۆڤایەتی لە لوتکە دابن.

بە سەرنج خستنە سەر ئەم بابەتە، تێدەگەین بنەڕەتی پێکهاتنی خەباتی جەماوەری ژنانی مافخواز و چالاکانی پرسی ژن، دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی زایین لەسەر دۆخی خراپی ژنانی کرێکاری کارگەی ڕستن و چنینی شاری نیۆیۆرک کە ئەو ژنانە مانگرتنیان ڕێکخست و بوون بە پێشەنگ و سیمبول بۆ خەباتی مافخوازانەی ژنان.

لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، لە ساڵی ١٩٠٨ی زایینی، ژنانی کارگەی ڕستن وچنین بۆ جارێکیتر بەرامبەر بە هەڵاواردن، نایەکسانی حەقدەست و پێشێلبوونی مافەکانیان مانیان گرت و درگای کارگەیان لەسەر داخراو و کارگەکە سووتێندرا و لەئاکامدا ١٢٩ کرێکاری ژن لەو ئاگرەدا سووتان. دواتر بەم هۆکارە ڕۆژی ٨ی مارس بە ڕۆژی ژن ناوزەدکرا، کە دەکرێت بە ڕۆژی بێدەنگ نەبوون بەرامبەر زوڵم و ستەم و هاوکات، بەرەنگاربوونەوە پێناسە بکرێت.

لە ساڵانی دواییدا لە وڵاتانی جیهان ئەم ڕۆژە بوو بەهێما و بەشێوازی جۆراوجۆر بەرز ڕادەگیرێ و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانیش لە ساڵی ١٩٧٥ی زایینی ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی جیهانی ژن بەرەسمی ناسی.

چەوسانەوەی ژنان تاکوو ئێستاش لەسەرجەم وڵاتانی جیهان بەردەوامە، بەڵام لە هەر وڵاتێک بەجۆرێک و بەرادەیەک تێکەڵ بە توندوتیژییە.

لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی و پێشکەوتوو لەبواری یاسایی و دیموکراتیزەبوون و زانستەوە بەشێک لە مافەکانی ژنان جێگیرکراوە، بەڵام هێشتا ژنان بە هەموو مافەکانیان نەگەیشتوون و بەگشتی سەرجەم مافەکانیان پارێزراو نییە و لەژێر هەڕەشە و توندوتیژی و دەستدرێژی دایە، هەر بۆیە خەباتیان بەردەوامە.

هەروەها ژنان لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا لە بواری یاساییەوە ڕێگەپێدراون بۆ دەربڕینی نارەزایەتی، وشیارکردنەوە و ڕێکخستنی کۆڕوکۆمەڵ لەسەر پرسی ژن و ئازادن لە بەرزڕاگرتنی ڕێوڕەسمەکانی تایبەت بەژنان؛ بەڵام لە وڵاتی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ژنان تەنانەت لەو مافە و لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەشن و لەلایەن حاکمیەت و کۆمەڵگە، تووشی توندوتیژی، دەستدرێژی و پێشێلبوونی مافەکانیان دەبنەوە.

بەگشتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هەموو شێوەیەک ڕێگری لە وشیاربوونەوەی ژنان و هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان دەدات و لە ئەگەری دەنگهەڵبڕینی، ژنان لەلایەن دەسەڵاتەوە سەرکوت دەکرێن و تەنانەت یاسا پاڵپشتی چەوساندنەوەی ژنان و پێشێلکەری مافەکانیانە و ڕێگە خۆشکەری پیاوسالاری و سەرکوتی سیستماتیکی ژنانە.

بەڵام ژنان تەنانەت لە چوارچێوەی ئەم سیستەمە سەرکوتکار و دژە ژنەشدا، لە ڕەوتی گەیشتن بە مافەکانیان نەوەستاون و بەتایبەتیش لە کوردستان خەباتی ژنان و چالاکانی پرسی ژن لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە لەچاو بەشەکانی دیکەی ئێران ڕێکخراوتر و جیاوازتر لە ژێر گوشاری ئەمنی بۆ گەیشتن بە سەرجەم مافەکانیان لە هەوڵدان بەردەوامە، بەتایبەت لەو سۆنگەوە کە ڕووبەڕووی ستەمی چەندقات دەبنەوە.

هەربۆیە ستەمی چەندقات بەرامبەر ژنی کورد و خەباتی فرەڕەهەندی بۆ مافە هەمەلایەنەکانی وایکردووە ژنانی کورد لە چوارچێوەی دیکتاتۆرییەتی ئێراندا تەنانەت لە خەباتیان بۆ پرسی ژن لە پێناو چالاکییەکانیان تێچوی زۆرتر بدەن و بکەونە بەر پەلامار و هێرشی حکوومەتی ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەر خواستەکانی خۆیان بەردەوامن و لە ناوخۆی کوردستانی ئێران و دەرەوەی وڵات ژنان چالاکانە و بوێرانە بۆ گەیشتن بە ماف و ئامانجەکانیان تێدەکۆشن.

لە قۆناغی ئێستاشدا کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە دوای هەموو نارەزایەتییە بەرینەکانی خەڵک و نەمانی ڕەوایی، ئەمنیتیتر لە هەمیشە هەڵسووکەوت و سەرکوتی کردووە بە

پیشە، بەو پێیەش کە هەمیشە ڕوانگەی وابووە کە بە کۆنترۆڵ و چەوسانەوەی ژن تەواوی کۆمەڵگە دەخاتە ژێر سەیتەرەی خۆیەوە، بارودۆخی ژنانی لەئێران زۆر نالەبارتر کردووە؛ هەر لە بڵاوکردنەوە و ڕەواییدان بە دەیان خەسار و قەیرانی وەک، بە یاساییکردنی توندوتیژی و کوشتنی ژنان کە بەرز بوونەوەی پەت پساوانەی ڕێژەی توندوتیژییەکان بەرانبەر بە ژنان و بەداخەوە قوربانی بوونی سەدان ژنی بێ دەرەتانی ئەو کۆمەڵگەیە نیشاندەری ئاکامی توندوتیژییەکی سیستماتیکە کە کۆماری ئیسلامی ڕوو بە ژنان دەینوێنێ، پێداگری لەسەر منداڵهاوسەری، هەژاری و بێکاری لە ڕادەبەدەر و...هتد.

بەمەبەستی کۆتوبەندکردنی ژنان و ڕێگربوون لە ڕەوتی پێشکەوتن و سەرهەڵێنانیان تا هەڵاواردن و بێبەشکردنیان لە سەرجەم جەمسەر و بوارەکانی کۆمەڵگە و بەگشتی خەڵساندنی ژنان و کۆمەڵگە لە هەرجۆرە بەرخۆدان و خەباتێک و تواندنەوەیان لەنێو خەسار و کێشەکاندا؛ لەلایەکیتریشەوە سەرکوتی چالاکانی ژن و مەدەنی لە هەموو بوارەکان بەمەبەستی لەدەستدەرنەچوونی ڕەوتی سەرکوت و کۆنترۆڵی کۆمەڵگە بە سیستماتیکتر کردووە. هەربۆیە پێویستە ئەو بەشەی کۆمەڵگە کە مەجاڵی هاتنە مەیدانی زیاتری بۆ ڕووبەڕووبەنەوەی ئەو ستەمانە هەیە، زیاتر لە پێشوو، بەرپرسایەتییەکی گەورەتر بخاتە سەرشانی و تۆی خەبات و بەرخۆدان لەناخی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە پەرەپێدا و ڕاگری سیمای بەهاکانی وەستانەوە دژی ستەمکاری بێ.

لێرەدا پێویستە بە ئاوڕدانەوە لە بەستێنی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆژهەڵات باسی ئەوە بکەین کە پێویستە پرسی ژن و کارکردن بۆ ئەو پرسە وەکوو هەموو بوارەکانی دیکە، ببێتە پرسێکی گشتی و گرینگی کۆمەڵگەی مەدەنی، تاکوو وێڕای پێداگری لەسەر بەرپرسایەتی گشتی، پێچەوانەی دەسەڵاتی حاکم تاکەکانی کۆمەڵگە ڕەوتی بەرابەری ڕەگەزی بەرەوپێش بەرن و بنیادنەری کۆمەڵگەیەکی پێشکەتوو لەسەر بنەمای بەڕابەری ڕەگەزیبن.

ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش، وەک ناوەندێکی تایبەت بە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەپێی زەروورەتی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان و زیاتر یەکخستنی دەنگی ژنی کورد و خواست و مافەکانی، وێڕای ئەوەی خۆی بەرامبەر پرسی ژن لە ڕۆژهەڵات بە ئەرکدار دەزانێت، لەم ڕۆژەدا پێداگری دەکاتەوە لەسەر خەبات بۆ خواست و مافەکانی ژنان لەسەر بنەمای ئەوەی ڕووبەڕووی ستەمی چەندقات لەپێناو گەیشتن بە یەکسانی مرۆڤەکان و بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەک کە خاڵی بێ لە پێشێلکاری مافی مرۆڤ و توندوتیژی و ڕزگاری ژنان لە ژێر چەپۆک و چەوساندنەوە.

بەرزبێت ڕۆژی جیهانی ژن و بزوتنەوەی حەقخوازانەی ژنان لە سەرانسەری جیهان و بەتایبەت کوردستان.

**پیرۆز بێ ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان**

**ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات**

دریژەی

# دانیشتنی کۆڕبەندی نێونەتەویی گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی IPCC

«هاریکاری لەگەڵ دۆخی نوێ دەتوانێ گیانی زۆر لە خەڵک ڕزگار بکا. هەوکات لەگەڵ مەترسیدارتربوونی ئاکامەکانی گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی زۆرکردنی سەرمایە گوزاری بۆ مانەوەی خەڵک پێویستە و بەدوا خستنی بە نرخی مردن تەواو دەبێ».

ئەم ڕاپۆرتە سێ هەزار و ٦٧٥ لاپەڕەیە خاڵانی هاوبەشی کۆمەڵگەی زانستی لەبارەی ئاکامەکانی گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمی دێنێتە ئەژمار بەڵام چڕی ئەولە سەر ئەم گۆڕانی کەش و هەوا لە سرووشت و کۆمەڵگە و چۆنییەتی هاواهنگی ئەوان لەگەڵ گۆڕانی کەش و هەوای هەرێمییە.

ئانتۆنی بلینکن، وەزیری دەرەوەی ئامریکا دەڵێ: «گۆڕانی کەش و هەوا سەقامگیری و دەوامی جیهانی و ناوچەیی دەخاتە بەر مەترسی».

هەروا گوتی کە: ئێمە بە باشی دەزانین کە گۆڕانی کەش و هەوا بۆ تەندرووستی و پاراستنی مرۆڤ مەترسی دارە و لە هەمان حاڵدا دەزانین کە کاریگەر دەبێ لە سەر ئاشتی جیهانی.

ئەم ڕاپۆرتە جەخت دەکا کە کاریگەری گۆڕانی کەش و هەوا لە تەواوی بەشەکان خێراتر و توندتر لە ئاستێکە کە تا ئێستە بیرمەندان پێش بینیان کردوە. بەڵام لە ئاوا دۆخێکدا کۆمەڵگەی جیهانی هاوکات لەگەڵ کەم کردنی پیسکەرەکانی هەوا بۆ کارامەیی بەرز بوونی پلەی گەرمی هەوا دەبێ ڕێگەی بەجێ بۆ پێکەوە گونجاندنی ژیانی خەڵک لەگەڵ بەرز بوونی پلەی گەرمی زەوی پەیدا کەن.

ئەم کارانە بە سەرمایەگوزاری زۆر بۆ بەکار هێنانی تێکنۆلۆژی پێشکەوتوو پێویستی دەبێ.

ئەم ڕاپۆرتە دەڵێ: کە نرخی هەندێک لەم کارانە زۆر قورس و گران دەبێ.

ڕاپۆرتی لێژنەی زانستی ڕێکخراوەی سەربەخۆی نەتەوە یەکگرتووەکان نیزیک سێ مانگ دوای دانیشتوانی کەش و هەوا لە شاری گلاسکۆ بڵاو دەبێتەوە کە لە بڕیارنامەی خۆی گرینگی کۆنترۆڵ کردنی پلەی گەرمی زەوی لە سنووری ١,٥ دەرەجەی سانتیگراد بەرزتر لە سەردەمی پێش پیشە سازی جەخت دەکا.

ئەم ڕاپۆرتە ئاگادار دەکاتەوە کە سەرتر چونی پلەیی گەرمی زەوی لە ئەم ڕادەی پێویستە کە دیاری کراوە زیانێکی قەرەبوونەکراو بەجێ دێڵێ و هەر چەندە ڕادەی پلەی گەرمی زەوی زۆرتر ببێ ئاکامە ئازاردار و وێرانکەرەکانی ئەو توندتر دەبێ.

کۆنترۆڵی پلەی گەرمی زەوی لە سنووری ١,٥ دەرەجەی سانتیگراد ئەگەری هەیە پێشگیری لە زیانی توند بە سروشت، کۆمەڵگە و ئابوری نەکا بەڵام ئەم زیانانە تا سنوورێکی بەرچاو کەم دەبێتەوە.

یەکی تر لە تەوەرکانی ئەم ڕاپۆرتە لەسەر کەمکردنی بێعەداڵەتی ئابووری و کۆمەڵایەتییە و ئاگادار دەکاتەوە کە کۆمەڵگە خەسارهەلگرەکان و وڵاتانی بێ دەسەڵات زۆرتر لە هەمووان لە ئاکامی گەرمی زەوی زیان و ئازار دەبینن.

کە ئەمەیان لە دوو جیIPCC لە ئەوەڵی ڕەستە دەهات کە بە لاتین دەمنوسی دەقەکە خراپ دەبوو گەر خۆتان سیستم تان ببێ زەحمەت کێشان دروستی بکەن.

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان لە وڵاتی فینلاند



ڕۆژی شەممە ١٢ی مارسی ٢٠٢٢ی زایینی، بەرانبەر بە ٢١ی ڕەشەمەی ٢٠٧٢١ی کوردی، ڕێوڕەسمێک بۆ بەرز ڕاگرتنی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانی ژنان لە شاری «تورکو»ی وڵاتی فینلاند بە بەشداری نوێنەرانی کۆمیتەکانی یەکیەتیی ژنان لە وڵاتانی دەرەوە و بەشێکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی یەکیەتیی ژنان لە وڵاتی فینلاند بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی یەکسانی و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، بەتایبەتیی دوو شەهیدی ژن نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری و هەموو ئەو ژنانەی کە بوونەتە قوربانی نایەکسانی لە کۆمەڵگەدا دەستی پێکرد.

بەشی یەکەمی ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوەی کۆپلە شێعرێک و بەخێر هێنانی میوانان و بەشداربووان لەلایەن خاتوو «کیمیا بەدەوی» بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمەکە دەستی پێکرد. پاشان پەیامی کومیتەی دەرەوەی یەکیەتیی ژنان لەلایەن خاتوو «لەتیفە جەباری»یەوە پێشکەش کرا. ناوبراو پاش پیرۆزبایی ٨ی مارس لە بەشدارن بە گشتی و ئەندامان و لایەنگرانی ڕێکخراوەکەمان بە تایبەتی، پەیامەکەی بە باسێکی کورت لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی خەباتی ژنان و ڕۆژی ٨ی مارس دەست پێکرد و پاشان بە ئاوڕدانەوەیەک لە بارودۆخی ژنانی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، ئاماژەی بە هەندێک لەو دیاردانە کرد کە لەلایەن کۆمەڵگە و لەژێر ناوی دین و ئایین و لە چوارچێوەی یاسادا بەسەر ژناندا سەپاوە و ڕۆڵ و نەخشی ژنانی لە بەشداری کردنیان لە خەباتی سیاسی و مەدەنی و کاریگەرییەکانیان لەسەر کۆمەڵگە بەرز نرخاند.

لە بەشێکی پەیامەکەی ناوبراودا هاتبوو: ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە وەک هەموو ژنانی ئێران لە ژێر ستەمی چینایەتی و ڕەگەزی و مەزهەبیدا دەچەوسێنەوە، وەک ئەندامانی نەتەوەیەکی بندەست و بە تاوانی کورد بوونیش بەرەورووی گەلێک ئاستەنگ دەبنەوە و ئەوەش وای کردووە کە لە مەیدانی خەباتدا و پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، نەخش و ڕۆلی دیار و بەرچاویان هەبێ و شان بە شانی پیاوان لە هەر دوو بواری خەباتی نەتەوایەتیی و خەباتی چینایەتیدا تێبکۆشن و لەو ڕێگەیەشدا قوربانی زۆریان داوە. ژنان بە دروستکردنی ڕێکخراوەی ژنان و ئەنجومەنەکانی ئەدەبی و ژینگەپارێزی و کەلتووری هەوڵیان داوە کە خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی تێکەڵ بکەن و بە هەموو شێوەیەک بەرەورووی دەسەڵات ببنەوە. هەر ئێستاش زۆرێک لە ژنان و کچانی ئازادیخوازو یەکسانیخوازی کورد لە کار و خوێندن بێبەش کراون و لە سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامیدا لە ژێر گوشار و ئەشکەنجە و سووکایەتیدان، کە نموونەی بەرچاویان مامۆستا زارا محەممەدی و زینەب جەلالیان و دەیان ژنی بەندکراون کە بەتاوانی کوردبوون و پاراستنی زمان و وێژەی کوردی، لە سەرەتاییترین مافەکانی ژیان بێبەش کراون.

پاشان پەیامەکانی کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن بەرپرسی کۆمیتە کاک «قادر مەکلاوەیی»، پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات کوردستان لە فینلاند لەلایەن خاتوو «ئەسمەر کەریم» و پەیامی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان لە فینلاند لەلایەن کاک «هیوا شوانی» لێپرسراوی کۆمەڵەوە پێشکەش کران.

پاش خوێندنەوەی پەیامەکان، خاتوو «شەهێن زادئەحمەد» باسێکی لەژێر ناوی «ئەرک و بەرپرسایەتی ژنانی کوردی ڕۆژهەڵات لە دۆخی ئاڵۆزی ناوچەدا» پێشکەش کرد.

خاتوو "شەهێن" دوای پیرۆزبایی ڕۆژی ٨ی مارس لە

بەشداران و دۆستانی ڕێکخراوی ژنان و سپاس و پێزانین لە زەحمەتی بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکە، پێشەکی باسێکی کورتی لەسەر مێژووی ڕووداوە گرینگەکانی ناوچە لە شەری یەکەم و دووهەمی جیهانی، و شۆرشە بە نێوبانگەکانی فەرانسە و ڕووسیە هێنایە بەرباس، کە مێژووی بەرهەمی دیاردەی ئەم ڕووداوانە بەسەر بافتی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریدا، هەرکام چ لەبواری ئەرێنی و چ لەبواری نەرێنیدا هەڵسەنگاندنی خۆیانی هێنایە بەرباس، بەڕێزیان پێیان وابوو بەدرێژایی ئەم مێژوویە ژنی کورد زەرەرمەندی سەرەکی بووە و نەیتوانیوە لە دەرفەتەکان کەڵکی خۆی وەرگرێت و هۆکارەکانیشی گەڕاندەوە بۆ هێژمۆنییەکی مەزهەبی و یاسای وڵاتانی داگیرکەر، هەروەها ئاماژەی بەوەدا دوای شۆرشی گەلانی ئێران، ژنی کورد بەبوونی لەمپەرکانی سەر ڕێگەی، توانی هەرچەند بەڕێژەیەکی کەم، بەڵام کارا و مونەزەم خۆی دەربخات و لە ڕێکخراوە سنفی و سیاسیەکان لەو کاتدا هەنگاوی باش هەڵبێنێت.
ناوبراو لە درێژەی باسەکەیدا ئیشارەی بە ڕۆڵی ژنانی چالاکی نێوخۆ و دەرەوەدا و پێی وابوو بەنیسبەت زوولم و زۆری سیستەمی حکوومەتیی و کولتوری داسەپاوی مەزهەبی، ژنان خۆیان لە مەسائیلی ڕۆژدا بێتەفاوت نەکردووە و تەنانەت لە سەحنەکانی کۆمەڵایەتی، زانستی، فەرهەنگی و سیاسیدا دیارن، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە چالاکانی ژنانی لە بواری تێکنۆلۆژییەک و سەردەمی پێشکەوتوویی سەردەم بە مەتلووبی نەزانی و هیواداری دەربڕی کە ژن دەبێ باشترین کەڵکی خۆی لە کەرەسەکانی زانستی ڕۆژ وەرگرێت.
تابتوانێت بە پەروەردەیەکی باش ئەزمون ببەخشێتە نەسلی دوای خۆی. لە بابەت ڕەوتی فمینیسمی ژنی کورددا وتی کە خەباتی ژنانی کورد بەتایبەت ژنی کوردی ڕۆژهەڵات نابێ لە مەسیرێکی بەرتەسکی ژنانەدا خۆی قەتیس کاتەوە، پێی وایە ژنی کورد لە ئێستادا خەباتی لۆکاڵی و ڕادیکالی نابێ تەرجیح بەسەر خەباتی نەتەوایەتی و تەنانەت خەباتی فرەڕەهەندی بدا، خەباتی ژن دەبێ لەڕاستای پەروەردە و پێگەیاندن و یارمەتیدان بە بەرژەوەندییە گشتییەکانی نەتەوەیی بچێتە پێش و لەو پێناوەدا بەستەرسازی بۆ یارمەتیدان بە بنەمای دارشتنی فەرهەنگسازی پەروەردەی تاکی کۆمەڵایەتی دابێ، لە کۆتاییدا داوای وابوو کە وەدیهێنانی ماف و ویستەکان لە خەون و حەز و ئارەزوودا نەهێڵینەوە، با یەکگرتوانە لەهەوڵی ئەوەدا بین کە پرسی ژن وەک موعزەلێکی کۆمەڵایەتی پێناسە بکەین تا تەک بە تاکی کۆمەڵگە بۆ ئەم کێشە گرینگە خۆیان بەرپرسیار بکەن.
بەشی یەکەمی ڕێوڕەسمەکە بە پێشکەشکردنی چەپکە گوڵی ڕێز و سپاس لەلایەن خاتوو «مەحبووبە ڕەحیمی» بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی یەکیەتیی ژنانەوە بۆ خاتوو «شەهێن» و لەلایەن خاتوو «نەمام زەرینفام» ئەندامی کۆمیتەی دەرەوە بۆ بەرپرسی کۆمیتەی فینلاندی یەکیەتیی ژنان خاتوو «زلێخا دیباجی» کۆتایی پێهات.
بەشی دووهەمی ڕێوڕەسمەکە بەشایی و هەڵپەرکێ دەستی پێکرد و تا کۆتایی شەو درێژەی هەبوو.

## پەیامی پیرۆز بایی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان:

بەڕێزان لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەممە ڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان گەرمترین پیرۆزبایی لە ژنانی کوردستان بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان دەکەین.
بێگۆمان لەئێستادا خەبات و ڕۆڵ و دەوری ژنان بە تایبەتی ژنان و کچانی بە هەڵوێستی کورد لە هەموو مەیدانەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان بەر چاوە، هەر ئێستا کەم نین ئەو ژن و کچانەی کە لە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی لەنێو ڕیزەکانی هێزە تێکۆشەرەکاندا خەبات دەکەن و لە هەمان کاتدا لە مەیدانی خەباتی مەدەنی لەنێوخۆی وڵات ژنانی پێشەنگی ئەو خەباتە شۆناس خوازانە هەر لەو پێناوەشدا قوربانی زۆریان داوە هەر ئێستا کۆمەڵێکی بەرچاو لە ژنانی ئازادخواز و یەکسانیخواز بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادیە نەتەوەییەکان لە زیندانە تاریکەکانی کۆماری ئیسلامی دان و حوکمی قورسی بەندکرانیان بەسەردا سەپاوە.
ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێرای پیرۆزبایی دووبارە هیوای سەرکەوتن و بەردەوامیتان لە ئەرکە پیرۆزەکانتان بە ئاوات دەخوازێ.

بەڕێز: یەکیەتیی ژنانی
دێموکراتی کوردستان
بابەت: پەیامی پیرۆز
بایی
بەبۆنەی ساڵرۆژی
دامەزراندنی
ڕێکخراوەکەتان جوانترین
پیرۆز بایی خۆمانتان
ئاراستە دەکەین
هیواداریین هەمیشە سەرکەوتوو بن بۆ بەدیهێنان و داکۆکی کردن لە مافاکانی ژنان و ژنانی کوردستان
دووبارە پیرۆزە
**یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان**
**لقی کۆیە**

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە ٥٠ چالاکوانی ژن لە سلێمانی



بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن، پارتی سەوزی کوردستان، ڕێوڕەسمێکی ڕێزلێنانی بۆ ٥٠ چالاکوانی ژن لە بارەگای ئەو پارتە لە شاری سلێمانی پێکهێنا.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٩ی ڕەشەمەی ١٤٠٠ی هەتاوی، پارتی سەوزی کوردستان، بە هەماهەنگی ژنانی پارتی سەوز، بەبۆنەی٨ ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان لە ڕۆژی جلوبەرگی کوردیدا و هەروەها ساڵیادی ڕۆژەکانی ڕاپەڕین، ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە ٥٠ چالاکوانی ژن لە بارەگای پارتی سەوز لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو و ئامانج لەو ڕێوڕەسمە ڕێزلێنان لە ژنانی چالاک لە بوارەکانی سیاسی، مافی مرۆڤ ، ژینگە پارێزی بوو.

ڕێوڕەسمەکە بە چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستیپێکرد و پاش ڕاگەیاندنی بەرنامەکان ڕێوڕەسمەکە بەوتەی بەڕێز «ملکۆ ژینگە» سکرتێری پارتی سەوزی کوردستان درێژەی کێشا و ناوبراو وێڕای بەخێرهاتنی بەشداربووان ڕۆڵی ژنانی کوردستانی لە بوارە جۆراوجۆرەکان بەرزنرخاند.

جێگای ئاماژەیە کە هێئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستی سۆران نووری، ئەندامی ڕێبەری حیزب بەشداری ڕێوڕەسمەکە بوون.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕێزنامەیەک پێشکەش بە ٥٠ژنی چالاکوان لە بوارە جۆراوجۆرەکان کرا و یەکێک لەو ژنانە خاتوو خەدیجە مەعزووری بوو کە ڕێزی لێگیرا و ڕێزنامەی پێشکەش کرا، هەروەها کاک سۆران نووری ڕێزنامەی پێشکەش بە چەند خاتوونی چالاکوان کرد.

# ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە بۆنەی ٨ی مارس ئاکسیۆنێکی بەڕێوەبرد



ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە بۆنەی ٨ی مارس ئاکسیۆنێکی بەڕێوە برد

ڕۆژی دووشەممە ١٦ی ڕەشەمە، ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات هەستا بە بەڕێوەبردنی ئاکسیۆنێک تایبەت بە ڕۆژی جیهانی ژن لە پارکی ئازادیی شاری سلێمانی.

ئەم ئاکسیۆنە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی ژنانی ئازادیخوازی کوردستان دەستی پێ کرد و دواتر پەیامی ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەن خاتوو «زەینەب حوسێنی» ئەندامی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتەوە پێشکەشی ئامادەبووان کرا.

ناوەندی ژنان لەم پەیامەدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە مێژووی ٨ی مارس و ناودێرکردنی ئەم ڕۆژە و گرینگیی ڕێزگرتن لەم یادە، ڕایگەیاند: «ناوەندی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش وەک ناوەندێکی تایبەت بە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەپێی زەروورەتی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان و زیاتر یەکخستنی دەنگی ژنی کورد و خواست و مافەکانی، وێڕای ئەوەی خۆی بەرامبەر پرسی ژن لە ڕۆژهەڵات بە ئەرکدار دەزانێت، لەم ڕۆژەدا پێداگری دەکاتەوە لەسەر خەبات بۆ خواست و مافەکانی ژنان لەسەر بنەمای ئەوەی ڕووبەڕووی ستەمی چەندقات لەپێناو گەیشتن بە یەکسانیی مرۆڤەکان و بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەک کە خاڵی بێت لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ و توندوتیژی و ڕزگاریی ژنان لەژێر چەپۆک و چەوساندنەوە».

ئاکسیۆنەکە بە خوێندنەوەی سروودی یەکسانی و بڵاوکردنەوەی بروشورێکی تایبەت کە لەلایەن ناوەندی ژنان بەبۆنەی ٨ی مارس ئامادەکرابوو، بەسەر ئامادەبووان بڵاو کرایەوە.

ئەم ئاکسیۆنە بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ناوەندی ژنان و ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز بەڕێوە چوو.

# چاپی وەرگێڕانی کتێبی «محاکمە عادتها» «دادگەیی خووەکان»




کتێبی «محاکمە عادتها» نوسراوەی بەڕێز عەلی خاکزادی، لە مانگی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوی لە ئێراندا لە چاپ درا و تا ئێستا لە وەشانخانەی هورمزد بە ٢ چاپی ١٠٠٠ بەرگی و یەک چاپی ١٥٠٠ بەرگی گەیشتووە.
خاتوو ئیلهام میرزایی ئەم کتێبەی بە سەرناوی «دادگەیی خووەکان» وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی سۆرانی و وەشانخانەی ڕۆژ لە چاپی داوە.

کتێبی "محاکمە عادتها" بە سەرناوی THE TRIAL OF HABITS سەرنجی چوار وەشانخانەی ناونەتەوەیی لە ئینگلستان و ئەمریکاشدا ڕاکێشابوو. کە لە ئاکامدا لە ڕێکەوتی ٧ی مەی ٢٠٢١ی زایینی، گرێبەستێک لەگەڵ وەشانخانەی پێگاسوسی (Pegasus) ئینگلستان واژۆ کرا. بە پێی ئەو گرێبەستە ئەم کتێبە لە ساڵی ٢٠٢٢ی زایینی، لە ٣٣ وەڵاتی جیهاندا بڵاو دەبێتەوە.
هەروەها ئەم کتێبە، بە زمانی عەرەبی بە سەرناوی "محاکمەالعادات" لە وەشانخانەی الفارابی لبنان بڵاو دەبێتەوە.
ئەم ڕۆمانە بەسەرهاتی پیاوێک بە ناوی ئورهان دەگێڕێتەوە کە خووگەلێکی خراپی هەیە. ئەم خووە خراپانە، ئورهانیان بە لاڕێدا بردووە و تووشی گێروکێشەیان کردووە. یەکێک لەو خووە خراپانە، خووی سەرچڵ خوێندنی دەقەکان و گرێبەستەکانە کە بووەتە هۆی ئەوەیکە ئورهان گرێبەستێک واژۆ بکات کە بە پێی ئەو گرێبەستە، مێشکی لە جەستەی جیا دەکەنەوە و دوایی جەستەی بە بۆنەی هەبوونی خووگەلی خراپ، دژ بە مێشکی سکاڵا دەکات!
سەرئەنجام دادگایەکی لێپرسینەوە بە بەشداری دوازدە ئەندامی دەستەی سوێندخۆران، لە دوورگەیەکی خەیاڵی بە ناوی برینلەند، بەڕێوە دەچێت.
لەم دۆسیەدا جەستە دادبەرە و مێشک تۆمەتبارە، چونکە بە بۆنەی هەبوونی خووگەلی خراپەوە لە ژیانیدا سەرکەوتوو نەبووە.
تەواو گفتوگۆی نێوان پارێزەری مێشک و پارێزەری جەستە، لە پێشگای دادوەر و ئەندامانی دەستەی سوێندخۆران، بە پێی ستاندارگەلی دادگا و یاساگەلی وەڵاتی ئەمریکا نووسراوە.
لەم چیرۆکەدا تاوتوێ خووەکان لە ڕوانگەی ڕەوانناسییەوە ئەنجام دراوە.
بابەتی خووەکان، بابەتێکی بێسنووری ئینسانییە کە جوگرافییایەکی تایبەت ناناسێت و تەواوی مرۆڤەکان بەردەنگی ئەم بابەتەن.
بە پێی ئەوەیکە ئەم ڕۆژانە کاریگەریی خووەکان لەسەر ژیانی کەسی و کۆمەڵگا ئاشکرایە، ئەم چیرۆکە سەرنجی خوێنەرانی ڕاکێشاوە. کەوایە وەرگێڕانی ئەم کتێبە بە زمانگەلی جۆراوجۆر ئەنجام دەدرێت و بەرنامەڕێژی کراوە تا ساڵی ٢٠٢٤، کتێبی "محاکمە عادتها" بە ١٥ زمانی زیندووی جیهان لە چاپ بدرێت و لە ٧٠ وەڵاتی جیهاندا، بەردەستی خوێنەران بێت.



# ٢٩ ژن لە بواری دادگەری دەستبەکاربوون لەبەردەم سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی ٤٧ دادوەر و ١٢ ئەندامی داواکاری گشتی بەڕێوەچوو

لەبەردەم بەڕێز دادوەر عبدالجبار عزیز حەسەن، سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی ٤٧ دادوەر و ١٢ ئەندامی داواکاری گشتی بەڕێوەچوو.

دوای بڕیاری ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (٧١ لە ٢٠٢١/١٢/١) پاڵپشت بە فەرمانی هەرێمی ژمارە (٢٧٢)ی ساڵی ٢٠٢١ و بە پێی نووسراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان /دیوان ژمارە (د-١٠٩٩ لە ٢٠٢١/٩/٥) و بەدیکردنی گشت مەرجەکانی یاسایی ئەنجومەنی دادوەری بڕیاری دابوو بە دامەزراندنی ٤٧ دادوەر بۆ دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی هەولێر/ سلێمانی /دهۆک / و کەرکوک-گەرمیان و ئەمڕۆ ڕێوڕەسمی سوێندخواردنیان بەڕێوەچوو.

لە ڕێوڕەسمەکەدا جێگرانی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری و ئەندامانی دادگای پێداچوونەوە و سەرۆکی دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی هەولێر و سلێمانی و دهۆک و کەرکوک-گەرمیان و سەرۆکی داواکاری گشتی و بریکاری وەزارەتی داد و بەڕێوەبەری پەیمانگەی دادوەری ئامادەبوون.

لەنێو دادوەر و ئەندامانی داواکاری گشتی، ٢٩ ژن هەن کە ١٩یان وەک دادوەر و ١٠ی دیکەشیان وەک ئەندامی داواکاری گشتی لە دادگاکانی تێهەڵچوونەوەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەستبەکار دەبن.

دەستبەکاربوونی دادوەر و داواکارانی گشتیش دوای تەواوکردنی خولی سێهەمی پەیمانگەی دادوەریە کە بە پێی پێویستی ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستان بە دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتی دابەش کراون بەشێوەیەک دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر ١٢ دادوەر و دادگای تێهەڵچوونەوەی سلێمانی ١٧ دادوەر و دادگای تێهەڵچوونەوەی دهۆک ٩ دادوەر و دادگای تێهەڵچوونەوەی کەرکوک-گەرمیان ٩ دادوەرن. هەروەها دابەشکردنی ئەندامانی داواکاری گشتیش کە ژمارەیان ١٢ ئەندامی داواکاری گشتیە، بە ڕێگەی سەرۆکایەتی داواکاری گشتی هەرێمەوە دەبێ.



# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێک لە ساڵیادی کۆچی‌دوایی خاتوو ئامینە مەولوودیان (ئامە)




ڕۆژی ٢٦ ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی، بە بەشداریی کۆمەڵێک لە هونەرمەندان و لایەنگرانی هونەر و موسیقا و دەنگی مامۆستا محەممەد ماملێ و نووسەران و میدیاکاران و ڕۆژنامەوانان و بنەماڵە و خزمان و خۆشەویستانی خاتوو ئامینە مەولوودیان ناسراو بە (ئامە) لەسەر مەزاری ئامینەی ماملێ لە شاری مەهاباد یادی ئەو ژنە هونەرمەندە و نیشتیمانپەروەرە پیرۆز ڕاگیرا.

سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمە لەلایەن پێشکەشکاری بەرنامە «شۆڕش ئەبووبەکری» بەخێرهاتنی میوانان کرا و پاشان پەیامی هونەرمەند «حوسێن ڕەهبەر» ژەنیار و یاری مامۆستا ماملێ بڵاو کرایەوە و پاشان هونەرمەندان «یونس بوڕاقی» و «ساسان سەمەدی» کارێکیان بەناوی «ئامینێ» پێشکەش کرد.

لەدرێژەی بەرنامەکە مامۆستا «عەزیز وەلیانی» وتارێکی لەسەر ژیانی خاتوو ئامینە مەولوودیان خوێندەوە کە بە هاوکاری کاک «سولەیمان خودایار» کوڕی خاتوو ئامینە ئامادە کرابوو.

دواتر هونەرمەندان «خالید نادرپوور»، «لوقمان عادڵ پوور» و «کامران ئاهمەند» چەند مەقام و گۆرانیان پێشکەشی میوانان کرد و لە دواییدا پەیامی هونەرمەند «چالاک ماملێ»، کوڕی خاتوو ئامینە بڵاو کرایەوە و بە فاتیحە و گوڵبارانی مەزاری ئامەخان کۆتایی بە بەرنامەکە هات .

جێی ئاماژەیە کە ئەو ڕێوڕەسمە بەبۆنەی ساڵیادی کۆچی‌دوایی ئامەخان هاوسەری مامۆستا موحەممەد ماملێ لەلایەن بەڕێزان «سولەیمان خودایار» و «چالاک ماملێ» ئامادە کرابوو و سپاسی زەحمەتەکانی هونەرمەند کاک «موحسێن گوڵپەرەست» و هەروەها خاوەنی پەیجی شاری دڵ کاک «کەماڵ گەڕیدە» کرا.

# سەرکەوتنی مشکات ئەلزەهرا سەفی لە یاری تێنیس




مشکات ئەلزەهرا سەفی، کچە یاری زانی تێنیس، بەبڕینی ٧ پلە سەرکەوتن توانی پلەی ٧٣ی لاوانی جیهان مسەوگەر بکا، ئەوە یەکەمین جارە کە یاریزانێکی ئێرانیی دەگاتە پلەی ٧٣ی لاوانی جیهان.

مشکات سەفی، کچە یاریزانی تێنیس ئێرانیی کە توانیبووی پێشتر بە گەیشتن بە پلەی ٧٤ لە ئاستی لاوانی جیهاندا مێژوویەک بۆ خۆی تۆمار بکا، دووبارە بە سەرکەوتن پلەیەکی دیکەی لە قۆناغەکانی سەرکەوتنی لە ئاستی جیهاندا بڕی.

بۆ یەکەمین جار یاریزانێکی ئێرانی دەگاتە پلەی ٧٣ی لاوانی جیهان لە یاری تێنیس دا.

## سەرکەوتنی قوتابییەکی خەڵکی مەهاباد لە ئۆلەمپیادی جیهانیی بیرکاریدا

**قوتابییەکی خەڵکی مەهاباد بەناوی «نادیا خاکپوور»، لە ئۆلەمپیادی جیهانیی بیرکاریدا پلەی دووهەمی جیهانیی بەدەست هینا.**

**نادیا خاکپوور، قوتابیی پۆلی هەشتەم لە قوتابخانەی بەیان بە بەدەستهێنانی ٢٣٣ خاڵ، توانی پلەی دووهەمی ئۆلەمپیادی جیهانیی بیرکاری، هاروارد و ئەستێنفۆرد بەدەست بهێنێ و ببێتە خاوەن میدالیای زیو.**



# ژنە وەرزشوانێکی کرماشانی وەکوو ڕاهێنەری یانەی میللیی ئێران دیاری کرا



ژنە وەرزشوانێکی کرماشانی بە ناوی «پێگا زەنگنە» یەکێک لە باشترین وەرزشوانانی بواری کاراتای ژنان وەکوو ڕاهێنەری یانەی میلليی ئێران هەڵبژێردرا.

ئەو ژنە وەرزشوانە کوردە لە کێبڕکێی یارییەکانی ئاسیایی، جیهانی، پاڵەوانییەتیی کاراتای ئاسیا، کاپی یانەکانی کاراتای ئاسیا، یارییەکانی هاوپەیوەندیی وڵاتانی ئیسلامی و کاپی یانەکانی کاراتای ئاسیا، ١١ میداڵی زێڕ، زیو و بڕۆنزی بە دەست هێناوە.

پێگا زەنگنە لەدایکبووی ساڵی ١٣٦٢ لە شاری کرماشانە و لە تەمەنی ٨ ساڵیدا، لە ژێر چاودێریی مریەم موشیری چالاکیی خۆی لەبواری کاراتە دەستپێکردووە.

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن



پاش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ١٧ی ڕەشەمە ١٤٠٠ی هەتاوی، یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان سمینارێکی بەبۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژن لە یەکێک لە سالۆنەکانی قەڵای دیموکرات بەڕێوەبرد.

سمینارەکە بە ساتێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لەگیانی پاکی ئەو ژنانەی بوونە قوربانی نادادپەروەری دەستی پێکرد.

سەرەتا پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٨ی مارس، لەلایەن خاتوو شلێر مەحموودی، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرییەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێک لە پەیامەکەی یەکیەتیی ژنان ئاماژە بە مێژووی ٨ی مارس و گرینگی دەست نیشانکردنی ئەو ڕۆژە جیهانییە و کاریگەریی دانانی لە وڵاتە جیاوازەکان کرابوو و هەروەها بە وردی باس لە یاسا و ڕێساکانی ئێران و کۆت و بەندەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ژنان کرا و خەباتی ژنانی ڕۆژهەڵات لەو دۆخەدا بەرز نرخێندراو و هەروەها بەردەوامی وپشتیوانی یەکیەتیی ژنان لە پەیامەکەدا جەختی لەسەر کرابووە.

لە بەشێکی دیکەی سمینارکە باسێکی خاتوو گەلاوێژ پەیرەوان کادری یەکیەتیی ژنان وئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکرات لە ژێرناوی "٨ی مارس و ئاوڕێک لە خەباتی ژنی کورد" پێشکەش کرا.

خاتوو گەلاوێژ بەئاماژە بەوەی کە لەگەڵ ڕێز لەو ڕۆژە مێژووییە پێویستە باس لە خەبات و تێکۆشانی ژنی کورد و ناساندنی ئەو خاتوونە تێکۆشەرانە دەستی پێکرد.

خاتوو گەلاوێژ بەشی یەکەمی باسەکەی تەرخان کردبوو بۆ ناساندنی بەشێک لەو ژنە ڕچەشکێنانە کە لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کورددا جێی پەنجەیان دیار بووە و کەمتر باسیان لێکراوە و هەروەها وتی: کە زۆرترین غەدر لە ژنان لە نووسینەوەی مێژوودا کراوە.

بەشی دووهەمی باسەکەی خاتوو گەلاوێژ، باس لە بزووتنەوەی ژنان لە چوارپارچەی کوردستان و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە بەڕێزیان پێیان وابوو ژنی کورد بە خەباتی نەتەوەیی و ڕەگەزی و بەتایبەت بەشداری لە خەباتی چەکداری بۆ بەرگری لە نەتەوەی کورد، ڕوویەکی دیکەی ژنیان بە جیهان نیشاندا.

بەشی کۆتایی قسەکانی کۆرگێڕ باس لە هاتنە مەیدانی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە بە خەباتی فرەڕەهەند و تێکۆشان لە بوارە جۆراوجۆرەکان بزوتنەوەی ژنانیان لە ئێران و کوردستان گەیاندۆتە ئاستی خۆی.

پاش کۆتایی سمینارەکە بە بەشداری بەشێک لە کادر و ئەندامانی یەکیەتیی ژنان کتێبخانەکانی شەهیدان نەسرین حەداد و سوهەیلا قادری کە وەک میراتی مەعنەوەی بە ڕێکخراوە براوە، ڕێز لە تێکۆشانی سکرتێرە یەک لە دوای یەکەکانی یەکیەتیی ژنان، لە ٨ی مارسدا گیرا.

**تێبینی: وێنەکان لە لاپەڕەکانی کۆتایی دا داندراون**

# بەرز ڕاگرتنی ٨ی مارس له وڵاتی نۆروێژ

له شاری لیلەسترۆم به بۆنەی ٨ی مارس ڕۆژی نێونەتەوەی ژنان ڕێورەسمێکی تایبەت به بەشداری سەرجەم ڕێکخراوە سنفی و کەلتوریەکان بەڕێوە چوو. ڕۆژی سێ شەممە ٢٠٢٢/٣/٨ی زایینی، له شاری لیلەسترۆم بەبۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن لەلایەن کومیتەی یەکیەتیی ژنان دێموکراتی کوردستان له وەلاتی نۆروێژ و به هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوە سنفی و کەلتوریەکانی نۆروێژی و ژنانی نەتەوە جیاوازەکان وەک :سودانی، سۆماڵی، پاکستانی و ئەریتیریە یادی ڕۆژی جیهانی ژنانیان کردەوە.

سەرەتا خاتوو «مریەم نایم»، وەک بەڕێوبەری بەرنامە وێرای بەخێرهاتنی بەشدار بوان باسێکی کورتی لەسەر مێژووی ٨ی مارسی کرد و دواتر خاتوو «نینا لانگفی» بەرپرسی بەشی کەلتوری و سەرپەرستی ڕێکخراوە سنفی و کلتوریەکانی سەر به ئوستانی ویکەن، لەسەر چۆنیەتی کاری هەرەوزی و هاوبەشی ڕێکخراوەکان لەم کۆمۆنەدا کرد. له درێژەی بەرنامەی بەریوەبەری دا، خاتوو «بێریت» پارچە موزیکێکی تایبەت به ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان، واتە ٨ی مارسی پێشکەش کرد. پاشان، خاتوو «مەحبوبە ڕەحیمی» بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات له دەرەوەی وەڵات، بابەتێکی لەژێر ناوی ژنێکی نەخوێندەوار و هەوڵدان بۆ خۆپێگەیاند و شکاندنی بەربەستەکانی بەردەم پێشکەش کرد و له بەشێک له باسەکەیدا ئاماژەی به تواناکانی ژنان کردو گوتی: ژنان له زۆر بارەوە له پیاوان بەتواناترن، هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ ئەو بەربەستانەی که ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبنەوە و بەڵام به هەول و کۆڵ نەدان و هێز و تواناکانیان درێژە به چالاکی خۆیان دەدەن و ناوەستن.

هەروەها خاتوو «ئافرام ئووسمان»، باسێکی لەژێر ناوی مێژووی چالاکوانانی ژنانی سوودانی پێشکەش کرد و باسی هەوڵ و ماندووبوونی ژنانی سوودانی کرد، که به هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچان و ماندونەناسانە و زەحمەت و تێکۆشانی له بران نەهاتویان ، توانیویانە ببنە هاندەر و ڕێپیشاندەری ژنان و کچانی دیکەی سوودانی.

له بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا خاتوو «چرۆ بوورهان» که ئەندامێکی چالاکی، نانس فرید سەنتەرە؛ باسێکی لەژێر ناوی ڕۆڵی دایکان بەتایبەت ئەو دایکانەی که له وڵاتی نۆروێژ دەژین پێشکەش کرد. له بەشێک باسەکەیدا: تیشکی خستە سەر پێوەندی



دایکانە، که به هەموو توانایەکەوە، هەوڵ بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان به تایبەت کچەکان دەدەن و تێ دەکۆشن. هەروەها له ئاستی چۆنیەتی پێوەندی دایک و بابەکان لەگەڵ مێرمنداڵان، له وڵاتێکی ئورپاییدا، باسی له سەربەخۆیی و ئازادی کچانی پەنابەر لەم وڵاتەی کرد و گوتی: زۆر گرینگە که دایک و بابەکان هەست بەوە بکەن که له وڵاتی خۆیان ناژین و بزانن چۆن هەڵسوکەوت له گەڵ کچەکانیان دەکەن.

له کۆتا بەشی ڕێورەسمەکەدا، هەردوو خاتوونی هونەرمەند: "بێریت و ئینگرید موە" بەگۆرانی و موزیک ڕێورەسمەکەیان ڕازاندووە.

**یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان**
**٩ی مارس ٢٠٢٢**

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٨ی مارس لە وڵاتی سوئید

رۆژی سێشەممە ٨ی مارس، یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان کۆمیتەی سوئید بە هاوبەشی لەگەڵ ژنانی حیزبی چەپی سوئیدی، بۆ بەرز راگرتنی ٨ی مارس رۆژی جیهانی ژنان رێورەسمێکیان بە بەشداری ئەندامانی هەر دوو لایەن و چەند ناوەندی تایبەت بە ژنان پێک هێنا.

رێورەسمەکە بە کۆبوونەوە لە گۆرەپانی «هۆرسالس پارک» دەستی پێکرد.

سەرەتا لە لایەن بەرێوەبەری رێورەسمەکە خاتوو «کارۆلین داساندێر» بەخێرهاتنی بەشداربووان کرا و لەسەر چۆنیەتیی و رێڕەوی رێورەسمەکە بەرچاو روونی درایە بەشداربووان.

لە بەشی یەکەمی رێورەسمەکەدا پەیامی ژنانی حیزبی چەپ لە لایەن خاتوو «جێسیکا ئێک» خوێندرایەوە و پاشان لە لایەن خاتوو «کەژاڵ ئەحمەدی» یەوە پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە زمانی سوئیدی پێشکەش کرا. خاتوو کەژاڵ پاش ئاماژەدان بە بۆنەی ٨ی مارس وتی: بە پێی یاسا نووسراوەکان، هەموو تاکێکی کۆمەڵگە بەبێ جیاوازیی رەگەزی، ئایینی و نەتەوەیی یەکسان و بەرابەرن، بەڵام بەداخەوە ئەو یاسایە بە کردەوە بە تەواوی نەکەوتووەتە بواری جێبەجێ کردن و هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە خەباتی ژنان لە هەموو جیهان تا ئێستاش هەر وا بەردەوام بێت. لە بەشێکی دیکەدا خاتوو کەژاڵ باسی لە بارودۆخی نالەباری ژنان لە ئێران بە گشتی و ژنانی کوردستانی بە تایبەتی کرد و لەو پێوەندییەدا خاتوو «زارا محەممەدی» وەک نموونەیەکی بەرچاو هێنایەوە.

پاش پێشکەش کردنی پەیامەکان، بەشدار بووان بە رێپێوان و بە دانی دروشم بەرەو شوێنی کۆبوونەوە بەرێکەوتن.

برگەی دووهەمی رێورەسمەکە بە موزیک و گۆرانی بە هەر دوو زمانی ئینگلیزی و سوئیدی دەستی پێکرد و پاشان خاتوو «پائولینا بێنگتسۆن» بە پێشکەش کردنی باسێک لەسەر ژیان و بەسەرهاتی خۆی و ئەو کێشە و گرفتانەی کە لەژیانیدا بەرەورووی بوونەوە و چۆنیەتی زاڵبوونی بەسەریاندا، سەرنجی بەشداربووانی راکێشا.

دواتر لەلایەن خاتوو «سارا مۆهلینگ» بەرپرسی ناوەندی پاراستنی کچان باسێک لە سەر گیروگرفتی کچان لە کۆمەڵگەی سوئیددا پێشکەش کرا.



لە بەشێکی دیکەی رێورەسمەکەدا، باسێکی کورت لەسەر مێژووی هەڵپەرکێی کوردی و هەروەها واتای هەر کام لە جووڵەکانی لەلایەن خاتوو «کەژاڵ ئەحمەدی»یەوە بۆ بەرچاوروونی زیاتر بە بەشدارانی سوئیدی پێشکەش کرا و پاشانیش ئەندامانی یەکیەتیی ژنان بە پێشکەشکردنی هەڵپەرکێی کوردی کۆرەکەیان هەرچی زیاتر رازاندەوە و سەرنجی بەشداربووانیان راکێشا.

پێویستە بە ئاماژەیە کە یەکیەتیی ژنان بە پێشاندانی هەندێک کەلوپەلی کولتووری بوونە جێگای سەرنجی بەشدار بووان و هەر کام لە ناوەندەکانی پاراستنی ژنان، پاراستنی کچان و پاراستنی داپیرەکان بە دانانی لۆگۆی ناوەندەکانیان، بەشداری رێورەسمەکە بوون و لۆگۆی یەکیەتیی ژنانیش لە نێوانیاندا دەدرەوشایەوە.

رێورەسمەکە بە پێشکەشکردنی موزیک و گۆرانی سوئیدی پاش ٣ کاتژمێر کۆتایی پێهات.

---

# کتێبی ”کڵاوەکەمم دەوێتەوە“ چاپ و بڵاو کرایەوە



کتێبی ”کڵاوەکەمم دەوێتەوە“ کە تایبەت بە منداڵانە و لەلایەن هێمن محەممەدیان لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆسەر زمانی کوردی وەرگێردراوەتەوە، چاپ و بڵاو کرایەوە.

کتێبی «کڵاوەکەمم دەوێتەوە» کە بەرهەمی ”جان کلاسن“ نووسەری کانادایی و تایبەت بە منداڵانە، لەلایەن «هێمن محەممەدیان» وەرگێر و چالاکی بواری منداڵان بۆسەر زمانی کوردی وەرگێردرایەوە و لە رۆژانی رابردوو و لە تیراژی هەزار دانەدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

ئەم کتێبە ساڵی ٢٧١١ی کوردی چاپ و بڵاو بووەتەوە و جان کلاسن نیگارکێشی کتێبەکەیە، ئەم کتێبە لەگەڵ کتێبێکی دیکەی نووسەر زیاتر لە دوو ملیۆن بەرگیان لێ فرۆشراوە و براوەی چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتییە.

جێی ئاماژەیە کە هێمن محەممەدیان، خوێندکاری کارناسیی زیندەوەرناسی لە زانکۆی کوردستانی سنە، ئەندامی رێکخراوی زانستیی هۆژین و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری زانستیی هۆژین، چالاکی بواری منداڵان و بەرپرسی تەلەفزیۆنی ئینستاگرامیی گەشە تیڤی تایبەت بە منداڵانە و ناوبراو لەماوەی رابردوودا کۆمەڵێک کاری تایبەتی بۆ منداڵانی کوردستان کردووە کە لەلایەن خەڵکی کوردستان و بەتایبەت منداڵانەوە پێشوازییەکی زۆر گەرمی لێ کراوە.

# یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆبونەوەیەکی تەشکیلاتی بۆ بەشێک لە ئەندامانی شاری سۆران پێکهێنا

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٦ی ڕەشەممەی ١٤٠٠ی هەتاوی، بەشی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆبونەوەیەکی بۆ ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە لە سۆران پێکهێنا.
سەرەتای کۆبوونەوەکە خاتوو تامان محەممەدی بەرپرسی بەشی تەشکیلات باسێکی لەسەر وەزعیەتی کاری ڕێکخراوەیی لەماوەی وەرزی ڕابردوودا پێشکەش کرد و ڕاوبۆچوونی ئەندامانی بۆ چالاکی و کاری ڕێکخراوەیی وەرگرت.
لە بەشی دووهەمی کۆبوونەوەکە خاتوو "موژگان عەلیپوور" سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان باسێکی لەسەر بزوتنەوەی زیندووی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وروژاند کە ژنان تێیدا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە.
خاتوو موژگان لە درێژەی باسەکەیدا بە گرینگییەوە ئاماژەی بە بەشداری ژنان لە کایە جۆراوجۆرەکانی نێوکۆمەڵگەدا کرد و وتی: ژنان لە ڕۆژهەڵات جگە لە بواری یەکسانیی ڕەگەزی، لە بوارەکانی دیکەی فەرهەنگیی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا چالاکن و تێکۆشانیان، تەنیا خۆی لە بوارێکدا نەدیتۆتەوە و خاتوو "زارا محەممەدی" و خاتوو "موژگان کاووسی"، نموونەی بەرزی ئاستی وشیاری نەتەوەیی ژنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.
لە بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکە بەشداران بە تێبینی و پێشنیارەکانیان کۆبوونەوەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.





## بەشداری هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سمیناری یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان لقی کۆیە






دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٥ی مارسی ٢٠٢٢ی زایینی و ٢٤ی ڕەشەمەی هەتاوی، یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان لقی کۆیە سمینارێکی بۆ دوو خاتوون "تاڤگە محەممەد" لە ژێر ناوی "ڕۆڵی خێزان بۆ پاراستنی پەروەدەیی" و "بەهار عبدولرەحمان" لەژێر ناوی "ڕۆڵی ئایین بۆ پاراستنی شکۆی ئافرەت" لە هۆڵی نەجیبەخانی شاری کۆیە بەڕێوەبرد.
هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشداری ئەو سیمینارە بوون.

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان





ڕۆژانی ٥ و ٦ی بەفرانباری ١٤٠٠هەتاوی کۆبوونەوەی تەشکیلاتی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە هەردوو شانەی ئازادی و ئامیریە بەڕێوەبرد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە «خاتوو تامان محەممەدی»بەرپرسی بەشی تەشکیلات، باسێکی لەسەر چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کاری تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی یەکیەتیی ژنان لە یەک ساڵی ڕابردوودا کرد و بە ئاماژە بە دۆخی کۆرۆنا و پێویستی خۆپارێزی، ڕا و بۆچوونی ئەندامانی بۆ کاروچالاکی لە داهاتوو وەرگرت.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە خاتوو «موژگان عەلیپوور» سکرتێری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ئاوڕێکی لە دۆخی ژنان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایەوە و دواتر پڕژایە سەر کۆمەڵێک باس و بابەتی نێوخۆیی تەشکیلاتی بۆ بەردەوامی کار و تێکۆشان، ئەندامان ئەرکدار کران.

لە بەشی کۆتایی کۆبوونەوەکە بە هاوفکری و گفتوگۆی بەشە جیاوازەکانی یەکیەتیی ژنان و ڕا و بۆچوونی بەشداران کۆبوونەوەکە کۆتای هات.

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سۆران

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٧بەفرانباریٚ ١٤٠٠ی هەتاوی کۆبوونەوەی ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە سۆران لە بنکەی پێوەندییەکانی حیزب بەبەشداری زۆربەی ئەندامانی ئەو ناوچەیە بەڕێوەچوو، تەوەری باسەکە لەسەر ڕۆڵی ژن لە سێ قوناغی جیاوازی وەک کاتی دامەزرانی کۆماری کوردستان و بەهیمەتی پێشەوا و بەشداری ژنان لە سیاسەت ودامەزرانی یەکیەتیی لاوان، لە دوای شورشی ٥٧ بەتایبەت لەکونگرەی چوار و بەشداری ژنان لەگونگرە و هەلبژاردنی چەن ژن بەئەندامی ڕێبەری و دوبارە ڕوڵی ژن لە کایە سیاسییەکانی ئەوکات و بریاری بەجێی حیزب لەسەر چەند بابەتی گرینگ وەک ژن بەژن و گەورەبەبچوک و بەرخوین کە بەڕاستی نەخشی گرینگی هەبوو لەو سەردەمدا، لەسەر ئەو چەند بابەتە و بنبەرکردنی چەندین کاری ناشیرین کەلەکۆمەڵگەدا ژنی لەسەر دەچەوسایەوە، و هەروها ڕوڵی ژن لەقوناغی ئێستای خەبات و گرینگیدان بە بەشداری ژنان لە هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی سیاسی و هەروها چالاکی ژنان لەکایەی سیاسی قوناغی ئێستای خەباتمان شان بەشانی پیاوان بەکۆرگێری هاوڕێ عەلی دلسۆز، دواتربەخوێندنەوەی شیعریک لەلایەن عەلی دڵسۆز لەسەرژن و خوێندنەوەی هونراوەیەکی تر لەلایەن پێشمەرگە سامان کەریمییان کۆتای بەکۆبوونەوەکە هات.



# ئاڵبۆمێک لە هەڵبژاردەی وێنەی ڕێوڕەسمەکانی ٢٤ی ڕەشەمە



















# ئاڵبۆمێک لە هەڵبژاردەی وێنەی ڕێوڕەسمەکانی ٨ی مارس













# کردنەوەی پێشانگایەکی کاری دەستی خانمان لەلایەن ڕێکخراوەی ئۆسکار لە شاری کۆیە

سەر لەبەیانی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٠ ڕەشەمەی ١٤٠٠هەتاوی هەیئەتێکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان سەردانی پێشانگایەکی کاری دەستی ژنانی لە شاری کۆیە کرد کە ڕێکخراوەی ئۆسکار پێکی هێنابوو.

ئامانج لە پێکهێنانی ئەو پێشانگایە خستنە ڕووی توانایی هونەری و کاری دەستی ژنان بوو کە بۆ پێشوازی لە ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژنان پێکیان هێنابوو.













# WOMEN

**DEMOCRATIC WOMEN UNION OF KURDISTAN**

***Mars 2022***

